# زەینەب خان
# و
# چەند بیرەوەرییەك

# زەینەب خان
# و
# چەند بیرەوەرییەك

**عوسمان ڕەشاد موفتی**

**پێداچوونەوە**

**عەبدولخالق عەلائەدین**

● **زەینەب خان و چەند بیرەوەرییەك**

● عوسمان ڕەشاد موفتی

●پێداچوونەوە: عەبدولخالق عەلائەدین

● نەخشەسازی ناوەوە: گۆران ڕەواندزی

● نرخ: (٤٠٠٠ ) چوار هەزار دینار

● چاپی یەکەم : ٢٠٢٠

● تیراژ: ١٠٠٠ دانە

● چاپخانە: چاپخانەی ماد

● لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان / هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردن: (١٣٤) لەساڵی (٢٠٢٠)ی پێدراوە

**زنجیرە ١٠٤٠**

**پێشکەشە:**

**بە دایکم**

**مونیرە مەلا ڕەئوف مەلا خدر(خضـر)، کە لەگەڵ هەر هەناسـەیەکیدا ئاسۆیەکی نوێی لە هزرمدا کردووتەوە.**

**لەگەڵ هەر چۆڕە شیرێکی، خۆشەویستی و جوانیی پێ بەخشیوم.**

**دایکم.........**

**گەورەترین و بەنرخترین وڵاتمە**

**کە دایم سایە و سێبەری ئێمە بوو.**

**دایکم....**

**زەینەب خان......**

**قەت بۆن و بەرامەی باوەشی هەردووکیانم لە بیر ناچێتەوە،**

**چەند لە باوەشی دایکم بووم...**

**هێندەش لە باوەشی زەینەب خان بووم.**

## پێرست

پێشەکی.................................... ٩
بنەماڵەی سەعید ئاغای ئاڵ سەید ئەحمەدی.............. ١٥
بنەماڵەی زەینەب خان خادم سوجادە.................... ٢٧
پێوەندیی سەعید ئاغا بە بنەماڵەی زەینەب خان .......... ٣٣
زەواجی سەعید ئاغاو زەینەب خان........................ ٣٧
سەردانی ماڵی زەینەب خان.............................. ٤١
مەرگی دڵداری شاعیر.................................. ٤٥
منداڵەکانی سەعید ئاغا................................. ٥١
لەبارەی کەسایەتیی زەینەب خان.......................... ٥٧
بیرەوەریی ڕۆژانی نووسینەوەی مەولودنامە................ ٦٢
کۆکردنەوەی فۆلکلۆری کوردی............................ ٧٠
چەند گفتوگۆیەکی ئەدەبی................................ ٧٤
خزمایەتیی زەینەب خان و حاجی قادری کۆیی.............. ٨١
پێوەندیی بنەماڵەی خادم سوجادە و بنەماڵەی بەدرخانیان........ ٨٥
دانانی چاپخانە........................................ ٨٧
زەواجی دڵدار.......................................... ٩٢

چارەنووسێکی تاریك................................................ ٩٦
کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی یا کۆیسەنجەق............................ ١٠١
زەینەب خان و قەبرستانی گەورەی هەولێر(چراغ)......................... ١٠٥
زەینەب خان لە زاری بورهان جاهیدەوە..................................... ١١٠
مەرگی زەینەب خان................................................... ١١٥
دەستنووسەکانی دیوانی زەینەب خان...................................... ١١٨
سەردانی بەڕێز مام جەلال بۆ ئارامگەی زەینەب خان........................ ١٢٣
لە ماڵی زەینەب خاندا................................................ ١٢٦
بە کورتی لەبارەی دیوانی مەلا ڕەئوف خادم سوجادە......................... ١٢٨
بنەماڵەی خادم سوجادە لە کتێبێکی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس........ ١٣٠
بنەماڵەی خادم سوجادە لە سەرچاوەیەکی شێخ محەمەدی خاڵ ............ ١٣٧
کۆتایی.................................................................. ١٤١
وێنە.................................................................... ١٤٢

## بەرایی:

ئەو کتێبەی کاك عوسمان ڕەشاد مـوفتی لـە بنەڕەتـدا بـریتی بـوو، لـە دەفتەرێك کە ناوەڕۆکەکەی ناودارەکـانی قـەڵای هـەولێری گرتبـووە خـۆی، هەروەها بە زمانی عەرەبی بوو. پاش ئەوەی چـەند بڕگەیـەکی تایبـەت بـە زەینەب خان و ماڵی سەعید ئاغا لێ وەرگێڕدراوە، بەرە بەرە لەگەڵ کۆمەڵێ سەرچاوەی دیکە ئەو کتێبەی لێ دەرچووە.

بەشەکانی دیکە هەموو لە ئەرشیفی ماڵی ڕەشاد موفتی ئامـادەکراوە، کاك عوسمان چەند بەشێکی بە تۆمارکراوی لە شێوەی کاسێت هەبووە، دواتر تەفریغ کراوە و ئەوانەی زاکیرەی خۆشـی تـەریغ کـردووە و نووسـیوویەتەوە. لەگەڵ ئەوەی هەموو بەشەکانی بە نووسـین و لەسـەر کاغـەز بـووە، ئـەرکی داڕشتنەوە و پێداچووەنەوە و ڕێکخستنەوەی زمانە کوردییەکەی کەوتە سـەر بەندە. دواجار ئەو کتێبەی لێ دەرچوو، کە زانیاریی گـرینگ و پـڕ بایـەخی تێدایە، هیوادارم قەرزێکی بچووکی زەینەب خان و هاوسەرەکەی دابێتەوە.

عەبدولخالق عەلائەدین
هەولێر/٢٠٢٠

## پێشەکی:

هەر لە منداڵییەوە حەزم کردووە بیرەوەری و یادگاریی بنەماڵەکەمان و کەسانی ناسراو و دەوروبەری خۆمان بنووسمەوە، من لە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر و ئایینیی هەولێر، مەبەستم قەڵای هەولێر پەروەردە بووم، هەر لە زووەوە باوك و بنەماڵەمان سەروکاری لەگەڵ کتێب و ڕۆشنبیران هەبووە، لە هەمان کاتدا پێوەندیی پتەوی لەگەڵ کەسایەتییە گەورەکانی هەولێر هەبووە و پێوەندیی مەتینی لەگەڵیان بەستووە. وای کردووە خەڵکێکی زۆر و ناوداران بناسین. کاری بنەماڵەکان لە هەولێر و ئەو مەجلیسانەی لە دیوەخانی ئێمە هەبوو، کاریگەریی زۆری لەسەرمان هەبووە.

هەر لە زووەوە هەوڵم داوە وێنەیەکی گشتیی هەولێر و بەتایبەتی قەڵای هەولێر بخەمەڕوو، کە گومان لەوە نییە کەسایەتیی ناسراو و کاریگەرەکانی قەڵای هەولێر تۆڕی پێوەندیی کۆمەڵایەتی و بگرە سیاسیشیان پێکهێناوە. ئەو زانیارییانە لەبارەی بنەماڵەکانی قەڵاتی هەولێر دەمێك بوو لە مێشکم چڕۆی کردبوو، بۆ ئەوەی بیکەمە کتێبێکی سەربەخۆ، دواجار لە چەند سەرە

قەڵەمێکدا پێش راپەڕین کۆم کردەوە و پاش ڕاپەڕین هێواش هێواش دەستم بە نووسینی کرد، لە گەرمەی شەڕی ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان، خەریك بووم لەژێر سەردێڕی ناودارانێ لە قەڵاتی هەولێر (وجوه من القلعة) لە ساڵی ١٩٩٥ دەستم بە نووسینی کتێبێك کرد، سەرباری بەشەکانی دیکە، هەروەها ئەو بەشەی تایبەت بوو بە زەینەب خان (کچە کورد)، خوشکی گەورەی دڵداری شاعیر و کچی مەلا ڕەئوفی خادم سوجادە تەواو کرد، بەشی زۆری ئەو کتێبەم لەوێ وەرگرتووە، هەروەها هێندێکی تازەشم خستۆتەسەر، لەوانە ئەرشیف و نامیلکە و کاسێت و بابەتی دیکەی تێدایە.

لە کتێبی ناودرانێ لە قەڵات سەرەتا بە کورتی باسی قەڵاتی هەولێرم کردووە، بەتایبەتی گەڕەکە سەرەکییەکانی و دەرگەکانی و ئەو گۆڕانکارییانەی لە سەردەمی مندا بەسەر قەڵا هاتووە بە گشتی باس کردووە.

هەروەها باسی وەزعی کۆمەڵایەتیی ناو قەڵاتیم کردووە. قەڵات هەر وەك چۆن ناوەند و جەرگەی هەولێر بووە، لە ڕووی مەعنەویشەوە جێگەی خانەدان و پیاوانی ناسراو و خاوەنکار و گەورەکانی شاری هەولێر بووە.

زۆر گرنگیم بە ژیانی ئایینی و ڕۆشنبیری مزگەوتی گەورەی ناو قەڵا داوە، چونکە ئەو مزگەوتە پێش ئەوەی منارەی بانگ و پێنج فەرزەی نوێژ بێ، منارەی عیلم و ئەدەب بووە، حوجرەی خوێندن و ژووری حەواندنەوەی موستەعید و فەقێیان بووە، چەندەها عالیمی گەورەی نەك هەر شارەکە، بەڵکو ناوچەکەی لەخۆ گرتووە.

لە کتێبەکە لە چەند تەوەرێکەوە پێکهاتووە، تێدا باسی مزگەوتی گەورەی ناو قەڵام کردووە، سەرەتا لە خوێندن، بێگومان مەبەستم خوێندنی ئایینی، دەستپێکردووە، کە لەوێ چەندان مەلای گەورە و چەندان سەدە خزمەتی ئایینی ئیسلام و ڕۆشنبیری کردووە، دواتر باسم لەو کەسانە کردووە

که بەردەوام لە مزگەوت بوون یان موئەزین یا مودەڕیس بوون، بە شـێوەیەك لە شێوەکان خزمەتی مزگەوتیان کردووە. هەروەها لە تەوەرێکی دیکە باسی ئەو کەسانەم کردووە کە ناو بە ناو هاتوونەتە مزگەوت و یان بـە شـێوەیەکی دیکە بە مزگەوت بەستراونەتەوە، بەتایبەتی پیاوانی ئایینی وەکو مەلا و هی دیکە، دواتر باسی سەردانیکەرانی مزگەوت و دراوسێکانی مزگەوتی گەورەی قەڵاتم کردووە. مزگەوتی گەورە شوێنی کۆبوونەوە و پێگەیاندنی شـاعیران و ئەدیبان و ڕۆشـنفکرەکانی شـاری هـەولێر و دەوروبـەری بـووە، بەتایبـەتی مەجلیسی ڕۆژانەی محەمەد ئەفەندی موفتی و دواتر ڕەشـاد مـوفتی کـوڕی، هەورەها شوێنی خەباتی نهێنی و ژێرزەمینی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بووە، چـونکە لـەوێ بـۆ یەکـەم جـار بەیاننامـەی دامەزرانـدنی یـەکێتیی قوتابیانی کوردستان لەلایەن فازڵ سەعید ئاغا لە ماڵی خۆیان نووسـرایەوە. شایەنی گوتنە فازڵ کوڕە گەورەی زەینەب خانی شاعیری خوشـکی گـەورەی دڵداری کوڕی مەلا ڕەئوفی شاعیر بووە.

لەبەر ئەوەی من لەبارەی باوکم و باپیرانم و ئەجدادم نووسیوە، بە زنجـیرە حەڤدە پشتم بە درێژایی پێنج سەدە یاداشت کردوو و بۆ هەریەکیان بە جـودا دەفتەرێك یاخود کتێبۆکەیەکم تەرخان کردوو، دوای ئەوە بڕیارم دا بـاس لـە بنەماڵە و خانەدانانی دیکەی هەولێر بکەم. بەتایبەتی ئەوانەی خاوەن فکر و جولانەوەی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی و ئـایینی بـوون، لەوانـەش شـاعیران و ئەدیبان و هونەرمەندان و هی دیکە.

چەند بنەماڵەیەکی گرنگم لە نێو قەڵای هەولێر دەسنیشان کرد، سـەعید ئاغا کوڕی سەید عومەر ئاغای ئال سەید ئەحمەد ئاغـا ناسـراو بـە سـەید ئەحمەدی، بنەماڵەی نەقیب و گەورە ئەشرافی هەولێر، کە هاوسەری زەینـەب خان کچی مەلا ڕەئوف خادم سوجادە بوو لەگەڵ چـەند بنەماڵەیـەکی دیکـە هەڵبژارد. ئـەوە ئاشـکرایە خانـەوادەی زەینـەب خـان چـالاکیی ئـەدەبی و

سیاسیان زوو دەستی پێکردووە و لە سەرەتای سەدەی بیستەم تا شەستەکان گەشاوەتەوە، لەو قۆناغەدا زەینەب خان شیعری نووسیووە.
بنەماڵەی سەعید ئاغا زۆر لە ئێمەوە نزیك بوون، لەو سەردەمدا هاوتوچۆ و سەردانی خزم و جیرانان زۆر بووە، لەبەر ئەوە بەلای کەمی هەفتەی جارێك سەریان لە ئیمە داوە و هەواڵی یەکتریمان زانیووە.
لەمیانەی باسی بنەماڵەی سەعید ئاغا زیاتر تیشك دەخەمە سەر زەینەب خان، چونکە من تا حەڤدە ساڵی تەمەنم هاوژیانی ئەو خاتوونە شاعیرە بووم، لە بیرمە چەندان جار سەری لە ماڵی ئێمە داوە و هێندە ئاشنای ئێمە بووە و لەو وەزعەی ئەو کاتی هەولێر، جاری وابووە هەر خۆی تەنیا هاتووتە ماڵمان و دایکم و باوکم دیدار و گفتوگۆی لەگەڵ کردوون، من هەندێ لەو گفتوگۆ و پرسیارانەم لە بیر ماوە کە لێرەدا بە پێویستی دەزانم بینووسمەوە، تا بەشێك لە ژیانی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و تاڕادەیەك سیاسیی شاری هەولێر ون نەبێ.
ئەو ڕووداوانەی لێرەدا دەیان گێڕمەوە، یاخود دەیانووسمەوە، ڕاستە زۆربەیان لە یادەوەری و زاکیرەی منەوە سەرچاوەیان گرتووە، بەلام هەن ڕاستەوخۆ خۆم لەگەڵی دوواوم یان لەوێ بووم کە ڕووی داوە، هەن پێشتر ڕووی داوە و بۆ منیان گێڕاوەتەوە، یاخود لەسەر زاران هەبووە، هەروەها ئێستەش بەڵگە و ئەرشیفم لەبارەوە ماون.
گومان لەوە نییە کەسایەتیی زەینەب خان هەر تەنیا لە رووی ئەدەبی و شیعرەوە لە هەولێر گرنگی نەبووە، بەڵکو شاهێدی چەندان چالاکیی سیاسی و کۆمەلایەتیی سەردەمی خۆی بووە، بۆیە ڕووداوەکان زۆربەیان لە زاکیرەی منن، بەشێکیان خۆم دیومن، بەشێکیان بۆیان گێڕاومەتەوە.
دەتوانم ناوی ئەوانە بهێنم کە بە درێژایی تەمەنم دیومن و لێم بیستوون، لە پێش هەموویانەوە لە باوکم قازی ڕەشادە فەندی و مامم شەمسەدین

موفتی و وەجییەی مامۆژنم کە کچی کانیی شاعیر و خێزانی شـێخ فـەتاحی مامم بوو، هەروەها لە دایکم و بورهان جاهید و چەندانی دیکە.

هەروەها دەبێ ئیشارە بەوە بدەم خزمایەتیمان لەگەڵ مەلا ڕەئـوف خـادم سوجادەی باوکی زەینەب خان و دڵداری شاعیر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دایکـی مەلا ڕەئوف خادم سوجادە دەبێتە خوشکی مەلا عوسمانە فەندی باپیری قازی ڕەشادە فەندیی باوکم.

عوسمان ڕەشاد موفتی
هەولێر

## بنەماڵەی سەعید ئاغای ئال سەید ئەحمەدی

بنەماڵەی سەعید ئاغای سەید عومەر ئاغا ئال ئەحمەدی ئاغا یاخود سەید ئەحمەدی بنەماڵەیەکی عەریق و دێرینی شاری هەولێرە، کە لە مێژووی هەولێردا یەکەمین بنەماڵەی نەقیبی ئەشرافی هەولێر بوونە، چونکە لەو سەردەمەی ئەو بنەماڵەیە لە هەولێر بوو، زۆرترین ئاوەدانی لە قەڵای هەولێر بوونە، بۆیە مێژوویان بۆ سەردەمانێکی دێرین دەگەڕێتەوە، لەم رووە پێویستە مێژوونووسان بە تایبەتی مێژوونووسانی هەولێر لە سەردەمی عوسمانی زیاتر لەو بنەماڵەیە بکۆڵنەوە و باسی بکەن، چونکە پیاوانی ئەو بنەماڵەیە پێوەندیی پتەویان لەگەڵ کاربەدەستانی عوسمانی لە باب ئەلعالی (ئیستانبول) و خودی سوڵتانی عوسمانی هەبووە. لە هەولێریش کاربەدەست بوون و شارەوانیی هەولێر لە سەردەمی عوسمانی بە دەست وان بووە، رەنگە لە دوادواییەکاندا زیاتر مودیری بەلەدییەی هەولێر بوون، هەروەها لە هەولێر موستەنتیقی دەوڵەتی عوسمانی بوون. سەید عومەر ئاغا حاکم و سەرۆکی دادگەی هەولێر بوو. سەعید ئاغا کە دواتر دەبێتە هاوسەری زەینەب خان، یەکێ لە کەسایەتیی ناسراو و دیاری ئەو بنەماڵەیە بوو.

سەعید ئاغا کوڕی سەید عومەر ئاغای ئال سەید ئەحمەدی بوو، کە باپیرە گەورەیان ئیمام محەمەدە کەسایەتی و عەللامەیەکی کۆنی هەولێر بووە لە سەردەمی سوڵتان موزەففەر، وەك گوتم ئەوان بنەماڵەیەکی خاوەن زەوی (مالیکە) بوون و لە هەولێریش کاروباری بەرزی شارەوانی و ئیدارەیان لە

سەردەمی عوسمانی بەدەست بووە، سەعید ئاغا لە ساڵی (١٨٩٩ز) لـە قـەڵاتی هەولێر لە دایك بووە، ئەو ڕێکەوتەم لە ئاماری دانیشتووانی قەڵاتی هەولێر کـە لە ساڵی (١٩٢٢ز) کراوە، دیوە و بەڕێز تاریق جامباز لـە کتێبێکـی سـەربەخۆ بڵاوی کردووەتەوە. لەبەر ئەوەی ئەو بنەماڵەیە خانەدانی شاری هەولێر بوون، لـە ڕووی ئابوورییەوە بەگوێرەی سیستەمی ئەو سەردەم بە زەوییەوە بەسـترابوونەوە، خاوەن موڵکێکی زۆر بوون لە دەوروبەری هەولێر، بۆیـە بـەلای منـەوە لەقـەبی ئاغا لە موڵکدارییەوە بۆیان هاتووە. دەوڵەتی عوسمانی لەبەر ئـەوەی میراتگـری دەوڵەتی ئیسلامی بوو، هـەموو ئـەو خانـەدان و خـاوەن موڵکانـەی هاوکـاریی دەوڵەتەکەیان کردووە، پاداشتی کردوون، یاخود ئەوانەی خانەدان بوون لـە پێنـاو بەڕێوەبردنی دەوڵەت، موڵکی زیاتری داونەتێ. بێگومان سیستەمی دەوڵـەتیش لەسەر زەوی و ئیقتاعەکانی بەڕێوە چووە، گومان لـەوە نییـە دەشـتی هـەولێر، دەشتێکی دەوڵەمەند بووە، بەتایبەتی لە دانەوێڵە، سەرباری ئەوەی گوندی زۆری هەبووە، هەردوو زێی گەورە و گچکە بە باکوور و باشووری تێپەڕیوون.

هێندەی زانیاریم لەسەر باب و باپیرانی سەعید ئاغا هەیە، هەر لە قەدیمـەوە چـوار نازناویـان هـەبووە، (سـەید، ئاغـا، پاشـا، نـەقیب) دەزانم وەك هـەموو خانەدانەکانی سەردەمی عوسمانی، لەنێو قەڵای هەولێر خاوەن قەسر و کۆشـك و تەلاری خۆیان بوون، هـەروەها لـە دەرەوەی هـەولێر، زیـاتریش لـە دەوروبـەری هەولێر خاوەن زەوی و زاری زۆر بوون، پێم وانییە تا ئێستا دیراسـەیەکی قـووڵ و ورد لەسەر بارودۆخی هەولێر لە سەردەمەکانی کۆتایی عوسمانی کرابێ، ئەگەر نا دەبێ بـاس لـە ڕۆڵـی ئـەو بنەماڵەیـە لـە هـەولێر بکـرێ، کـە لەگـەڵ چـەند بنەماڵەیەکی دیکە تەئسیریان لەسەر وەزعی هەولێر هەبووە.

سەعید ئاغا کەسایەتییەکی گرنگی هەولێر بووە، یـەکێ لـە خانەدانـەکانی بووە، بە بەراورد لەگەڵ کەسایەتیی دیکە زیاتر بە بەرژەوەندیی زەوی و زاری لـە دەوروبەری هەولێر خەریك بووە، پێدەچێ زوو زوو سەری لە گوندی تیمـار دابـێ،

بۆیە لە دیوەخان و مەجلیسەکان و کـۆڕ و کۆبوونـەوەکان زۆر نـەبینراوە، بـەڵام لەگەڵ ئەمـەش لای خـەڵکی هـەولێر پیـاوێکی ناسـراو و خۆشەویسـت بـووە، پێوەندیی لەگەڵ زۆربەی خانەوادە و خێزانە ناسراوەکانی هەولێر باش بـووە. وەك دەرکەوتووە ئەو پێوەندییانە لە نێو ئێمە لەمێژە هـەبووە، بـە تایبـەتی لـە نێـو بنەماڵە و خانەوادەکانی قەڵای هەولێر.

گومان لەوە نییـە کۆمەڵگـەی هـەولێر وەك هـەر کۆمەڵگەیـەکی دیکـەی ڕۆژهەڵاتی بە پلەی یەکەم پشتی بە کشتوکاڵ بەستووە، هەرچەندە لە نێـو شـار چەندان پیشە و پیشەسازیی جودا جودا هەبوون، بەڵام بە پلەی یەك کۆمەڵگە بە کاری کشتوکاڵەوە بەسترابوونەوە، ڕوونیشـە لـە قەیسـەریی هـەولێرێ، چـەندان پیشەی وەكناڵبەند و صەفار و چەخماخچی و جامباز و دەباغ و ئاوچی و کـاری جەنجەڕ و ئاسن و ئەوەی پێوەندیی بە کشتوکاڵ هەیە ڕێکخرابوو. فـەلاح سـەری لە هەولێر دەدا تا دەغڵ و دان و ئەوەی هەیەتی یەکلا بکاتەوە، کەواتـە هـەولێر مەڵبەندێکی بازرگانیی شار و شارۆچکەکانی دەوروبـەری بـووە، لـەم ڕوانگـەوە سەعید ئاغا وەك کەسێکی خاوەن زەوی و زار بەردەوام ئاگەداری زەوییەکانی لـە گوندی تیمار بووە. تیمار کەوتبووە باشووری هەولێر لەسەر ڕێگـەی کـەرکووك، زەوییەکانی ئەوێ دەشتایی بەپیت و بەرەکەتن و بە پلەی یەکەم پشتیان بە باران بەستووە، وا مەزەندە دەکەم لە سەردەمی کۆتاییەکانی دەوڵەتی عوسمانی زەوی و زارێکی زۆریان لە دەوروبەری هەولێر هەبووبێ، چـونکە ئـەو بنەماڵەیـە لەگـەڵ هاتنی ئینگلیز بۆ عێراق لەبەر پێوەندیی سیاسیی تازە، ڕەنگـە وەزعیـان بـاش نەبووبێ، بەهەرحاڵ لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم ئەو بنەماڵەیە یـەکێ لـە گەورەترین مەلاکەکانی هەولێر بوون. سەعید ئاغا پشتاوپشت ئـەو زەوییانـەی بۆ مابۆوە، قەت هەستت نەدەکرد پیاوێکی ئاغا و خـاوەن موڵکـە، هەرچـەندە موڵکەکانیان بڕبڕەی ئـابووریی خانەوادەکـە بـوو، بـەڵام سـەعید ئاغـا لەگـەڵ جوتیارەکانی پیاوێکی نەرم و حەلیم بوو، بە توندوتیژی لەگەڵیان نەدەجولایەوە،

زوڵم و زۆرداریی پێ ناخۆش بوو، جوتیارەکانی هان دەدا لە هەر کوێ زوڵم هەبێ، ڕووبەڕووی ببنەوە. یارمەتیی هەژارانی دەدا و وەکو باوکێك هەڵسوکەوتی لەگەڵ جوتیارەکان دەکرد. هەوڵی ئەوەی دەدا منداڵەکانیان بنێرنە بەر خوێندن.

لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، زوو زوو سەعید ئاغام دەدی، ئەو کاتە ئێمە منداڵ بووین، لەبەر دەرگە و لە نێو کۆڵان گەمەمان دەکرد، گەلێ جاران تۆپانێمان دەکرد، دەمدی سەعید ئاغا بەوێدا تێدەپەڕی، پیاوێکی زۆر شیك بوو، جلوبەرگی ڕێك و پێك و ئوتووکراو بوو، پیاوێکی ئەنیق بوو، کە بەوێدا تێپەڕی ئەمن زۆر تەماشای ویم دەکرد و پێی موعجیب بووم، جل و بەرگی ئەو کات، بە تایبەتی خانەدانەکانی قەڵای هەولێر، وەك تەواوی عێراق بوو، هەموویان لەچاو جل و بەرگی مەلیك و دەرباری مەلەکییان دەکردەوە، دیاریشە مەلیك فەیسەڵ یەکەم سیدارەی لەسەرەوە، سەعاتە بە زنجیرەکەی لە گیرفانی چەپەی ناوە، چاکەت و پانتۆڵەکەی هێندە فش نییە و لەژێرەوەشە ئێلەگێکی لەبەر کردووە، سەعید ئاغا بەردەوام بەو شێوازە و جل و بەرگە دیوە و زۆر لە خۆی دەخەفت. ئەو کاتیش ئەو جلوبەرگە سەرباری ئەوەی تەعبیری لە خانەدانان دەکرد، هەروەها تەعبیری لە چینی ڕۆشنبیر و ڕۆشنفکرکی کۆمەڵگەی هەولێر بە تایبەتی و کوردی دەکرد.

سەعید ئاغا پیاوێکی ڕۆشنفکر و ڕۆشنبیر بوو، حەزی لە کتێب خوێندنەوە بوو، هەروها موتابەعەی هەواڵ و خەبەری کوردی دەکرد، دەتوانم بڵێم پیاوێکی ڕووناکبیر بوو، مامەڵەی لەگەڵ هاوڕێ و ڕەفیقەکانی زۆر خۆش بوو، بەردەوام لەگەڵ پێشکەوتنەکان بە تایبەتی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا ئاشنا بوو، بە تایبەتی لەو سەردەمانە ڕادیۆ و ئۆتۆمبێل و چەندان ئامێری دیکە لە شارەکانی عیراق و کوردستان بڵاوببوونەوە، ئەو مەراقی بوو زوو ئەو کەناڵانە بناسێ. بەردەوام سەفەری بەغدای دەکرد و دەیانگوت لوبنان و شام و میسر و ئیستانبول

و فەلەستین و وڵاتی ئینگلستانی دیوە. ئەو کات کەم کەس هەبوو، ئەوها ئەو وڵاتانەی دیتبێ.

لە نێوان ساڵانی (١٩٥٦) تاکو ساڵی وەفاتی سەعید ئاغا لە (١٩٦٤) بەردەوام دەمدی، بەوە ناسرابوو زۆر گرنگیی بە جل و بەرگ و شیاکەی خۆی دەدا و جلوبەرگی بە ئوتوی ڕەژوو دەق دەکرد، ڕۆژێ نەتدەدی جلوبەرگی ئوتو نەکرابێ، پیاوێکی باڵای ڕێك بوو، تارادەیەك بەرز و مامناوەندی بوو، لە چاوانی زیرەکی و لێزانیت دەخوێندەوە، پیاوێکی هێمن و لەسەرخۆ بوو، کەم دەدوا، بەڵام کاتێ دەدوا حەزت بە قسەکردنی بوو، ئەوەندەی ژیا پێم وایە لەززەتی لە ژیان وەرگرت وەك خانەدانانیش مرد. بە مردنی هەولێر و سلێمانی و زۆربەی عیراق تاسان، جاران وەك ئێستە نەبوو لە ماوەی مانگێك تازیە نەبڕایەوە.

باپیرە گەورەی بنەماڵەی سەعید ئاغا، ئیمام محەمەدە، کە کەسایەتێکی زۆر گرنگی هەبووە لە هەولێر و سەرتاسەری ناوچەکە، هەم سەید بووە و هەم عالمی زاهیر و باتن بووە، تەواوی هەولێر و سنوورەکە خەڵك لە گوێ و قسەی دەرنەچوون و بە گەورە و پێشەوای خۆیان قبوڵیان کردووە و کە ئێستە مەرقەدی موبارەکی هەر لەو گۆڕستانەیە کە بەناوی خۆیەتی و تەواوی مردووەکانی بنەماڵەی ئال سەید ئەحمەدی لەوێ نێژراون و هەتا لەبەر حورمەتی گەورەیی ئەو بنەماڵەیە زۆربەی خانەدانەکانی بنەماڵە گەورەکانی هەولێر لەو گۆڕستانە نێژراون. ئەم گومبەزەش لە سەردەمی خۆیدا لەلایەن سوڵتان موزەفەرەدین لە هەولێر بۆی دروستکراوە تا ساڵانی ڕابردووش خەڵك بۆ ڕاز و نیازی و نەخۆشی سەردانی ئەم زیارەتگە و مەقامە پیرۆزەیان دەکرد. وە لەلایەن دەسەڵاتی عوسمانییەوە مجێوری تایبەتییان بۆ ئەم مەرقەدە دانابوو و مەعاشی مانگانەیان بۆ بڕیبۆوە. تاکو خزمەتی مەرقەدی ئیمام محەمەد بکا و پێشوازیی ئەو خەڵکانە بکا، کە زیارەتی مەرقەد و ئەو زاتە پیرۆزە دەکەن. هەتا لەبەر پێگەی کۆمەڵایەتی و ئایینیی ئەم بنەماڵەیە سوڵتانەکانی عوسمانلی حورمەتێکی

تایبەتیان بۆ ئەم بنەماڵەیە دادەنا. بە تایبەتی سەید ئەحمەد باپیرە گەورەی ئەم بنەماڵەیە سولْتان ڕێزێکی تایبەتی دەگرت و چەندان جار وەکو سەید و کەسایەتییەکی ناودار دەعوەتی ئیستانبولی کردووە و دواتر جەنابی سەید ئەحمەد لە شاری هەولێر وەکو یەکەم کەس لەو شارە بە سەرۆکی نیقابەی ئەشراف (نقابة الإشراف) هەڵبژێردرا. هەر لە دوای ئەم پلە و پایە بەرزەی کۆمەڵایەتی، بە فەرمانی سولْتانی عوسمانی ڕوتبە و لەقەبی پاشای پێ درا و کرایە حاکمی کارگێڕیی هەولێر، ئەوەی کە لێی دەگێڕنەوە کەسێکی زۆر لە خواترس و حاکمێکی عادل بووە و حوکمی بە قورئان کردووە. و زانایەکی گەورەی زانستەکانی عەقڵی و نەقڵی بووە. لە هەمان کاتیشدا عارف و متەصەووف بووە. هەمیشەش خۆیان بە کورد و نەتەوەی کورد زانیووە و شانازیان بە کوردبوونی خۆیان دەکەن و نزیکەی هەزار ساڵە لە قەلاتن.

کاتێ سەید ئەحمەد ئاغا نەقیبی ئەشراف کۆچی دوایی کرد لەناو گومبەتی باپیرە گەورەی ئیمام سەید محەمەد نێژرا و نەقیبی دووەم واتە بۆ نەقیبی ئەشرافی هەولێر سەید محەمەد ئاغا داندرا، کە کوڕە گەورەی باوکی بوو، بە فەرمانی سولْتانی عوسمانی لە جێگەی باوکی داندرا و دەسەلاتی هەولێری گرتە دەست و کاروبار و حوکمڕانی شاری هەولێری گرتە دەست و لە دوای کۆچی دوایی ئەویش سەید مەجید ئاغا بووە سێیەم نەقیبی ئەشرافی هەولێر، برا بچووکی سەید محەمەد ئاغای نەقیب بوو. جگە لەم دەسەلاتەش بە فەرمانی سولْتان عەبدولمەجید بووە حاکمی سەربازیی هەولێر و دەوروبەری، سولْتان عەبدولمەجید لە ئیستانبول پێشوازی لێکرد و پلە و پایەی (سلطان البر)ی پێ داوە، شمشێرێکی تایبەتی خۆی پێ دا و نیشانەی (وسام المجیدیة)ی پێ بەخشی. ڕۆڵێکی کارای هەبووە لە پێشخستنی ئەوسای شاری هەولێر و چارەسەری کێشەی عەشایەری و پێشخستنی بواری کشتوکاڵی و بۆ یەکەم جار نەخۆشخانەیەك لە شاری هەولێر و لە قەلای هەولێر کردەوە، کە کارمەندەکانی تورك بوون لە ئیستانبول هێنابوونی.

له تەمەنی حەفتاوپێنج ساڵی کۆچی دوایی کرد و له گۆڕستانی باپیره گەورەی ئیمام سەید محەمەد نێژرا. له دوای سەید مەجید ئاغا، سەید عەبباس ئاغا جێگەی گرتەوه، که پیاوێکی به تەمەن و زانا و دیندار بووه و زۆربەی کێشەی خەڵك و عەشایەری چارەسەر کردووه و خزمەتی شاری هەولێری کردووه، بۆیه له (الصدر الأعظم) له (باب العالي) به فەرمانێکی (هەمایۆن) نیشانەی (وسام خادم الحرمين)ی پێ بەخشی. سەید عەباس ئاغا به نەخۆشی کتوپڕ کۆچی دوایی کردووه و له گۆڕستانی خانەوادەکەیان نێژراوه.

له دوای ئەویش سەید مەحموود ئاغای برای شوێنی گرتەوه له هەمان کاتدا ئەندامی کارگێریی هەولێر بوو، کەسێکی دیندار و خواناس بوو، قوتابخانەیەکی ئایینی له گەڕەکی عەرەب دروست کرد، یەکێك بوو له مەدرەسه گرنگەکانی ئایینی لەناو شاری هەولێر که مەرکەزێکی گرنگی دینی و ڕۆشنبیریی ئەو سەردەمه بووه، ئەو مەدرەسەیه به مەدرەسەی پاشا ناسراوه، سوڵتان عەبدولحەمید زۆری ڕێز لێ گرتووه و له دوای وەفاتی سەید مەحموود پاشا، سەید عەبدوڵڵا پاشای برازای دەبێته نەقیبی ئەشرافی هەولێر و لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم مۆری محەمەد نوورەدین ئەلنەقیبی هەموو مەمالیکی عوسمانی پێ دەسپێردرێت، ویسامی مەجیدی یەکەم و دووەم و سێیەمی پیاوماقوڵانی پێ دەبەخشرێت. سەید عەبدوڵڵا پاشای نەقیب دووجاران دەکرێته سەرۆکی شارەوانیی هەولێر، جارێکیان (١٩٠٤- ١٩٠٧) و جارێکیان له (١٩١٣- ١٩١٨) له سەردەمی ئەو زاته باشترین خزمەتی به هەولێر گەیاند و بۆ یەکەمین جار له مێژووی هەولێر دوو شەقامی دروست کرد بۆ شاری هەولێر، شەقامی یەکەم سەرا. شەقامی دووەم شەقامی سوڵتان موزەفەر، که هەردوو ناویش خۆی هەڵی بژاردبوون، هەروەها چارەسەری دیاردەی کەم ئاوی کردووه، ئەویش به دروستکردنی حەوزێکی گەوره له نزیك مزگەوتی ئاڵتی بەرماغ به بۆڕی دروستکراو له قوڕی سوورکراوه، ئاوی حەوزەکەی بۆ یەکەم جار له هەولێر

بە بۆڕی سوورکراوە گەیاندە ماڵەکان. مامۆستا نەژاد بەرزنجیش لە گۆڤاری بارش ئاماژەی پێ داوە، لە ساڵی (١٩١٣ز) سەید عەبدوڵڵا پاشای عەباس ئاغای سەید ئەحمەدی, پردێکی لە سێتاقان دروستکرد حەوزێکی گەورەی لەسەر سێ تاق داندرا بوو لەسەر بەستی ئێستە شوێنی سێ تاقەکە بۆتە گەڕەکی سێتاقان، کە ئەمەش لەلایەن سەید عەبدوڵڵا پاشاوە بوو، خەڵکی هەولێر سوودیان لە ئاوەکە دەبینی و مەسروعی بنیاتنانی شارەوانیی شاری هەولێر داندرا هەر لە سەرەتای دروستبوونی شارەوانیی هەولێر لە ساڵی (١٨٨٥ز تا ١٩٢١ز) دادەندرێت.

کاتێك کە حاکمی ئینگلیز بۆ یەکەمجار دێتە هەولێر و سەرجەم پیاوماقوڵان و کەسە بەناوبانگەکان دەعوەت دەکات و دەڵێ کێ ماوە، کە ئینکاری هاتنی ئەو دەعوەتەی ئێمەی کردووە، ئەوانیش دەڵێن: سەید عەبدوڵڵا پاشای نەقیبی ئەشرافی هەولێر، حاکمی ئینگلیزیش دەڵێت دەبێ من بچمە خزمەت ئەو پیاوە گەورەی شاری هەولێر کە دیارە پیاوێکی خانەدان و گرنگە. بۆ بەیانی خۆی دەچێتە دیوەخانەکەی، هەروەها کاپتن های لە کتێبەکەیدا دوو ساڵ لە کوردستان(سنتان في كوردستان) لە وەصفی سەید عەبدوڵڵا پاشای ئال سەید ئەحمەدی نەقیبی ئەشرافی هەولێردا دەڵێت: سەید عەبدوڵڵا پاشا، کە پێشەوایەکی پیری پایەدار و مەزنە لە شار، هەروەها لە دەرەوە بە سواری ماینێکی سووریاوی نایاب دەبیندرێ.

هەروەها سەید عومەر ئاغا سەید ئەحمەدی کە برای سەید عەبدوڵڵا پاشا بووەو ماوەیەك قایماقامی هەولێر بووە سەر بە ویلایەتی موسڵ و دواتر دەکرێتە بەرپرسی یەکەمی هەولێر و حوکمڕانی هەولێری کردووە و هەروەها بووەتە موستەنتیقی گشتی(المستنطق العام)ی هەولێر، (ویسامی خادم الحرمین) پێ بەخشراوە و لە (الصدر الاعظم) لە (باب العالي) بە فەرمانی (هەمایۆن) ئەم پلە و پایانە بە چەند کەسایەتییەکی ئەم بنەماڵەیە دراوە.

سەید عومەر ئاغا زۆر شارەزابووە لە زانستەکانی شەرعی و خوێندەوارێکی بە قابیلیەت بووە و جگە لە زمانی دایك کە کوردی بووە، زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی زۆر بە باشی زانیووە و چەند دەستنووسێکی هەبووە، بەلاّم بەداخەوە هەموویان لەناو چوون و نەماون.

لەبەر زیرەکی و لێهاتوویی کەسایەتییەکی بەناوبانگی هەبووە لەسەر ئاستی ناوچەکە. خەڵکی هەولێر زۆریان خۆش ویستووە لەبەر عەدالەتی. سەید عومەر ئاغا ئال سەید ئەحمەدی لە سەردەمی حوکمڕانی خۆی لە هەولێر لیژنەیەکی پێکهێناوە، لیژنەکە بێلایەن بووە و هیچ ئیلتیزامێکی حکومییان نەبووە و بریتی بوونە لە ئەنجوومەنێکی سەربەخۆ. پێکهاتووە لەسەر ئەساسی ئەوەی شەخسیەتێکی بەهێزیان هەبووە یا ڕیش سپی و پیاوماقوڵ و کەسایەتی بەهێزبونە و پێکهاتبوون لە ئیسلام و مەسیحی و جولەکە، واتە فرە ئایین و نەتەوە، هەروا کەمایەتییەکان، بۆیە لە ناویاندا مەلا و ماڵم و قەشە و پیاوماقوڵ هەبوون حکوومەت سەرنج و پێشنیازی وانی وەردەگرت.

ئەوانە بووە گرینگیدان بە خوێندەواری، ڕێزگرتن لە هەموو ئایین و مەزهەبێك، قەدەغە بوو خشتی خانووی کۆن بۆ دروستکردنی خانووی نوێ بەکاربێت. نابێ تەجاوز بکرێتە سەر گۆڕستانە کۆنەکان. حکوومەت لە زەکاتی خەڵك دەبێ یارمەتیی خەڵکی بێلانە و بێکەس و هەژار و پیر و نەخۆشەکان بدات، ڕاوکردنی مامز و باز قەدەغەیە، زۆر خاڵی دیکەش لەو بارەوە تێدا بوو..

وەکو باسی ئیمام محەمەدمان کرد کە باپیرە گەورەی ئەم بنەماڵەیە بووە و زانایەکی گەورەی ئایینی بووە و چەندان نازناوی گەورەی ئایینی هەبووە وەکو عارف بیللا و حوججەت ئیسلام. هەروەها ئیرشادی تەریقە بووە و تابعێکی زۆری هەبووە و بۆ یەکەم جار لەسەر دەستی ئەو زاتە پیرۆزە زیاتر لە حەفت سەد ساڵ لەمەوبەر تەریقەتی (تەصەووف) هاتۆتە قەڵاتی هەولێر.

پێویسته ئیشاره بەوە بکەین سەید محەمەد نەقیب کوڕی سەید عەبدوڵڵا پاشای مامی سەعید ئاغا، سەید محەمەد نەقیب دەبووە ئامۆزای سەعید ئاغا لە ساڵی (١٩١٨) لە قەڵای هەولێر لەدایك بووە و جێنیشنی سەید عەبدوڵڵای پاشای باوکی بووە وەکو نەقیبی ئەشرافی هەولێر و لە ساڵی (١٩٢١) تا (١٩٥٨) لەلایەن مەلیکی عیراق و گەورە بەرپرسانی عیراق بە گەورە و نەقیبی هەولێریان دادەنا و کاتێك تەمەنی گەیشتە هەژدە ساڵان لەلایەن پاشای عیراق وەصی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بۆ چەند جارێك بە نائیبی هەولێریان هەڵبژارد.

هەڵوێستی جوامێرانەی بنەماڵەی سەعید ئاغای سەید عومەر ئاغای ئال سەید ئەحمەدی، ئەوەیە، کاتێ لە ساڵی (١٩١٤) لە موسڵ بەر لە سێدارەدانی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی، سەید عەبدوڵڵا پاشا نەقیبی ئەشرافی هەولێر چووەتە لای سلێمان نەزیفی والی موسڵ بۆ ئەوەی پەشیمانی بکاتەوە، بەڵام سلێمان نەزیفی قسەی سەید عەبدوڵڵا پاشا دەشکێنێ و لە سێدارەی دەدات، سەید عەبدوڵڵا پاشای نەقیب تا لە ژیاندا بوو پێوەندیی لەگەڵ والی موسڵ پچڕاند و لەگەڵی ئاشت نەبۆوە. لە هەڵوێستێکی دیکەدا مێژوونووس عەباس عەزاوی لە کتێبی (تأريخ اربيل)دا دەڵێت: کاتێ چوار ئەفسەرەکەی شەهیدی کوردستان (خەیروڵڵا عەبدولکەریم و عزەت عەبدولعەزیز و مستەفا خۆشناو و محەمەد مەحموود قودسی) بڕیاری ئیعدامیان لەلایەن وەصییەوە بۆ دەرچوو. سەید محەمەد ئاغای نەقیب نائیبی هەولێر بووە لە ساڵی (١٩٤٧) دەچێتە زیارەتی وەصی و تکای لێ دەکات کە ئەو چوار ئەفسەرە عەفوو بکات. وەصی دەڵێ: ناتوانم عەفوویان بکەم، بە وەصی دەڵێت ئەگەر عەفوویان نەکەیت من موقیف وەردەگرم، بەیانی لە سێدارە دەدرێن لە دوای لە سێدارەدانیان سەید محەمەد ئاغا نەقیب ئیستقالە دەدات و سەبەبی ئیستیقالەکەش دەنووسێت.

ئەمەش هەڵوێستێکی نیشتمانی و کوردانەیە، کە عەرەبێکی وەکو عەباس عەزاوی نووسیویەتی و تۆماری کردووە.

سەید عومەر ئاغای سەید ئەحمەدی سێ کوڕ و کچێکی هەبوون، بەم ناوانە سەید عوسمان، سەید زێوەر ئاغا، سەید سەعید ئاغا، سەید بەهیە خان.

یەکێك لەو کوڕانە کە مەبەستی ئێمەیە ئەویش سەعید ئاغا بوو، هاوسەری زەینەب خان خادم سوجادە. واتە زاوای مەلا ڕەئوفە فەندیی خادم سوجادە، سەعید ئاغا پیاوێکی بەڕێز و ناودار و بە ویقار بوو، کەسایەتییەکی دیاری کۆمەڵایەتی شاری هەولێر بوو، بەهۆی بنەماڵەی مەلا ڕەئوفە فەندیی خادم سوجادە، لە حزبی دارکەر و هیوادا ڕۆڵی گرنگی هەبووە، زۆر پاڵپشتی لە دلّداری شاعیر کردووە. لە دوای مردنی مەلا ڕەئوف لە ساڵی (١٩٤٣) زۆربەی کاتەکان زەهوە خانی دایکی دلّدار تا مردنی لەوێ ژیاوە و منداڵەکانی سەعدی و ئاسەفی بەخێوکردووە. سەعید ئاغا تەنیا چوار کوڕی هەبووە، کوڕی گەورەی عەونی لە تەمەنێکی بەر لە هەرزەکاری وەفاتی کردووە و کوڕەکانی دیکەی (فازڵ و ڕەمزی و غازی). فازڵ حقووقی بەغدای تەواوکردووە و کەسێکی ڕۆشنبیر و خوێندەوار و ڕووناکبیر و کوردپەروەر بووە و ئەندامی دەستەی دامەزرێنەرانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووە و لەگەڵ مام جەلال تاڵەبانی و شەمسەدین موفتی و چەندان کەسی دیکە لە ماڵی فازڵ بەیاننامەی یەکێتی قوتابیان بە دەستی فازڵ نووسراوە.

فازڵ نزیکیەکی زۆری هەبووە لەگەڵ ڕەحمەتی مەلا مستەفای بارزانی و هەمزە عەبدوڵڵا و عەلی عەبدوڵڵا و حەبیب فەیلی و مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و شەمسەدین موفتی و عومەر دەبابە و یەدوڵڵا فەیلی و هتد... پاش دەرچوونی بەیاننامەی یازدەی ئازاری (١٩٧٠) فازڵ سەعید ئاغا، بارزانی رەحمەتی ڕای دەسپێرێت لەگەڵ بەڕێزان عەزیزی شێخ ڕەزا و مام جەلال تاڵەبانی بڕۆنە لوبنان بە نوێنەرایەتی بارزانی و کورد، فازڵ نەخۆش دەکەوێت و دواتر لەو شوێنانە

بووەتە بەڕێوەبەری ناحیە لە سەنگەسەر، هەورامان، سیروان، ماوەیەکی کورتیش هەر لەو کاتە دەبێتە قایمقامی هەڵەبجە. دواتر لـە سـاڵی (١٩٧٤) لـە تەمـەنی کەمتر لە سی و دوو ساڵی وەفاتی کردووە.

ڕەمـزی سـەعید ئاغـا، کۆلیـژی ئەنـدازیاری کشـتوکاڵی تـەواو کـردووە و کەسـێکی ڕوونـاکبیر و کوردپـەروەر بـووە و لـە شۆڕشـی ئـەیلوول بەرپرسـی ڕێکخستنەکانی شاری هەولێر و دەوروبەری بووە و لەو کاتـە کـە شەمسـەددین موفتی بەرپرسی لقی هەولێری پارتی بووە. لە ماوەی ژیانیدا ڕەمـزی سـێ جـار لەلایەن ڕژێم بەندکراوە و لە وەزیفە دوورخراوەتەوە و ئەشکەنجە و ئازار دراوە، تـا مردنیش هەر کەسێکی نیشتمانپەروەر و کوردپەروەر بوو. دۆستایەتیی بـەهێزی لەگەڵ ڕەحمەتی مەلا مسـتەفای بـارزانی و مـام جـەلال و مامۆسـتا ئیـبراهیم ئەحمەد و مەسعود محەمەد و لوقمان بارزانی و گۆران و هێمن و هەژار و محەمـەد مولود مەم و جەمال نەبەز و شەمسەدین موفتی و نەجمەدین مـوفتی و چـەندان کەسایەتیی دیکەی سیاسی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتیی هەبوو.

گوندی تیماری باشووری هەولێر گوندی سەعید ئاغای باوکی بوو بـە مـیرات بۆی بەجێ مابوو لە کۆتایی ژیانی خەریکی کشـتوکاڵی بـوو هـەر لـە هـەولێر نیشتەجێ بوو تا ساڵی (٢٠١٣) وەفاتی کرد.

وەك ئیلتزامێکـی ویـژدانی و ئـەخلاقی بـە پێویسـتم زانـی لـەبارەی ئـەو بنەماڵەیەوە ئەوەندەی دەزانم بنووسم، بەتایبەتی ئەوەی بە چاوی خۆم دیوومـە و لە باوك و دایك و ئەوانی دیکەوە بیستوومە.

## بنەماڵەی زەینەب خان خادم سوجادە

زەینەب خان کە بە خوشکی گەورەی دڵداری شاعیر ناسراوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەندامانی بنەماڵەکەی لە کار و چالاکیی ساسیی و ئەدەبی لە دڵدار کەمتر نەبوون، کەچی ڕێکەوت و هەندێ هۆکاری دیکە وای کردووە لە گۆڕەپانی ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردی نەکەونە بەرچاو. هەتا ئەوە زەینەب خانیشی گرتووەتەوە.

بنەماڵەی خادم سوجادە، بنەماڵەیەکی ناسراوی شاری کۆیە بووە، کۆیە یاخود شاری کۆیسەنجەق مەرکەزی شارەکە بووە، بگرە مەرکەزێکی گرینگی دەوروبەری کۆیەش بووە. هەر لەبەر ئەوەشە دەرکەوتووە شاری کۆیە، جێگەی ڕووناکبیر و ڕۆشنبیرانی گەورەی وەك حاجی قادری کۆیی و قاصد و ئەختەر و مەلای گەورە و حوسێنی بەرزنجی و عەونی و هی دیکە بووە، وەك باسیان کردووە، لە ناو شاری کۆیە و دەوروبەری ماڵ و موڵکیان هەبووە، لەبەر ئەوەی پشتاوپشت خاوەن عیلم و پێگەی بەهێزی کۆمەڵایەتی و قۆناغ بوونە، لە سەردەمی خۆی هەتا عوسمانییەکان، سوڵتانی عوسمانی ڕێزیان گرتوون.

باوکی زەینەب خان، مەلا ڕەئوفی کوڕی مەلا مەحموودی خادم سوجادە، لە دوا چارەگی سەدەی نۆزدەی زایینی لە دایك بووە، بەردەوام هاموشۆی

بەغـدا و ئیسـتانبولی کـردووە، زمانـەکانی تـورکی و عـەرەبی و فارسـی ئینگلیزی و فەرەنسی هەم زانیوە و قسەی پێ کردووە، مەلا رەئـوف بـاوکی دڵدار بە وردی ئاگاداری بزاف و ڕێکخستنەکانی کوردی و ڕاپەڕینەکان بووە و منداڵەکانیشی لەسەر بیری ڕووناکبیری و کوردایەتی پەروەردە کردووە.

مەلا ڕەئوف لـە بنەماڵەیـەکی ڕوونـاکبیر و ڕۆشـنبیر سـەری هەڵـداوە، پێوەندیی لەگەڵ گەلێ لە ڕووناکبیران و سیاسەتمەدارانی ئەو سەردەمی کورد هەبووە، زەهوەخان خێزانی مەلا ڕەئوف کچی خورشیدە فەندییە و خورشـیدە فەندی ئامۆزای حـاجی قـادری کۆییـە، کەواتـە دایکـی زەینـەب خـان لـە بنەماڵەی حاجی قادری کۆییە. جێگەی باسـە قەبرسـتانی بنەماڵـەی خـادم سوجادە و حاجی قادری کۆیی لە شاری کۆیـە، یـەك قەبرسـتانە، هـەروەها مەحموودە فەندیی باوکی مەلا ڕەئـوفیش، دایکیـان دەبێتـە خوشـك لەگـەڵ حاجی قادری کۆیی.

لە ڕاستیدا ئێمە پێوەندیی بنەماڵەی خادم سوجادە و دەسەڵاتی عوسمانی بە هۆی بەرماڵی حـەزرەتی محەمـەد(د)و، کـە هەدییـەی خەلیفـەی سـێیەم عوسمان کوڕی عەففانی کردبوو، لای بنەماڵەکە پشاوپشـت بۆیـان مـابووە. بەڵام لە نێو کوردان بە تایبەتی شاری کۆیە، ئەو بنەماڵەیـە هـەم لـە ڕووی دینی و هەم لە رووی کۆمەڵایەتی خاوەنی پێگە و مـەقامێکی بـەرز بـوون، هەروەها لە ڕووی ئابووریشەوە مـادام خـاوەنی زەوی و زاری زۆر بـوون، بـە تایبەتی لـە گونـد، بۆیـە خانەوادەیـەکی مالیکـە بـوون، پێوەنـدییان بـە کۆمەڵگـەی دەرەبـەگی (اقطـاعي) بەسـترابۆوە و دیاریشـە لـە دەسـەڵاتی ناوخۆیی، مەبەستم شاری کۆیە، جێگە و پێگەیان بەرزبووە.

مەلا ڕەئوف خوێندەوارێکی سەردەمی خۆی بوو، وەك هەموو ڕووناکبیران و ڕۆشنبیران سەرەتا لە حوجرە خوێندوویەتی، کە گومـان لـە ئـارادا نییـە، دواتر وەك دەرکەوتووە بۆ خوێندنی حقوق ڕووی لە بابی عالی واتە ئیستانبول

کـردووە، لـەو کاتەشـدا ئیسـتانبول مەرکـەزێکی گرنگـی ڕوونـاکبیری و ڕۆشـنگەریی جیهـانی ئیسـلامی بـوو. زۆربـەی ڕۆشـنبیران و هـەتا سیاسەتمەدارانی کوردیش لەوێ کۆببوونەوە. لێرەدا بە پێویستی دەزانین بڵـێین ئەو هەمان ڕێچکەی حاجی قادری کـۆیی گرتۆتەبـەر، ڕووی لـە ئیسـتانبول کردووە بۆ ئەوەی زانست و زانیاری و بیری کوردایەتی بۆ نەتەوەکـەی بهـێنی کە پێشتر لە شۆڕشی فەڕەنسییەوە سەرچاوەی گرتبوو.

گومان لەوە نییە مەلا ڕەئوف زۆر لە نزیکەوە ئاگـاداری حـاجی قـادری کۆیی و شیعرەکانی بووە، بۆیە ئەو فکـرەی حـاجی قـادری کـۆیی لـەبارەی نەتەوەیی کوردی بڵاوکردووەتەوە، راستەوخۆ تەئسیری لەسـەر مـەلا ڕەئـوف هەبووە، نەك لەبەر ئەوەی هەردووکیان ڕوویان لە ئیستانبول کردووە، بـەڵکو مەلا ڕەئوف بە تەواوی ئاگاداری چالاکی و بزووتنەوەیی ئایینی و سیاسـی و ڕووناکبیری کوردان لەو سەردەم بووە، سەرەڕای ئەوەی هەردوو بنەماڵە خزمی یەك بوون.

بێگومان شاری بەغدا مەڵبەندێکی دیکەی گرنگی ئـەو سـەردەم بـووە، چونکە بە شێوەیەکی گشتی لە ناوچەی کوردان زۆر نزیك بووە، بگـرە گـەلێ جاران کورد لە رووی سیاسیشەوە لە بەغدا خاوەنی پێگە و دەسەڵات بـووە، بۆیە قوتابخانە و سەنتەرەکانی ڕووناکبیری بۆ کـورد گـرنگ بـوون و کـوردان لەوێ ئەسپی خۆیان تاو داوە و مەلا ڕەئوف لەوێش پێوەنـدیی باشـی لەگـەڵ سیاسەتمەدار و رووناکبیران هەبووە، پاش ئەوەی لـە سـاڵی (١٩١٩) شـاری هەولێر بووە مەرکەزی پارێزگای هەولێر، شاری کۆیە بووە سەر بـە هـەولێر، مەلا ڕەئوف هەم لە هەولێر بـووە و هـەم لـە کۆیـە و هـەروەها سـەری لـە بەغداش داوە، پێوەندیی لەگـەڵ بنەماڵـەی ئێمـە زۆر خـۆش بـوو، زوو زوو سەری لە مەجلیسەکانی ئێمە دەدا، پێوەندیی پتەوی لەگەڵ بنەماڵەی مـەلا فەندی هەبوو، کە خاڵۆزا و پوورزای یەکتر بوون لەگەڵ مەلا فەندی و محەمەد

موفتیی باپیرم. هەروا زۆر برادەر بوون، هەتا زۆر جاران کە شەخسیات بەر لەوەی سەردانی قەسری مەلا فەندی بکەن، وەکو کەسایەتیی گەورەی دینی و کەسایەتیی سیاسیی عیراق مەلا ڕەئوف ئاگەدار دەکرایەوە و لەوێ حازر دەبوو، زۆر جاریش لەگەڵ جەنابی مەلای گەورە دەهاتن، باوکم زۆر جار قسە و بەسەرهاتە خۆشەکانی مەلا ڕەئوفی دەگێڕایەوە، لەناو بنەماڵەی ئێمە بە ماڵی مەلافەندیشەوە مەلا ڕەئوفەفەندییان بە کاك ڕەئوف بانگ دەکرد و ناویان دەهێنا، خوالێخۆشبوو قازی ڕەشادە فەندیی باوکم بە مەجلیس لە دیوەخانی خۆمان لە باسی مەلا ڕەئوف دەیگوت: هیچ کەس ئەوەندە ناتق نەبووە، ئەوەندی پڕ عیلم و مەعلومات نەبووە، ئەکبەر واحیدی ڕادەگرت. قسەی لەسەر قسەی هەموو کەس بووە، بە شێخ و مەلا و عولەما و شوعەرا و ئودەبا.

مەلا ڕەئوف یەکێکە لە شاعیرە بەتواناکانی کورد و دەستنووسی بەرێزیان تا ئێستە لە کتێبخانەی بنەماڵەکەمان پارێزراوە و لەگەڵ دەستنووسەکانی مەلا محەمەدی باپیرم. هەوڵی جدی دەدەین ئەم دیوانە دەستنووسەی مەلا ڕەئوفە فەندی بە چاپ بگەیەنین، هەرچەندە چەندان دەستنووسی زۆر گرینگ چ هی باپیرم و باوکم و بنەماڵەکەمان و مەلا ڕەئوفی خادم سوجادە تا ئێستە چاپ نەکراوە و کەمتەرخەم بووین لە چاپکردنیان، وەکو چەندان دەستنووسی دیکەی ئەم کوردستانە. کە ڕەنگە لە زۆر شوێن هەبن و چاپ نەکرابن، بەڵام جیاوازیی ئێمە ئەوەیە بە ئەمانەتەوە وەکو خۆی پاراستوومانە و سوپاس بۆ خوا.

مەلا ڕەئوف کەسایەتییەکی بەهێزی هەبوو، پێوەندیی کۆمەڵایەتیی بەهێزی لەگەڵ بنەماڵە و خانەدانەکانی کۆیە و ڕانیە و هەولێر و بەغدا و ئیستانبول و هەڵەبجە و سلێمانی و شارانی دیکە هەبوو، ڕەنگە زیاتر بگەڕێین و بتوانن وردتر لەبارەی کەسایەتیی کۆمەڵایەتیی و سیاسی مەلا ڕەئوف

بنووسین. بەڵام بەداخەوە، کە سەرچاوە لەبارەی ئەو زاتە کەمە و یان لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە، بۆیە حەقی خوراوە.

لە ڕووی فکری نەتەوەییەوە مەلا ڕەئوف لە بیری نەتەوەیی حاجی قادری کۆییەوە سەرچاوەی گرتبوو، گومان لەوە نییە چالاکی و بیری مەلا ڕەئوف و منداڵەکانی دیکەی دیار بووە، بەداخەوە تا ئێستە دیراسەی ئەو تەئسیرەش نەکراوە. لەبەر ئەوە هەوێنی شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی تەواو بەسەر مەلا ڕەئوف دیارە، لەلایەکی دیکەوە وەك ڕووناکبیرێك گەلێ لە سیاسەتمەدار و رووناکبیرانی کوردی لە ئەستەمبۆڵ و بەغدا و سلێمانی دیوە، نەخاسمە مەلا ڕەئوف شاهێدی ڕووداوەکانی سەردەمی مەلیك مەحموود بووە لە شاری سلێمانی.

مەلا ڕەئوف لە رووی ڕۆشنبیرییەوە هەم لە حوجرەی خوێندبوو، هەروەها حقوقی لە ئیستانبول خوێندبوو، بۆیە هەم زانیاریی تەواو لە شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام هەبوو، هەروەها زانیاریی لەسەر قانوونەکانی جیهان بەتایبەتی قانوونی مەدەنی فەڕەنسی هەبوو، خاوەن کتێبخانەیەکی دەوڵەمەند بە کتێبی هەردوو بواری دینی وحقوقی بوو.

لە ڕاستیدا کەسایەتیی ئەدەبیی مەلا ڕەئوف زۆر هەڵدەگرێ باسی بکرێ، مەبەستمان لەوەیە نەك ئەو ئەدەبیاتی خوێندووە، بەڵکو هەوڵی جیدی لەو بارەوە هەیە، ڕەنگە تا ئێستە لە گۆڕەپانی ئەدەبی کوردی وەکو شاعیرێك باس لە باوکی دڵدار نەکراوە، بەڵام بۆ مێژوو دەڵێم مەلا ڕەئوف شاعیرێکی گەورەی سەردەمی خۆی بووە و ئەسپی خۆی لە شیعر تاوداوە، ئەگەر باسی سەردەمی وی بکەین، لە کۆتاییەکانی تین و تاوی شیعری کلاسیکی لە کوردستان دەستی بە شیعر نووسین کردووە، بە تەواوی ئاگاداری ئەدەبی کوردی بووە و پێوەندیی قووڵی بە ڕووناکبیران و شاعیران و ڕۆشنبیرانی کورد

لە باشووری کوردستان هەبووە، بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و تـورکی و فارسی شیعری نوسیووە.

مەلا ڕەئوف لە کۆتاییەکانی سەدەی نـۆزدە زەهـوە خـانی هێنـاوە، کـە ئەویش کچی خورشیدە فەندییە لە بنەماڵەیەکی گەورەی شاری کۆیـە بـووە، خورشیدە فەندی ئامۆزای حـاجی قـادری کۆییـە، زەهـوە خـان ئـافرەتێکی تێگەیشتوو بووە، لەو پێوەندییە خێزانییە کۆمەڵێ منداڵی بەهرەمەندی لـێ کەوتووەتەوە، مەلا ڕەئوف منداڵەکانی لە چالاکی سیاسی و کۆمەڵایـەتی و ئەدەبی سەردەستەی چالاکخواز و سیاسەتمەداران بوون، یونس دڵداری کـوڕی خاوەنی شیعری ئەی ڕەقیب، چالاکی و بزافی سیاسی و ئـەدەبی لـە نیـوەی یەکەمی سەدەی بیستەم تەئسیری لە گۆڕەپانەکە کردووە، هەروەها سەعدیی بـرای حقـوقی تـەواو کـردووە و ئەنـدامی خۆیبـوون بـووە و دەسـتەی دامەزرێنەرانی دارکەر و هیوا بوو. ئاسەفی برایەکی دیکەی کە حقوقی تەواو کردبوو، چالاکی سیاسی لە مێژووی هاوچەرخی کورد دیارە، هـەروا حەمیـد کەسێکی زۆر کوردپەروەر و ڕۆشنبیرێکی دیاری سەردەمی خۆی بوو. زەینەب خان ئافرەتێکی زۆر زیرەك بووە، دواتر زیاتر لێی دەدوێین، هەروەها مەجیدی برای بچووکیان شاهێدی زۆر ڕووداوی سیاسی بووە، سەرباری کچێکی دیکەی مەلا ڕەئوف، کە پێوەندیی بە سیاسەت و ئەدەبیات نەبووە، ناوی فاتیمە خان بووە.

## پێوەندی سەعید ئاغا بە بنەماڵەی زەینەب خان

ئاسەفی برای زەینەب خان سیاسەتمەدار و ڕووناکبیرێکی سەردەمی خۆی بوو، ئەگەر سەرنج لەو سەردەمە بدەین کە ئەو دەستی بە چالاکیی سیاسی کردبوو، بۆمان دەرکەوتووە، لە هەموو لایەکەوە کورد سەرکوت کراوە، تا ئەو کاتە کورد حزبێکی گەورەی نەبووە، مەبەستمان لە پارچەی باشووری کوردستانە، وەکو دیارە هەرچەندە چالاکی و بزاف و جموجولی هەندێ ڕێکخراو و کەسایەتیی کورد هەبوو، بەڵام هێشتە لە بەرگێکی وا نەبوو بتوانی ڕووبەڕووی داگیرکەرانی کوردستان بێتەوە، ئاسەف هەر زوو درکی بە پێویستی ڕێکخراوی کوردی کردووە، زانیاریی زۆر لەسەر ڕێکخراو و چالاکی و بزافە جۆربەجۆرەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان هەبووە.

ئاسەف پیاوێکی ڕۆشنبیر بوو، بەو پێیەی لە خانەوادەیەکی نەتەوەیی و کوردپەروەر چاوی بە ژیان هەڵێناوە، هەر لەو کاتەی چووە کۆلیژی حقوق لە بەغدا و بگرە زووتریش بۆ بیری نەتەوەیی کورد کاری کردووە، لەوێدا چەندان کەسایەتیی گەورەی ناسیووە و بۆ خۆی کەسایەتییەکی گەورەی هەبووە، چونکە چالاکیی سیاسی لە پێناو کورد و کوردستان بووەتە، جێگەی ڕێز و تەقدیری لەلایەن گەلێ کەسایەتیی دیکەوە.

ئاسەف لە بەغدا چەندان سیاسەتمەدار و ڕووناکبیری کوردی ناسیووە، لە پاڵ یونس دڵداری برای هەر لە دارکەرانەوە تا حزبی هیوا، بەردەوام کوردیان لە خۆیان کۆکردووەتەوە، ویستوویانە وەك نەتەوەکانی دیکە کورد خاوەنی مافی خۆی بێ. وەك دەرکەوتووە گەلێ کەسایەتیی ڕۆڵی ئاسەفیان بەرز نرخاندووە. لەوانە بەڕێز خوالێخۆشبوو جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماری پێشووی عێراق و سکرتێری گشتی (ی. ن. ك).

لە هەموو ئەو شار و شارۆچکانەی ئاسەف سەری لێ داون لە کوردستانی عێراق چالاکیی سیاسی نواندووە، پێوەندیی لەگەڵ چەندان بنەماڵە و خانەوادەی گەورە هەبووە، ئەم کارەشی بۆ چالاکیی سیاسی و بوژاندنەوەی کوردان بووە تا ببنە خاوەن ناسنامەی خۆیان. لەو سەروبەندەدا لە هەولێر لە بیستەکانی سەدەی بیستەم پێوەندیی پتەوی لەگەڵ بنەماڵەی سەعید ئاغای ئال سەید ئەحمەد هەبووە و برادەری گیانی بە گیانی سەعید ئاغا بووە، ئەوەی لای ئێمە ڕوونە پێوەندیی هاوڕێیەتی نێوان ئاسەفی کوڕی مەلا ڕەئوف و سەعید ئاغای ئال سەید ئەحمەدی زۆر پتەو بووە، ئەو پێوەندییە وای کردووە سەعید ئاغا ببێتە ئەندامی چالاکی دارکەر و حزبی هیوا.

گومان لەوە نییە هەردوو بنەماڵە لە کۆتاییەکانی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی لە ناوچەی خۆیان دەسەڵاتداربوون، هەم خاوەن زەوی و هەم پێوەندییان بە ئیدارەی ناوخۆی شاری کۆیە و هەولێر هەبوو، بنەماڵەی مەلا ڕەئوف لە ڕووی چالاکیی سیاسییەوە زۆر جموجولیان هەبووە، لەو کاتەی دەرگەی ئیستانبولی بۆ خوێندن کرابۆوە لەوێ خوێندوویانە، دواتر ڕوویان لە شاری بەغدا کردووە و هەندێ لە منداڵەکانی مەلا ڕەئوف لەوێ خوێندوویانە.

بەگوێرەی زانیاریی خۆم کورد هەر لەمێژە ناوی لە کولتووری ئیسلامی وەرگرتووە، ئەگەر بۆ سەردەمانی زووش بگەڕێینەوە لە باب و باپیرانمانەوە

هەر وابووە، بۆیە ناوی ئاسەف لە کولتووری ئیسلامی وەرگیراوە، بە بەراورد بە ناوی دیکەی کولتووری ئیسلامی ناوی ئاسەف کـەمتر بەرچـاو دەکـەوێ، بگرە هەر زۆر کەمیشە، ناوەکـەی لـە چـیرۆکی سـلێمان پێغەمبـەر (د. خ) هاتووە، ئاسەف وەزیری سلێمان پێغەمبەر بوو، هەتا لە ئایەتێکی قورئـانی پیرۆزدا هاتووە ((وقال الذي عنده علم من الكتاب ينا اتيك به قبـل أن يرتـد إليك طرفك)) لێرەدا ئەوەی کە عیلمی کتابی هەیە ئاسەف کوڕی بەرخیایە، نـاوی ئاسـەفیش لـەوەوە سەرچـاوەی گرتـووە. لەگـەڵ ئەمانـەش ئاسـەف پێوەندییەکی پتەوی لەگەڵ خاوخێزانی خۆی هەبوو، وەکو دیاریشە هەر خودی بنەماڵـەی خـادم سـوجادە زۆر ڕێزیـان لـە یـەك نـاوە و بـیروڕای یـەکتریان وەرگرتووە.

پێوەندیی سەعید ئاغا و ئاسەف زۆر پەرەی سەندووە، دەرکەوتووە گـەلێ جاران لە هەولێر ئاسەف لای وی ماوەتەوە و شەویان پێکەوە بەسەر بـردووە. ماڵی سەعید ئاغا خاوەنی دیوەخانی خۆیـان بـوون، وەك هـەر خانـەدانێکی هەولێری دیوەخانیان دەرگەی لەسەر گازەرای پشـت بـووە. هـەتا بـە هـۆی ڕەفاقەتی ئاسەف و سەعید ئاغا، زۆربەی برادەرەکانی ئاسەف وەکو پیرەمێرد و شێخ سەلام و سەعید ناکام و بێکـەس و گـۆران بوونەتـە هـاوڕێی نزیکـی سەعید ئاغا و هاموشۆی سەعید ئاغاشیان کردووە لە هەولێر و لای سەعید ئاغا ماونەتەوە و ئەویش بە هەمان شێوە سەردانی ئەوانی کردووە.

گومان لەوە نییە بنەماڵەی خادم سوجادە سەرچاوەکەیان لە شاری کۆیـە بووە، بەڵام لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، ڕۆڵی شـاری هـەولێر زیـاتر بەدەرکەوت، چـونکە لـە ڕووی ئیدارییـەوە کۆیـە بـووە قەزایـەك سـەر بـە پارێزگاری هەولێر (ئەربل)، بۆیە هەر لـە زووەوە کوڕەکـانی مـەلا ڕەئـوف جموجول و چالاکییان گواستەوە شاری هەولێر، لە ڕاستیدا کولتـووری شـاری کۆیە لەو سەردەمەدا تەئسیری جیدی لەسەر کولتووری شاری هەولێر هەبووە،

ڕووناکبیران و پیاوانی ئایینی و ڕۆشنبیران بەرە بەرە ڕوویان لە شاری هەولێر کرد، کولتووری کوردی بەرە بەرە لەناو شاری هەولێر دەستی بە بووژانەوە کرد، لە پاڵ کولتووری تورکمانی و عەرەبی، لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بۆ شارێکی وەکو هەولێر -مەبەستم ناو شارەکەیە نەوەك دەوروبەری- شۆڕشێکی ڕۆشنبیری گەورە بوو.

بەداخەوە تا ئێستا ناو و چالاکیی ئاسەف لە گۆڕەپانی ڕۆشنبیریی کوردی بزرە، بەتایبەتی چالاکییە سیاسییەکانی هیچ باسی نەکراوە و لێی نەکۆڵدراوەتەوە، گومان لەوە نییە لە نێوەی یەکەمی سەدەی بیستەم بنەماڵەی خادم سوجادە لە شاری هەولێر ئەگەر چالاکترین بزاڤی سیاسیان نەبووبێ، یەکێ بوون لە سەردەستەی چالاکانی سیاسی لە هەولێر و کوردستانی عێراق.

زۆر ڕێی تێدەچێ سەعید ئاغا بە کەسایەتیی و بنەماڵەی جادم سوجادە موعجیب بووبێ و زانیاریی تەواوی لەسەر چالاکی ئەو بنەماڵەیە هەبووبێ، بۆیە لە ڕێگەی ئاسەفەوە خزمایەتی لەگەڵ دروست کردوون و زەواجی لەگەڵ زەینەب خانی خوشکی گەورەی دڵدار و ئاسەف کردووە.

## زەواجی نێوان سەعید ئاغا و زەینەب خان

سەعید ئاغا وەك گوتمان بنەماڵەی خادم سوجادەی ناسیووە، بەواتە ماڵی مەلا ڕەئوفی بە تەواوی ناسیووە و دەبێ لە نزیکەوە هەڵسوکەوتی ماڵی ئەوانی ناسی بێ، بۆیە لەو ڕێگەیەوە چووەتە داخوازیی زەینەب خان، ئاسەف لە ماڵی مەلا ڕەئوف تاکە کەس بووە دیفاعی لە سەعید ئاغا کردووە و پێی خۆش بووە ئەو زەواجە ببێ، بەڵام مەلا ڕەئوف ئەو داواکارییەی رەفز کردووەتەوە، رازی نەبووە کچی خۆی بە سەعید ئاغا بدا.

سەعید ئاغا وازی نەهێناوە، دیارە قەدەر قسەی خۆی هەبووە، بۆیە لەو مەسەلەیەدا چوونەتە لای مەلا فەندی و باسەکەیان لای خستۆتەڕوو، هەروەها لەلای موفتی هەولێری محەمەد ئەفەندی موفتیش باسیان کردووە. ئەوەش بە دوو سیفەت بووە، کە بە مەلا فەندی و محەمەد فەندی موفتی گوتراوە، چونکە هەم وەك شەخسییەت و هەم مەلا ڕەئوفی خادم سوجادە لەگەڵ مەلا فەندی و محەمەدە فەندی موفتی کوڕەخاڵ و پوورزا بوونە.

باسی ئەو دوو بنەماڵەیە، کە سەرچاوەکەیان یەکە، لە کتێبی سەربەخۆ باس کراوە، محەمەد فەندی لە کاروباری قازیەتیی و مەلایەتیی و خوێندنی ئایینی لە مزگەوتی گەورەی قەڵای هەولێر ڕۆڵی سەرەکیی هەبووە، دوای ئەوەی هەم مەلا فەندی و محەمەد موفتی کێشەکەیان زانیووە، ڕوویان لە

مەلا ڕەئوفی خادم سوجادە ناوە، کەواتە ئێستە سێ بنەماڵەی ناوداری هەولێر (مەلا فەندی و سەعید ئاغا و مەلا ڕەئوف) پێکەوە کۆبوونەتەوە.

لە ڕاستیدا باسی هەر سێ بنەماڵـە و کۆبوونـەوەیان بـۆ هـەر کێشـە و مەسەلەیەك بـووبێ، گـرنگ بـووە، مـاڵی سـەعید ئاغـا کـە بـە نیقابـەی ئەشرافانی هەولێر ناسرابوون بە تایبەتی لە سەردەمی کۆتاییەکانی دەوڵـەتی عوسمانی و پێوەندیی بنەماڵەی مەلا فەنـدی لـە هـەولێر و لەگـەڵ بەغـدا و چالاکییەکانی بنەماڵەی خادم سوجادە و تەئسیریان لەسەر ڕەوشی سیاسـیی لە کوردستانی عیراق، لە کۆبوونەوەیەك بۆ مەسەلەیەکی کۆمەلاّیـەتی بـوو، ئەو کۆبوونەوەیەش پێوەندیی هەر سێ بنەماڵەی دووبارە بەهێز کردەوە.

هەر سێ بنەماڵە هەم لە ڕووی ئابووریشەوە خاوەنی موڵکی خۆیان بـوون و پێوەندیی سیاسی و ئابووریی خۆیان لە چوارچێوەی وەزعی سیاسی سەردەم هەبووە، کە ژیانی کۆمەڵگەی کشتوکاڵی بەسـەردا زاڵ بـووە، لـەو خاڵـەدا باسی کەفائەی کۆمەلاّیەتی هەردوو بنەماڵەی سەعید ئاغا و مـەلا رەئـوف مەبەستە، کە ئەوان لایەنی زەواجەکەن.

لە ڕاستیدا مەلا رەئوف بە تەنگ داهاتووی کچەکەی خۆی بوو، ئەگەر نا زانیاریی تەواوی لەسەر بنەماڵەی ئـال سـەید ئەحمـەدیی نیقابـەی ئەشـرافی هەولێر هەبوو، بەلاّم بەهاتنی بنەماڵەی مەلا فەندی وەزعەکـە گۆڕانگـاریی بەسەردا هات.

مەلا ڕەئوف پیاوی نێو مەجلیسان بوو، خانەدانی سەردەمی خۆی بوو، بە گەرمییەوە پێشوازیی لە میوانان کرد، ئەو لەگەڵ دیتنی مەلا فەندی و مەلا محەمەدی موفتی و سەعید ئاغا، یەکسەر زانیی مەسەلەکە چییە. ئیدی لەو مەجلیسەدا داخوازیی سەعید ئاغا بـۆ زەینـەب خـان خرایـەڕوو، بـە واتـە بابەتەکەیان ڕووبەڕووی مەلا ڕەئوف کردەوە، دوای ئەوە پـێش ئـەوەی مـەلا

ڕەئوف جەواب بداتەوە، ئاسەف لەسەر قسەی مەلا فەندی و محەمەد ئەفەندی موفتی درێژەی دایێ و گوتی:

- نابێ داواکاریی وان ڕەفز بکرێتەوە.

مەلا ڕەئوف بە هاتنی ئەوان زۆر دڵخۆش بوو، حەزی کرد ئەوانیش لەو بابەتەدا ڕۆڵیان هەبێ، بۆیە گوتی:

- ئەمن بەو زەواجە ڕازیم، بەس دوو مەرجم هەیە، پێم خۆشە بۆتان دەربخەم و باسی بکەم، یەکەم: پێویست ناکا هێندە مەدحی کچەم بکەم، بەڵام خۆتان بنەماڵەی ئێمە دەناسن کە هەردەم حەزیان لە ڕۆشنبیری و کاری ڕووناکبیرییە، بۆیە زەینەبی کچم ڕۆشنبیرە و شیعریش دەنووسی و حەزی لە کاری ڕۆشنبیری دیکە و سەرەدەریی لەگەڵ فکری نەتەوەیی هەیە، حەزی لە خوێندنەوە و نووسینە و کاتی زۆر بۆ خوێندنەوە تەرخان دەکا، وەك دیارە سەعید ئاغا لە خێزانێکی ئەربیلییە و خاوەن عادات و تەقالیدی خۆیانن، دەترسم ئەوان ڕێی لەو ئارەزووەی کچەکەم بگرن و نەهێڵن بەدوای خوێندنەوە و نووسین بکەوێ و شیعر بنووسێ، ئەمن ئارەزووی کچی خۆمم بەلاوە گرنگە. هەرچی دووەمیانە: ئەو کیژەی من ئەو کوڕەی نەدیوە، ئەمن نازانم ئەو ڕای بەرامبەر سەعید ئاغا چییە؟ ناکرێ ڕای کچە بە هەند وەرنەگیرێ، چونکە بە یەکەوە ژیان بەسەر دەبەن.

مەلا فەندی و مەلا محەمەد ئەفەندی موفتی قسەکانی مەلا ڕەئوفیان بە دڵ بوو، ئەوەش لەگەڵ شەرعی خودا و حەدیس یەکی دەگرتەوە، بۆیە مەلا فەندی گوتی:

- زۆر باشە با زەینەب خان بێ و ئێمە لێی دەپرسین بزانین ڕای چییە؟!

بەڵێ زەینەب خان هاتە مەجلیس و بابەتەکە بۆی خرایەڕوو، ئەو کەسایەتیی بە جۆرێ بەهێز بوو، گوتی:

- هەرچەندە ئەمن بە تەواوی نایناسم، بەڵام ئاسەفی برام دەیناسێ، ئەگەر وای دەبینێ بۆ من گونجاوە، ئەمن هیچ مانعم نییە.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئەوە تۆمار بکەم، بە یەکگەیشتنی ئەو دووانە، واتە بنەماڵەی سەعید ئاغا و خادم سوجادە، بە یەکگەیشتنی بنەماڵەی خانەدان و ڕێزدارانە، بەداخەوە لە کەم لاپەڕەی مێژووی کوردستانی عێراق و شاری هەولێر باسی نەکراوە، مەبەستم ڕۆڵی هەردوو بنەماڵەیە، بەتایبەتی بنەماڵەی ئال سەید ئەحمەدی کە لە سولالەی سەید عومەر ئاغای سەید ئەحمەدی و کە ئەو بنەماڵەیە نەقیبی ئەشرافی هەولێر بوون.

زۆربەی ئەو ڕووداوانە لە قەڵای هەولێر رووی دا، بەتایبەتی مەراسیمی زەواجی سەعید ئاغا و زەینەب خان، وەك باسیان کردووە سەعید ئاغا لە ساڵی (١٩٢٣ز) زەینەب خانی گواستۆتەوە، وەك گوتم ولادەتی سەعید ئاغا لە ساڵی (١٨٩٩ز) بووە، بە واتە سەعید ئاغا ئەو کات تەمەنی بیست و چوار ساڵ بوو، یەك ساڵ لە زەینەب خان گەورەتر بوو.

# سەردانیماڵی زەینەب خان

سەردانی ماڵان لای ئێمە نەریتێکی کۆنە، وەنەبێ هەر تەنیا لە کاتی تەنگانە و پێویستی و نەخۆشی هاتووچۆ و هاموشۆی یەکتری کرابێ، بەڵکو بۆ مەحبەت و سیلەی رەحم بەردەوام هاموشۆی یەکتری کراوە، ئەو نەریتە زەمانێکی دێرینە خەڵکان سەریان لە یەکتر نەبڕیوە، ئێمە پێش ئەوەی ماڵمان لە قەڵات بێتە خوارێ، بە حوکمی ئەوەی ماڵەکانیش لە نێو قەڵات لە یەکەوە نزیك بوون، زۆرتر لە ئێستە سەردانی ناسیار و خزمانمان دەکرد.

ئەو سەردانانە هەموو عائیلەی نەدەگرتەوە، واتە مەرج نەبوو لە شەوان باب و دایك لەگەڵ منداڵان بچنە ماڵی ناسیار و خزمان، بەڵکو زۆر جاران ژن دەستی منداڵەکەی یا چەند منداڵێکی دەگرت و دوای نیوەڕۆ ڕووی لە ماڵێکی خزم و ناسیار دەکرد، لە بیرمە لە تەمەنی پێنج شەش ساڵان، دایکم پێی دەگوتم یاڵڵا دەچینە ماڵی زەینەب خان، ئەوەل جار پێم خۆش نەبوو، حەزم دەکرد لەگەڵ ڕەفیقەکانم لە کۆڵانێ گەمان بکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی دایکم بە تەنیا نەدەچوو، دەبوو لەگەڵی بچم، ئەو کاتەش وەك ئێستە نەبوو، لەژێر ئەمر و تاعەتی دایك و بابمان بووین، ئەمن و داکم ڕۆژێکیان چووینە ماڵی زەینەب خان، ماڵیان لە هی ئێمە هێندە دوور نەبوو، زەینەب خان

ژنێکی مورەتتەب و خاوەن کەسایەتیی بەهێز بوو، نێوانیان لەگەڵ ئێمە زۆر خۆش بوو، سەعید ئاغا زۆر قەدری بنەماڵەی ئێمەی دەگرت.

ماڵی سەعید ئاغا لە قەڵاتێ یەکێ بوو لە ماڵە خانەدانەکانی هەولێر، خانوویەکی گەورەیان هەبوو. دایکم پێشتریش چووبوو، هەر کە گەیشتینە ماڵیان زەینەب خان بانگی کردم و لە باوەشی گرتم، منی بردە نێو ئەو تەیر و تارانەی بەخێویان دەکرد، هەروەها کۆتریان زۆر هەبوو، لەنێو کۆترەکان تەقلەبازێکی دامێ، زۆر نەوعی دیکەشیان هەبوو، ئەو نەوعە کۆترەش یەکێ لە باشترین نەوعەکانە. بێجگە لەو جارە هەموو جارێ نا، چەند جارێکی دیکەش کە لەگەڵ دایکم چوومە، کۆتری دامێ. زەینەب خان حەزی دەکرد ماڵی برازێنێتەوە، بەتایبەتی گوڵی جوان جوانی هەبوو، بایەخی بە گوڵی نێو مەرکان دەدا، هەروەها مێو و داری دیکەشی حەز لێ دەکرد.

لە ڕاستیدا لە ڕووی جلوبەرگی و پۆشاکەوە وەك ئەوروپییەکان جلی دەپۆشی، لەو سەردەمدا ئەمە نیشانەی ئەوپەڕی مەدەنییەت بوو، تەرزی جلوبەرگ و شێوەی هەمان شێوەی بنەماڵەی مالیکەی عیراق بوو، مەبەستم وەك ئافرەتەکانی دەرباری مەلیکی عیراق، جلوبەرگی دەپۆشی. ئەو بنەماڵەیە پێشتریش لە بەغدا و ئیستانبول ئاگاداری مۆد و جلوبەرگی ئەوروپی بوون.

چەند جار سەرمان لە ماڵی زەینەب خان داوە و ئەویش سەری لە ماڵی ئێمە داوە، جاری وا هەبوو تەنیا دەهاتە لای دایکم یان لەگەڵ سەعید ئاغا دەهات وەکو خێزانێك بەیەکەوە کۆدەبووینەوە، ئەمن تا گچکە بووم زۆر جاران لەگەڵ دایکم دەچوومە ماڵیان، ئەو کات سەردانی خزمان و جیرانان لە ئێستە گەلێ زۆرتر بوو، زەینەب خان لە میوانداریی ئێمە بێ قسوور بوو، بۆ خۆی حەزی لە کێك و شیرینی بوو، ئەو کات ماڵە خانەدان و دەوڵەمەندەکان زۆرتر ئاگاداری کێك و شیرنی بوون، هەتا لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی بەغدا و

بەیروت کە دەهاتنە هەولێر، ئەو ئاگەدارییی دروستکردنی کێك و شیرینی بوو، ئەو کاتانەی ئێمە سەرمان لێ دەدان، هێندێك لەگەڵ دایکم باسی شێوەکانی دروستکردنی کێك و شیرینیی دەکرد، هەروەها پێشکەشی ئێمەشی دەکرد، ئەو کاتە لە ماڵەکانی بەغدا، ماڵە دەوڵەمەندکانی بەغدا لەسەر گۆڤار و دەلیلی خواردن دروستکردن و شیرناتییان دروست دەکرد، هەر وەکو لە زۆر ڕووەوە لە بەتەمەنەکانم بیستووە. سەرباری ئەوانە حەزی لە گوڵبەڕۆژە و چەرەزاتیش بوو، زۆرجار میوەی لە ناوچەی خۆشناوەتی بۆ دەهات دەیخستە بەردەم ئێمە.

ئەمن دواجار زۆر کەیفم بەو سەردانانە دەهات، زۆربەی جاران زەینەب خان لە ئامێزی دەگرتم وەکو یەکێ لە کوڕەکانی تەماشای منی دەکرد، ئەمەش وای کردبوو، نێوانم لەگەڵ کوڕەکانی خۆش بێ، فازل و رەمزی لە رووی عومرەوە لە من گەورەتر بوون، بەلام بەینم لەگەڵ غازی کوڕە بچووکەکەی زۆر خۆش بوو.

لە سەردانەکانمان جاری وا دەمدی زەینەب خان خەریکی خوێندنەوەیە، پاشان بۆم دەرکەوت زۆربەی کتێبەکانی بە زمانی عەرەبی بوون، جگە لەوەی کتێبی تورکی و فارسیشی هەبوون. هەتا هەندێ لە کتێبەکانی دلّداری شاعیریشی لا مابوو، کە گەنج بووم زانیم بنەماڵەیەکی خانەدانن و لە پێشکەوتن و پەرەسەندنی وەزعی سیاسی لە هەولێر و کوردستانی عیراق ڕۆڵی گەورەیان هەبووە و ڕۆشنبیر و ڕووناکبیری سەردەمانی خۆیان بوون.

بەو پێیەی ئێمە دیوەخان و مەجلیسمان هەبوو، خەڵکانی زۆری هەولێر ڕوویان لە ئێمە دەنا، بۆیە کەمتر باوکم سەری لە سەعید ئاغا و زەینەب خان دەدا، کەچی زیاتر لە کاتی ناخۆشی و نەخۆشی باوکم سەری لەو ماڵە داوە و دڵنەوایی کردوون.

باوکم ڕەشاد موفتی لە دایکبووی ساڵی (١٩١٥) بوو، بە واتە زەینەب خان پازدە ساڵ لەو گەورەتر بوو، بنەماڵەی خادم سوجادەی دەناسی و پێشتر هاموشۆی لەگەڵ وان هەبوو، خزمایەتیی باوکم دەگەڕێتەوە بۆ عوسمانە فەندی موفتیی باپیری کە دەبۆوە خاڵی مەلا ڕەئوفە فەندی خادم سوجادەی باوکی زەینەب خان و دڵدار. واتە مەلا ڕەئوفە فەندی لەگەڵ عوسمانە فەندی موفتی و مەلا فەندی دەبوونە خاڵۆزا و پوورزای یەکتر.

بنەماڵەی ئال سەید ئەحمەدی لە هەولێر بنەماڵەیەکی ناسراوبوون، هەر وەك باوکم پازدە ساڵ لە زەینەب خان بچووکتر بوو، هەروا دایکیشم پازدە ساڵ لەو بچووکتر بوو، بەڵام پێوەندیی نێوان هەردوو بنەماڵە بە تایبەتی دوای زەواجی سەعید ئاغا و زەینەب خان زۆر پتەوتر بوو.

شەمسەدین موفتی مامم لەبەر هاوتەمەنی، هاوڕێی نزیکی هەردوو کوڕی زەینەب خان بوو، فازڵ و ڕەمزیی کوڕانی زەینەب زۆر لە شەمسەدینی مامم نزیك بوون، بەو پێیەی شەمسەدینی مامم لە ڕیزی ڕێکخراوە حزبیەکانی کوردستان چالاکیی سیاسیی هەبوو، فازڵ زۆر لێی نزیك بوو، ئەویش سیاسەتمەدار و چالاکوانێکی بێ نموونەی کوردستانی عێراق بوو.

هەرچەندە من لە نزیکەوە فازیل و ڕەمزیم دەناسی و ئەوان لە من گەورەتر بوون، بەڵام پێوەندیم زیاتر بە غازیی کوڕی بچووکی زەینەب خان خۆش بوو، غازی پیاوێکی بەڕێز و دیندار بوو، بەلای کاری سیاسییەوە نەدەچوو، پیاوێکی لەسەرەخۆ بوو. ئەویش خوێندنی تەواو کردبوو، بەڵام بەلای خوێندنەوە و ئەدەبیات نەدەڕۆیشت.

# مەرگی دڵداری شاعیر

بۆ ئەوەی هەندێ زنجیرەی گرنگی مێژووی ئەو بنەماڵەیە ون نەبێ، بە پێویستی دەزانم هەندێ ڕووداو، ئەوەی لە باوکم بیستوومە و چەندان جار باس کراوە بخەمەڕوو، لە ڕاستیدا پێویستە هەموومان ئەوەندەی پێمان دەکرێ ڕووداوەکان تۆمار بکەین، یونس مەلا ڕەئوف ناسراو بە دڵدار برا بچووکی زەینەب خان، لە ساڵی (١٩١٨ز) لە دایك بووە بە واتە هەژدە ساڵ لە زەینەب بچووکتر بوو، هەروەها سێ ساڵ لە باوکم بچووکتر بوو، دڵدار بەو تەمەنە بچووکەی پیاوێکی زۆر چالاك بوو، سیاسەتمەدارێکی هەڵکەوتوو بوو، شاعیرێکی گەورە بوو، خاوەنی سروودی ئەی ڕەقیب بوو، کە ئێستا مارشی نەتەوەیی کوردانە، کچێکی بنەماڵەی گەورەی ئێمەی خواست و داخوازیش کرا و مارەش کرا، بەڵام بەداخەوە مەرگی لەناکاوی دڵدار کارەکەی هەڵوەشاندەوە، دواتر بە وردی باسی ئەو ڕووداوە دەکەم.

دڵدار حەلقەیەکی گرنگی سیاسی و ڕۆشنبیران بوو لە هەولێر، پێوەندیی زۆری لەگەڵ سیاسەتمەداران و شاعیران و ئەدیبانی کورد هەبوو، بەو تەمەنە کورتەی بەرهەمێکی باشی لەدوای خۆی بۆ جێهشتووین، بەردەوام دەگەڕا، زۆرتر لە نێوان هەولێر و بەغدا و سلێمانی و کەرکووك و کۆیە بوو. لە هەولێر کەم جار هەبوو سەردانی دیوەخانی ئێمە نەکا، گەلێ جاران هاوڕێ و ڕەفیقەکانیشی دەهێنایەوە دیوەخان و لەگەڵ باوکم گفتوگۆی دەکرد، دڵدار، بێکەس و پیرەمێرد و حوسێن حوزنی موکریانی و ڕەفیق حیلمی و چەندان کەڵە پیاوێکی دیکە لە هاوڕێ نزیکەکانی بوون، بەداخەوە زوو سەری نایەوە، مەرگیشی وەك ئەوەی ئێمە بیستوومانە بەو شێوەیە بوو.

باوکم لە مزگەوتێ لە ژوورەکەی خۆی بوو، دوای ئــەوەی هەنـدێ کتـێبی ڕێك خستبوو، خەریکی خوێندنەوە بوو، سەرەتای ڕۆژێکی ئـارام بـوو، مـام ئەمین عەبدولڕەزاقی خادم، خۆی بە ژووریدا کرد و گوتی: خەبـەرم بیسـتووە کە برای ژنی سەعید ئاغا وەفـاتی کـردووە، بـرای زەینـەب خـان. خـەڵکی هەموو ڕوو لە ماڵی سەعید ئاغا دەکەن، ئەوە خەریکە لـە قـەڵاتێ دەچـنە خوارێ، دەچنە ئەو ماڵەی براکانی لێن، لە گەرەکی تەیراوە.

بابم یەکسەر لێی پرسی: کامە لە برایەکانی ژنەکەی...؟ ئایا... ئاسەف-ە؟!

مام ئەمین وەڵامی دایەوە: ئەو خەبەرەی بیستوومە ناوی یونسە، دڵـداری پێ دەڵێن.

بابم پێشتر کتێبەکەی داخستبوو، هەستا و ڕووی لە گەڕەکی تـەیراوە لـە ماڵی سەعدی نا، کـە گەیشـتە ئـەوێ جـەنازەی دڵـدار لەسـەر تەختەیـەك دانرابـوو، خـزم و کـەس و کـار و بەشـێکی زۆری خـەڵکی هـەولێر لـەوێ کۆببوونەوە، ئەو کات هەولێر هێندە گەورە نـەبوو، هـەر ڕووداوێ یـا شـتێ ڕووی دا بووایە، زۆربەی خەڵکەکەی دەیانزانی، لەولا و لەولا بە چـپە باسـی ڕووداوەکەی مەرگی دڵداری شاعیریان دەکرد، سەعید ئاغا دەهات و دەچوو، زۆر نیگەران و دوو دڵ بوو، هاتە تەنیشت بابم و لـەبارەی شـۆردن و تەقـەت کردنی لەگەڵ باوکم کەوتە قسە، باوکم هەستی کرد لەو بـارەوە مەسـەلەیەك لە گۆڕێ دایە، دواجار سەعدیی بـرای و هـەروەها زەهـوە خـانی دایکیشـی گوتیان، ئێمە جەنازەکە دەبەینەوە کۆیە، لەوێ بە خاکی دەسـپێرین، کەچـی زەینەب هاتە وەڵام و گوتی:

- ڕاستە دڵدار برا بچووکی منە، بەڵام هەر لە هەولێر بووە، ئەمن هێندە پەروەردەم کردووە، ئەمن بەدەستی خۆم گەورەم کردووە، ئەگەر قەبری لەبـەر چاوم نەبێ شێت دەبم، نایەڵم بیبەنـەوە کۆیـە، سـەعدی و دایکـی هیچـیان

نەگوت، پێشنیازی زەینەب خان سەری گـرت، دیـارە سـەعدی مەحەببـەتی زەینەب خان بۆ دڵداری لەبەر چاو گرتووە، زەینەب خان گوتی.

- بەو دەستانەی خۆم گەورەم کردووە، لێرە هـەر لـە هـەولێر بـە خـاکی دەسپێرین. دەی ئەلعان جەنازەی لێرە هەڵگرن، بیبەنە قەڵات، بیبەنە مـاڵی خۆم لەویَ دەیشۆین، دەبیَ دواجار لە ماڵەکەی من دەرچیَ.

باوکم پێی گوت: با مەیتەکە ببەینە مزگەوت لەویَ غەسلی بکەین.

زەینەب خان ژنێکی شێرانە و توندبوو، ڕازی نـەبوو بیبەنـە مزگـەوت، هەرچەندە باوکم هەوڵی دا بیبەنە مزگەوت، ئەو بە هیچ جۆریَ ڕازی نـەبوو، گوتی:

- بەو دەستانەی خۆم دەیشۆم، دەبیَ دوا مەنزڵگەی وی ماڵی من بیَ.

پاش شۆردنی دڵدار، جەنازەی بۆ نوێژی مردوو بۆ مزگەوت ئامـادە کـرا، سەعدیی برای و زەهوەخانی دایکـی زۆر تاسـا بـوون، ئاهیـان هەڵدەکێشـا، سەعدی لەسەر قسەکانی زەینەب خان درێژەی دایێ.

- زەینەب وەك دایکێك بوو بۆ دڵدار، بۆیە قسـەی وی ڕەت ناکرێتـەوە، ئەمن مانعم نییە، ئەو هەرچی بکا.

سەعدی دەستی بە گریان کرد، دەستی لە ملی زەینەب خان کـرد، خـۆی پیَ ڕانەگیر و هەردووکیان پێکەوە کەوتنە گریان.

دڵدار زۆر کەم ژیا، لە تەمەنێکی کـورت وەفـاتی کـرد، بەشـێکی زۆری ژیانی لە ماڵی سەعید ئاغا بەڕیَ کرد، کەلوپەلی بە نرخی شەخسیی خۆی وا بزانم هەر لای زەینەب خان مایەوە، بە ڕاستی زەینەب خان نزیکترین کەسـی دڵدار بـوو، زۆر ئاگـەداری نهـێنی و کـار و کردەوەکـانی دڵـدار بـوو. مـن کەلوپەلەکانم بە چاوی خۆم دیبوو ئەوانـەی لـە بـیرم بـیَ کتێبـەکانی و دوو جانتای قاوەیی و ڕەشـی مـەحامییاتی و کـامیرەی ڕەسـم گـرتن و قـەوان و ڕادیۆی زۆر قەدیم و سەعاتی دەست و دووربین و کۆمەڵێك کەلوپەل بوون.

باوکم شاهێدی ئەو ڕووداوانە بوو، چەندان جار لە دیوەخان ئەوانەی دەگێڕایەوە و باسی هەڵوێستی زەینەب خانی دەکرد، باسی پێوەندیی زەینەب خان و دڵداری دەکرد، کاتێ ڕێوڕەسمی غەسل و کفن کردن لە ماڵی زەینەب خان تەواو بوو، بردیانە مزگەوت، لەوێ نوێژی مردووانی لەسەر کرا، دواتر جەنازەکە هەڵگیرا و کەژاوەکە ڕوویان لە قەبرستانی گەورەی هەولێر (چراغ) کرد.

خەڵکێکی زۆر خڕببوونەوە، قەبرستانەکە لە خوار قەڵا بوو، هێندە دوور نەبوو، پیاوماقوڵان و بنەماڵە و خانەدانانی هەولێر بەگەڵ کەژاوەکە کەوتن و ڕوویان لە قەبرستان کرد.

لەو کەژاوەیەدا بۆ یەکەم جار بوو لە مێژووی هەولێر، ژنێك لە کەژاوەی پیاوان بۆ قەبرستان بەشداریی بکا، زەینەب خان هاوشانی پیاوان بەرەو قەبرستان هات، گوتی:

- ئەمنیش لەگەڵ ئێوە دێم، لە هەمووی بەشداری دەکەم.

لەوەدا کەس گلەیی نەکرد، زەینەب خان بە پێیان لەگەڵ کەژاوە بۆ قەبرستان بەڕێکەوت، کەس لە نیازی دیکەی خوشکی گەورەی دڵداری شاعیر نەگەیشت، دواتر گوتی:

- ئەمن نەك هەر لەگەڵ ئێوە دێم، بەڵکو دوای تەلقین، گوتەیەکیشم هەیە.

هەندێ لە پیاوانی ئایینی لە هەولێر نەك هەر ناڕەزاییان دەربڕی، بەڵکو دژی وەستانەوە، خەریکبوو، کەژاوەی ناشتنی دڵداری شاعیر ڕێچکەیەکی ناخۆشی دەگرت، بەڵام لێرەدا باوکم تەداخولی کرد، لەبەر ئەوەی لە میسر گەڕابۆوە و یەکەم دەرچووی کورد بوو لە زانکۆی ئەزهەر، وەکو عالمێك دەبوو هەڵوێستەکە یەکلایی بکاتەوە، بۆیە گوتی:

- چ حجەیەك هەیە بۆ مانعی ئەوەی گوتەی خۆی هەبێ؟!

لە ڕاستیدا گەڕان بۆ مانع یا ڕێگە نەدان هێندە ئاسان نەبوو، بۆیە ڕێگەی پێ درا لەسەر گۆڕی دڵداری برای گوتەیەکیشی هەبێ.

پاش شاردنەوەی دڵدار و تەلقین، زەینەب خان دەستی بە گوتەی خۆی کرد، خەڵکەکە هەموو لە دەوری کۆببوونەوە، ئەو سەرەتا لە وەسف و چاکەی و پەسەندییەکانی برا بچووکەکەی دەستی پێکرد، بە زمانێکی پاراو و وەکو خەتیبێکی چاك قسەی دەکرد، بە جوانی باسی لە کەسایەتیی دڵداری شاعیر کرد، لە ڕاستیدا جوانەمەرگیی دڵدار زۆربەمانی تاساندبوو، گوتەی زەینەب خان تاساندنی زیاتر کرد، هەموو لە گوتەکانی ئەو خاتوونە کڕ و بێدەنگ بوون، پێی سەرسام بون، دواتر شیعرێکی خۆی خوێندەوە، بە دێرە شیعرێکی حاجی قادری کۆیی خیتامی بە قسەکانی ئەخیری دەهێنا:

**مەرگ و ژین میسلی سێبەر و تاوە**

**ئەوەی باقی بمێنێ هەر ناوە**

لە ڕاستیدا ئامادەبووان دەیانزانی کەسێ لە بنەماڵەیەکی خانەدان وەفاتی کردووە، بەڵام تا ئەو ڕادەیەی گرنگی و بایەخی کەسایەتیی دڵداریان بۆ دەرنەکەوتبوو، تا ئەو کاتەی زەینەب خان بە روونی باسی لە ڕۆڵ و پێگەی کەسایەتیی دڵداری شاعیر کرد.

هەر لەو کەژاوەیەدا بۆیان دەرکەوت زەینەب خان ئافرەتێکی چەند سەنگین و مەزنە، ئەو ڕووداوە پێگە و مەنزلەی ئافرەتێکی لەلای خەڵکی زیادکرد، زەینەب خان بەرێزەوە لای هەمووان سەیر کرا.

ئەو ڕووداوە ماوەیەکی زۆر لەلای ئەوانەی هاتبوونە کەژاوەکە باس دەکرا، مەجلیسی دیوەخان و تەکییە و شوێنە گشتییەکانی هەولێری گەرمتر کردبوو، ماوەیەکی باش هەر دەگێڕدرایەوە، چونکە بۆ یەکەم جار بوو ئەو مەسەلانە بەو شێوەیە لە هەولێر ڕووبدەن.

شەش ساڵ لە پاش مردنی دلّدار، ڕۆژێك زەینەب خان بە باوكمی گوت: ئەفەندی خەونم بە دلّدارەوە دیتووە و داوای ئاوی لێ كردووم، باوكیشم گوتبوو: مەولودێكی بۆ بكەن بە نان و خواردن لە مزگەوتی گەورەی قەلاّتێ و هەرچی فەقیر هەیە دەعوەتی بكەن.

زەینەب خان و سەعید ئاغا هاتنە كن بابم مەوزوعەكەیان كردەوە، سەعید ئاغا دلّی بەو دەعوەتە خۆش بوو، دەیگوت دەیەوێ دلّی دلّداری كۆچكردوو خۆش بكا، زەینەب خان لیستێكی گەورەی حازر كردبوو، دەیویست ڕای بابم لەسەر چۆنیەتی دەعوەتەكە وەربگرێ، وەلحاصل مەولودێكی گەورەیان لە مزگەوتی قەلاّتێ كرد و نان و خواردنێكی زۆریان دروست كرد، كە چەندان مەڕیان لە گوندەكەی خۆیان گوندی سەعید ئاغا لە تیمار هێنا و سەریان بڕی. لەگەڵ ئەوانەش زەینەب خان تاڕادەیەك هەر مات و حەیران بوو.

هەر لەو بارەوە ئەوەی كە نهێنییە و باس نەكراوە، زەینەب خان بە باوكمی گوت: دەزانی ئەفەندی هیچ بڕوام نییە ئاسەف و یونسی برام لە مانگێكدا بەو تەمەنە بچووكە پێكەوە جوانە مەرگ بن. هەروەها گوتی: یونس و ئاسەف پێش مردنیان حكومەت سێ جار لە بەغدا بانگی كردبوون و تەحقیقاتی لەگەڵ كردبوون و لەسەر قەزییەی كوردایەتیی هەردەم لەژێر موراقەبەدا بوون. وە گوتی: سێ ساڵ عەدەوییەی خوشكەزات دەستگیرانی یونس بوو، زەختم لێ دەكرد ژن بگوازێتەوە و پێم دەگوت: هەموو شتم بۆت حازر كردووە، یونس پێی دەگوتم دەوڵەت یان دەمگرێ یان دەمكوژێ. ئەوە قسەی زاری زەینەب خانە، كە بە گریانەوە بۆ باوكمی كردووە، ئەوە بوو عەدەوییەی دەستگیرانی یونس دلّدار ئەڵقەی یونسی لە دەست مایەوە و بێ دەستگیران بوو.

## منداڵەکانی سەعید ئاغا

لەو زەواجەی سەعید ئاغا و زەینەب خان چوار منداڵی لێ کەوتەوە، هەر چواریان کوڕ بوون، وەك دیارە یەکەم کوڕیان ناوی عەونی بوو، لە سەرەتای سییەکانی سەدەی بیستەم پاش گەڕانەوەی لە تۆپانێ تووشی زگ ئێشە بوو، یەکسەر وەفاتی کرد. وا بزانم ناوی عەونی زیاتر بەلای شاری کۆیەوەیە، بۆیە زۆر ڕێی تێدەچێ هەر زەینەب خان خۆی ئەو ناوەی لێ نابێ.

فازڵ لە ساڵی (١٩٣٢ز) لە دایك بووە، کوڕی دووەمیان فازڵ کە بووە کوڕە گەورەیان، گەنجێکی قۆز بوو، وەك دایك و باوکی زۆر گرنگیی بەخۆی دەدا، خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز و سەربەخۆ بوو، هەر لە گەنجییەوە چووەتە نێو بواری سیاسەت.

فازڵ دەتگوت وەك کورد دەڵێ گیا لەسەر پنجی خۆی شین دەبێتەوە، ڕێك وەك خاڵوانی و باپیرانی لە بواری سیاسەت و قانوون و نووسین لە سەردەمێکی تاریکی کورد، مەبەستم لە ڕووی سیاسییەوە، درەوشایەوە.

فازڵ خوێندنی سەرەتایی لە هەولێر دەست پێکرد، دواتر درێژەی پێ دا تاکو لە کولیەی حقوق لە بەغدا وەرگیرا، لەگەڵ پۆلێك لە خوێندکارانی دیکەی ڕۆشنفکر لە کولیەی حقوقی بەغدا، گەلێ چالاکیی سیاسی و

ڕێکخراوەییان ئەنجام دا، لەوانە بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی و شەمسەدین موفتی و چەندانی دیکە.

فازڵ لەبەر ئەوەی لە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر و ڕۆشنفکر ژیابوو، زانیاریی تەواوی لەسەر چالاکیی سیاسی و ڕۆشنبیری هەبوو، هەردوو بنەماڵەی ئال سەید ئەحمەدی و خادم سوجادە لە ڕووی سیاسی و رۆشنبیرییەوە درەوشاوە بوون، فازل تەمەنی شازدە ساڵ بوو دلداری شاعیر و ئاسەفی خالی وەفاتیان کرد، کەچی فکر و چالاکیی ئەوان لە هزر و بیری فازڵ مایەوە و بگرە گەشەی پێ دا.

ئەمن لە فازڵ بچووکتر بووم، منداڵ بووم دەمدی گەنجێکی قۆز بوو، زۆر لەخۆی دەخەفت، لەبەر ئەوەی لە کولیەی حقوق بوو، بەردەوام جلوبەرگی پۆشتە و ڕێك و پێك بوو، زۆر سەردانی ئێمەی دەکرد و لەگەڵ شەمسەدینی مامم زۆر برادەر بوو، بەیەکەوە چەندان جار گفتوگۆی سیاسی و ڕۆشنبیرییان دەکرد و لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش هاوڕێ و ڕەفیقی هەبوو.

فازڵ زۆر حەزی لە ژیانی هەولێر بوو، حەزی دەکرد لە قەڵات بژی و بەردەوام عادەت و تەقالیدی هەولێرییانەی دەپاراست. چ ئەو کاتانەی لە هەولێر بوو یان دەهاتەوە سەری لە خزم و برادەران دەدا و گفتوگۆی سیاسی لەگەڵ ئەوانە دەکرد، کە دەیناسین.

ئەگەر سەرنج لە بارودۆخی سیاسیی گشتی لەو سەردەم بدەین، بە ڕاستی فازڵ لە بەرامبەر ئەو چالاکییانەی هەی بووە و بۆی تێکۆشاوە، کەسێکی بەدبەخت بووە و بگرەی لەلای مێژوونووسان کەم باسی کراوە، لە ڕاستیدا سیاسەتمەدارەکانی ئەو کات گرنگی و چالاکی فازڵیان لەبەر چاو گرتووە. لەوانە مەلا مستەفا بارزانیی ڕەحمەتی و مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و عەلی عەبدوڵڵا و هەمزە عەبدوڵڵا و عومەر دەبابە و هتد...

فازڵ ڕۆڵێکی گرنگی لە هەولێر هەبوو، کە زۆربەی گەنج و لاوەکانی ئەو سەردەمەی هێنایە ڕیزی یەکێتیی قوتابیان و پارتی دیموکراتی کوردستان، هەندێ لەو ناوە دیارانە وەکو، شەهید مەئموون دەباغ و حەیدەر هەمزە و چەندان کەسایەتیی دیکەی شاری هەولێر، ئەو زانیارییانەم کاتی خۆی لە زاری شەمسەدین موفتیی مامم و دکتۆر جەودەت دەباغی برای شەهید مەئموون گوێ لێ بووە.

فازڵ ڕۆشنبیرێکی گەورە بوو، هەرچەندە ڕۆشنبیرییەکەی لە زمانی عەرەبی و تاڕادەیەك تورکی و ئینگلیزی سەرچاوەی گرتبوو، هەوڵی داوە خزمەت بە کورد بکا، بەردەوام خوێنەری گۆڤار و ڕۆژنامە عەرەبییەکانی سەردەمی خۆی بوو، حەزی بە هەواڵی تازە و گرنگ دەکرد، بەردەوام دەیویست بزانێ لەو هەواڵە نێودەوڵەتییانە کامەیان بە قازانجی گەلێکی بەش مەینەتی وەك کوردە.

سەرباری ئەوانە فازڵ نووسەرێکی زۆر باش بوو، جاروبار وتاری بە زمانی عەرەبی دەنووسی و لە گۆڤار و ڕۆژنامە گرینگەکانی بەغدا بڵاو دەکردەوە، مخابن کەسێ نییە بەرهەمەکانی کۆ بکاتەوە و کاری لەسەر بکا، چونکە ئەمانە بەشێکن لە کولتووری کورد.

فازڵ وەك سیاسەتمەدارێکی بە ئەزموون، پێوەندیی پتەوی لەگەڵ دیپلۆماتکار و چالاکوانانی سەردەمی خۆی هەبوو، لەوانە هاوڕێی زۆر نزیکی ئیحسان نوری پاشا و کامەران بەدرخان و بابا عەلی شێخ مەحموودی حەفید و عیسمەت شەریف وانلی بوو، کە دواتر بووە نوێنەری عێراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان، هەروەها چەندان سەرۆك حزب و سیاسەتمەداری عیراقی لە بەغدا و شارەکانی دیکە و کوردستان و هەروەها ئەحمەد عەلی کاکە خان دزەیی و جەمال نەبەز و دەیان کەسایەتیی دیکەی سیاسی و ئەدەبی و کۆمەلایەتیی دیار هاوڕێی بوون.

فازڵ لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانیش ڕۆڵی گەورەی هەبوو، وەك تێکۆشەرێك و سیاسەتمەدارێکی بە ئەزموون بەشداریی کردووە، خاوەن کەسایەتییەکی گەورە بوو. بەداخەوە زوو سەری نایەوە و پڕۆژەی سیاسی و چالاکییەکانی بە ناتەواوی مایەوە و لە ساڵی (١٩٧٤) وەفاتی کرد.

پێم وایە مێژوونووسان هەق وایە بابەت یاخود موحازەرەی تایبەت بە فازڵ تەرخان بکەن، تێیدا ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیری زیاتر روون بکەنەوە و لێی بکۆڵنەوە، چونکە لە دوای خۆی کولتوورێکی باشی سیاسی و ڕۆشنبیری جێهێشتووە و لە ڕێگەی دەرخستنی کار و چالاکیی، پێوەندیی و لاپەڕەی سیاسیی نوێمان بۆ دەردەکەوێ.

ڕەمزی کوڕی دووەمی بوو، مەبەستم لەوانەی لە ژیاندا مابوون، لە ساڵی (١٩٣٤ز) لە قەڵای هەولێر لە دایك بوو، لە هەمان کاتدا دووەم منداڵی سەعید ئاغا بوو، وەك منداڵەکانی دیکە لە قەڵات تەمەنی منداڵیی بەڕێ کردووە، لەگەڵ باوکی سەری لە گوندی تیمار داوە و لەگەڵ باوکی چاوەدێری موڵکەکانیان لەو گوندە کردووە، لە هەولێر خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندیی تەواو کردووە، کە ئەو کات تا پێنجی ئامادەیی دەخوێندرا و دواتر یەکسەر لە کۆلێژ وەردەگیرا.

ڕەمزی زۆر دۆستی فازڵی برای بوو، بەشداریی سیاسی و چالاکیی سیاسیی هەبوو، هەروەها شاهێدی زۆر رووداوی سیاسی و ڕۆشنبیری بنەماڵە بوو، چەندان جار لەلایەن ڕژێمی ئەو سەردەمی عیراق لەسەر بیری کوردایەتی و چالاکیی سیاسی حەپس کراوە. هەروەها ڕەمزی بە هەمان شێوەی فازڵی برای پێوەندی پتەوی لەگەڵ چەندان کەسایەتی و هاوڕێکانی فازڵی برای هەبووە.

ڕەمزی خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز بوو، بایەخی بە جل و بەرگ و مۆدی سەردەمی خۆی داوە، وەك کەسێکی خانەدان مامەڵەی کردووە. بەردەوام

سەری لە دیوەخانی ئێمە داوە، هەرچەندە بە تەمەن لە من گەورەتر بوو، لە هەمان کاتدا هەم دۆستی باوکم وهەم دۆستی من بوو.

ڕەمزی کەسێکی کۆمەڵایەتی بوو، لە هەولێر ناسراو بوو، پێوەندیی پتەوی لەگەڵ بنەماڵە و ناودارانی شارەکە هەبوو، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە هەڵگری ڕێوڕەسم و خاسڵەتەکانی بنەماڵەی ئال سەید ئەحمەدی و خادم سوجادە بوو. پاش تەواوکردنی خوێندن لە هەولێر، لە کۆلیژی ئەندازیاریی کشتوکاڵی لە بەغدا وەرگیرا، خانەوادەیان زۆر هاوکارییان کرد و بە سەرکەوتوویی خوێندنی تەواو کرد.

لە بیرمە فازڵ و ڕەمزی دوو گەنجی زۆر قۆزی قەڵای هەولێر بوون، خەڵکی کە ئەوان بەو شێوەیە دەدی حەسوودییان پێ دەبردن، هەردووکیان بە یەکەوە دەگەڕان و گەمەیان دەکرد، هەتا بە یەکەوە دەچوونە مەکتەب، ڕاستە فازڵ دوو ساڵ گەورەتر بوو، بەڵام هەردووکیان سەرباری ئەوەی دوو برا بوون، لە هەمان کاتدا دوو هاوڕێ بوون. لەگەڵ ئامۆزاکانیان زۆر تەبا و هاوڕێ بوون وەکو قەرەنی ئاغا و کەمال ئاغا و سوار ئاغا و بەهجەت ئاغا و جەلال ئاغا، کە ئەوانیش شەخسیەتی دیار و بەناوبانگی هەولێر بوون.

ڕەمزی شاهێدی زۆربەی ڕووداوەکانی بنەماڵەی خۆیان بوو، پاش باوکی ئەو زیاتر بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی بنەماڵەی چاوەدێری و سەرپەرشتی دەکرد، لەبەر ئەوەی هەم دایکی و باوکی لە شەستەکانی سەدەی رابردوو وەفاتیان کرد، زیاتر ئەو ببووە دەمڕاستی بنەماڵەکە و لە خۆشی و ناخۆشییەکانی بنەماڵە بەشداریی دەکرد.

ڕەمزی کەسێ بوو مەجلیسی خۆش بوو، لە زۆربەی بۆنەکانی هەولێر ئامادە دەبوو، وەك گوتمان زیاتر لایەنی کۆمەڵایەتیی بنەماڵەی گوزارشت لێ کردووە، هەروەها چالاکیی سیاسی هەبوو، لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە پیاوێکی دانابوو، حەزی لە زانست کردووە، بەردەوام کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکانی

دەخوێندەوە و پێوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانیی ڕەحمەتی و شێخ ئەحمەدی خودانی بارزاندا هەبوو. چوار منداڵی لە پاش خۆی جێهێشت، گۆڤەند و بێریڤان و پەری و ژووان.

غازی بچووکترین کوڕی و منداڵی سەعید ئاغا بوو، لە ساڵی (١٩٤٨) لە قەڵای هەولێر لە دایك بووە، لە ڕووی تەمەنەوە لە هەردوو کوڕی دیکەی سەعید لە من نزیکتر بوو، بۆیە هاوڕێی یەکتر بووین و بگرە تا ئێستەش هاوڕێی یەکین، تاکە کوڕ لە ژیاندا مابێ، غازییە.

غازی کەسێکی لەسەرخۆ و ئارام بوو، زۆر بە عادەت و تەقالیدی کۆمەڵایەتیی هەولێر پابەند بوو، وەك براکانی بەردەوام سەردانی دیوەخانی ئێمەی کردووە، زۆر بە تەنگ هاوڕێیەتی و ڕەفاقەت بوو، ئێستاش هەر وایە و پێوەندیمان ماوە. تا ئەو لەحزەیە ئەوەندەی ئاگەداری بم، بەداخەوە ئێستە نەخۆشە و تەندروستیی باش نییە.

## لەبارەی کەسایەتیی زەینەب خان

لەبەر ئەوەی زۆر لەو بنەماڵەیە نزیك بووم، هەق بەخۆم دەدەم باس لە کەسایەتیی زەینەب خان بکەم، بێجگە لەوەی سەرنجی خۆم بە گوێرەی دیتنی خۆم لەبارەی زەینەب خان دەردەبڕم، هەروەها لەو بارەوە سەرنجەکانی باوکم و دایکم و هەندێ کەسانی دیکەش باس دەکەم وەکو ئەبلە وەجیهەی مامۆژنم و کچی جەبار ئاغای کانیی شاعیر و هەروەها مامم شەمسەدین موفتی و هتد..

زەینەب خان جیهانێك بوو تایبەت بە خۆی، زۆر متمانەی بە خۆی بوو، لە ژینگەیەك سەری هەڵدابوو کە تەواوی کولتووری باب و باپیرانی بەشێکی گەورە بوو لە کەسایەتیی وی، قەت یەکسەر بڕیاری لەسەر ئەوەی بەرامبەری نەدەدا، تاکو بە تەواوی دەیناسی، لە بیرمە بە بەردەوامی دایکم سەری لێ دەدا، ئەویش بە هەمان شێوە سەری لە دایکم دەدایەوە، نەیدەهێشت دایکم وا هەست بکا هەر تەنیا ئەو سەری لێ دەدا، بەڵکو گەلێ جاران ئەو، سەعید ئاغای بۆ دیوەخان و ماڵی ئێمە هەڵدەپێچا. ئێستە وێنەکانی ئەوان لە ماڵ و دیوەخانی ئێمە دەڵێی دوێنێ ڕووی داون.

لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ژنێکی جەسوور و بەهێز بوو، بەگوێرەی توانای کۆمەڵایەتیی خۆی مامەڵەی دەکرد، لەنێو ئەوانەی لە هەولێر ئەو ژنەیان دەناسی، ڕێزی زۆری هەبوو، وەنەبێ هەر تەنیا ژنان و ئافرەتان ئەویان ناسی

بێ، گەلێ لە پیاوان وەك کەسێکی خاوەن کەسایەتیی بەهێز لە زەینەب خانیان دەڕوانی، دەتگووت هەموو سیفەتەکانی کەسایەتیی بنەماڵەی خادم سوجادە لەودا کۆکراوەتەو، خاوەن فکرێکی ڕۆشن بوو، قەت حەزی بە غموز نەدەکرد، زۆر گرینگی بەوانە نەدەدا کە کەسایەتییەکی ناڕۆشنیان هەبووبا، وەکو خانەدانان مامەڵەی دەکرد، لەگەڵ هەموو ئەمانەش حەزی بە دادپەروەری و یەکسانی بوو، بگرە هەوڵیشی بۆ بەدیهاتی ئەو ئامانجانەی داوە.

ئەو حەزی لە گفتوگۆی ڕۆژ بوو، بەردەوام ئاگەداری زۆربەی هەواڵی ساسیی کورد بووە، بە تایبەتی لە کوردستانی عێراق، هەر لەو کاتەی پێوەندیی لەگەڵ باوکی و دایکی و دڵدار و ئاسەف و براکانی زۆر خۆش بوو، ئاگەداری گفتوگۆکانی ئەوان بووە و نەك هەر شاهێدی چالاکیی ڕێکخراوەیی و سیاسی ئەوان بووە، بگرە لە گەلێ چالاکی سیاسی و ڕۆشنبیری بەشداریی کردووە.

نەك هەر تەنیا گفتوگۆی بواری سیاسی هەبووە، بەڵکو گەلێ جاران لەگەڵ باوکم باسی کێشەکانی ئەدەبیاتی سەردەمی کردووە، لەبەر ئەوەی خۆی نەك هەر بە زمانی کوردی، بەڵکو بە زمانی دیکەش شیعری نووسیوە، گفتوگۆی زۆری لەبارەوە لەگەڵ باوکم هەبووە، ڕەنگە من هەندێکیانم لە بیر بێ، بۆیە ئەوانە کەسایەتیی و ئاستی تێگەیشتنی ئەو خانمە شاعیر و چالاکوانەی بۆ نیشان داوین.

زەینەب خان لەگەڵ ئەوەی داوای مافی ئافرەتی کردووە و لە ژیانی خۆی بەو مافەوە ژیاوە، کەچی زۆر پابەندی عادات و تەقالیدی کۆمەڵگەی کوردی بووە، هەرچی لە فکری خۆی هەی بووە لە بەرهەمەکانی گوزارشتی لێ کردووە، بەر لە هەر شتێ موتەئەسیر بووە بە فکری نەتەوەیی، کە بە یەکەم

رزگاریکەری داناوە، بەبێ بوونی قەوارەیەك بۆ نەتەوەی کورد، مەسەلەکانی دیکە هێندە نرخ و بەهایان نین.

لەبەر ئەوەی زەینەب خان زۆر زمانی زانیوە، تورکی و عەرەبییەکی باش و فارسی و عیبرییەکی زۆر باشی زانیووە. خاوەن ڕۆشنبیرییەکی فرەوان بووە، پێم وایە بە پلەی یەکەم پشتی بە سەرچاوەی عەرەبی بەستووە، ڕوونیشە لەو سەردەمدا لە عیراق زۆربەی سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی دەستکەوتوون و عەرەبیش لە چەندان وڵات کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەیان چاپ کردووە، بەتایبەتی لە میسر و لوبنان. ئەویش بە وردی چاوەدێری کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی دەکرد و خوێنەرێکی باشی ئەدەبیاتی میسری بوو. بەتایبەتی تۆفیق حەکیم و تەها حوسێن. هەروەها ئەدەبیاتی کلاسیکی عەرەبی و شیعری عەرەبیشی دەخوێندەوە، جگە لە حافز و سەعدی و خەیام و جەلالەددینی ڕۆمی و موتەنەببی ، بابم دەیگوت زەینەب خان کتێبی زۆر باشی هەیە، کتێبخانەکەی پڕە لە کتێبی ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسی و هەتا تورکیش.

زەینەب خان ڕۆشنبیرییەکی سیاسیی باشی لەبارەی کوردەوە هەبوو، لە گفتوگۆکانی دەتزانی بە تەواوی لە مێژووی پارچە پارچەکراوی نەتەوەکەی ئاگەدارە، ئەو تەواوی ئەو ڕۆشنبیرییە سیاسییەی لەسەر کورد هەر لە حاجی قادری کۆییەوە بۆ مابووە، ئەو بنەماڵەیە چەندان ڕۆشنبیری سیاسی پێگەیاندووە و پەروەردە کردووە.

ئەو خاتوونە شاعیرە زۆر گرینگی بە خێزانەکەیان داوە، بەردەوام چاودێریی خوێندنی کوڕەکانی کردووە، لە ئەنجامدا لە کۆلیژی بەرز دەرچوون، سەعید ئاغای هاوسەری پیاوێکی تێگەیشتوو بوو، پەیمانی شیعر و خوێندن و گەلێ بیروڕای دیکەی بە خێزانی داوە و ڕێی لێ نەگرتووە، بۆیە زەینەب خان کەسێکی سەرکەوتوو بووە، بەڵام ئەوەشمان لەبەر چاو بێ، کە بۆ

ئافرەت ئەو سەردەمە زۆر زەحمەت بووە بتوانی دەرکەویّ، ڕەنگە هۆکـار زۆر زۆرن.

ئەو شاعیرە زۆر حەزی لە ئەتەکێت و ڕێوڕەسمی کۆمەڵایەتیی بووە، ڕەنگە بڵێم لە نێو ئەو ئافرەتانەی هـەولێر کـەم کـەس هـەبن وەك وی چـاودێری و ڕێنمایی ئەتەکێتیان کردبیّ، بەتایبەتی لە جلوبەرگ، دەتگوت لە بنەماڵـەی مەلەکی عیراقە، هێندە لە خۆی دەخەفت. ژنێکی تا بڵێی لەسـەرەخۆ بـوو، هێمن و ئـارام بـوو، دایکـم دەیگـوت هەسـتم پێـدەکرد کـە لەگـەڵ ئێمـە دادەنیشت، ڕادەما و بیری دەکردەوە. زۆر جار بینیویانە خۆی بە دەنگی بەرز پیاسەی کردووە و لەگەڵ خۆی قسەی کردووە.

یەکیّ لەو کەسانە بوو، زۆر پشتی بە خـۆی دەبەسـت، دەتـوانم بڵـێم زۆر کاروباری ماڵەوە، هەر خۆی بەڕێوەی دەبـرد، بەڕاسـتی کەسـێکی دڵپـاك و نەجیبزادە بوو، لەو سەردەمەدا ئافرەتی وەك وی نەك هەر لە ژمارەی پەنجەی دەست دەستناکەون، بگـرە دەڵـێم بەتایبـەتی لـە هـەولێر زۆر کـەم دەسـت کەوتوون. ماڵیـان قـەت بـیّ کارەکـەر و خزمـەتکار نـەبووە، بـە تایبـەتی ئافرەتێکیـان لـە مـاڵ بـوو بـە نـاوی فاتیمـەی سـەیدی، هـەر وەك چـۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵ خوشکی خۆی دەکرد بەو شێوەیەش هەڵسوکەوتی لەگەڵ فاتیمەی سەیدی دەکرد، فاتیمەی سەیدی هەتا پیر بوو، هەر لە ماڵی ئـەوان وەفاتی کردووە و هەر لە قەبرستانی ئەوانیش لە ناو خانەوادەی ماڵی سەعید ئاغا ناشتیان, ئەوەش بەڵگەیەکی سـادەیە لەسـەر وەفـاداری و دڵسـۆزی و تەوازوعی زەینەب خان هەتا بۆ کارەکـەری ماڵەکـەیان. نەفسـییەتێکی وای هەبوو، هەر کاتیّ میوان لە ماڵ هەبووا یان میوانی لە ماڵ نەبووا، قەت بـە بچووکی بانگی نەدەکرد، پێی دەگوت: خوشـکم یـان کچـم، ئـەوها بـانگی دەکرد، هەروەها لە ماڵەوەش زۆر پشتی پیّ دەبەست، ئەو کاتانەی لـە مـاڵ

نەبوونایە، متمانەی تەواویان بەو ئافرەتە هەبوو، هەتا زەینەب خان دەیگوت ئەو کاتانە فاتیمەی سەیدی وەکو گەورەی ماڵ وایە.

فاتیمەی سەیدی جل و بەرگی وای لەبەر بوو نەتدەزانی کارەکەرەی زەینەب خانە، وای لە فاتیمەی سەیدی کردبوو، سەعید ئاغاش پرس و ڕای پێ دەکرد و ژنانی قەڵاتێ بەوپەڕی گەورەییەوە تەماشای فاتیمەیان دەکرد. زەینەب خان وەسییەتی کردبوو، کە مردین دەبێ قەبری من و فاتیمەی سەیدی لە یەك شوێن بێت، بنەماڵەی سەعید ئاغا هەر واشیان کرد.

زەینەب خان لەناو ژنان دەیگوت: هەر کەس لە دوای مردنی فاتیمەی سەیدی بچێتە سەر گۆڕەکەی خودا دوعای قبووڵ دەکات، ئەو ژنە ئەوەندە پاك بوو، ئەوەندە لە خودا نزیك بوو، بەهەشتی بوو. هەر لەسەر دەستی زەینەب خانیش قورئانی پیرۆزی خەتم کردبوو.

## بیرەوەریی ڕۆژانی نووسینەوەی مەولودنامە

مەولودی نەبەویی شەریف بابەتێکی فرەوانە و بە روحی خەڵکی هەولێرێ ناسراوە، باسی مەولود و هەولێر بابەتێکی مێژوویی سەردەمی سوڵتان موزەفەفەردین گوگبورییە و پێویستە مێژوونووسان زیاتری لەسەر بنووسن، بەو پێیەی ئێمە بنەماڵەیەکی ئایینی و دێرینی شاری هەولێرین، لە دێرزەمانەوە بابولباب مەولود و ڕێورەسمی مەولود بۆ ئێمە ماوەتەوە.

ساڵی (١٩٥٤ز) باوکم خەریکی نووسینی کتێبی ناسراوی خۆی مەولودنامەی کوردی بوو، باوکم عادەتی وابوو، پاش نوێژی عیشایان دەستی بە خوێندنەوە دەکرد یان دەستی بە نووسین دەکرد، بە تایبەتی ئەو کاتانەی میوان نەبووا، یاخود لە دیوەخان مەجلیسی نەبووبا، جاری وا هەبوو ئەگەر لە دیوەخانیش با، هەر مێشکی لەسەر هۆنینەوەی مەولودنامەکە بوو، بۆیە هەر کاتێ ئەگەر بەیتێکی لێ بنووسیبا، بۆ ئەوانەی دەورووبەری دەخوێندەوە، لەبەر ئەوەی دیوەخانی ئێمە ڕۆژانە دوای عیشا جمەی دەهات، باوکم بۆ شەوی پاشتر هەرچەندی نووسیبا، بەیتەکانی مەولودنامەی، مەبەستم بەیتی نوێیە بۆ ئامادەبووان دەخوێندەوە.

وەنەبێ هەر دوای عیشا، بەڵکو لە ئێوارەشدا باوکم هەر خەریکی هۆنینەوەی بەیتەکانی مەولودنامەی کوردی بوو، هەتا حەزی دەکرد یەکە

یەکە بەیتەکانی بۆ میوانان و ئامادەبووانی بخوێنێتەوە، دواتر لای خۆی چۆنی بیەوێ ڕێکوپێکی بکا و بیچەسپێنێ.

ئێوارەیەکیان زەینەب خان لە مەجلیسی ئێمە بوو، مەجلیسی ئێوارە عەسرە چا-یان پێدەگوت، لەوێ لە حەوشەی ماڵەوەمان چا دەخورایەوە، باوکم لەسەر کورسییەکی بڵند دانیشتبوو، هێواش هێواش فڕی لە پیاڵە چایەکە دەدا، هەتا لە کاتی خوێندنەوەش حەزی بە چای دەکرد، ئەو کاتە کە زەینەب خان میوانمان بوو، باوکم بە دەستێکی چای دەخواردەوە و بە دەستەکەی دیکە دەستنووسی مەولودنامەی کوردیی لە دەست بوو، وەك گوتم هەرچەندە باوکم پازدە ساڵ لە زەینەب خان بچووکتر بوو، بەڵام بابەتی ئەدەبیات و شیعر و بابەتێکی دیکەیە، بەردەوام سەری موناقەشەی دەکردەوە، ئەو ئێوارەیە زەینەب خان خاتوو فاتیمەی سەیدی لەگەڵ بوو، بە وردی گوێیان بۆ باوکم ڕاگرتبوو، باوکم گوتی:

- زۆرم پێ خۆشە ڕای جەنابت لەسەر ئەو مەولودنامە کوردییەی بزانم؟

زەینەب خان گوتی:

- ئەفەندی زۆر خۆشحاڵ دەبم، بەتایبەتی جەنابت بە کوردی مەولودنامەت نووسیووە.

باوکم گوتی:

- ئەمن زۆر حەزم لەو بەشەیە بە تایبەتی بەسەرهاتی سوڵتان موزەففەرەدین گوگبووری.

ئەویش گوتی:

- ئەو بەسەرهاتە لای خەڵکی هەولێر زۆر پیرۆز و موهیمە، شانازی پێوە دەکەن.

- بە ڕاستی جێگەی شانازییە، بۆیە حەز دەکەم بە دەنگی خۆم گوێت لە هۆنینەوەی بێ.

دەستی پێکرد:

**هەرا و بەزم و کەیف بۆ ڕۆژی مولوود**
**دەیانگۆ کوڕەبی شیطان مطرود**
**مظفر نووستبوو پێشی بەیانی**
**گەیشتە خزمەتی گەورەی جیهانی**
**صراحەت پێی دەگۆ ئەی نووری چاوم**
**ئەگەر گیر بی نەیەی بۆ لام نەماوم**
**وەرە زوو بە بۆ شاری مەدینە**
**خلاصم کە لە دەست ئەم دوو لەعینە**
**صفاتی ئەم دوو شخصی پیسی مردار**
**بەژن کورتن بیَ ڕدێنن سوورە ڕوویان**
**ئەگەر دقت بکەی زەردیشە موویان**
**لە حوجرەی مسجدن جیَ یان مەتینە**
**خەریکن ئیش دەکەن لەم ژێر زەمینە**
**تەمایان وایە لەم قەبرەم دەربینن**
**لەناو قەومی فەڕەنگی بمسوتێنن**
**لە دەهشەت ڕاپەڕی نەیما قەراری**
**ندای کرد بیَ وەزیری ئیش و کاری**
**بەیانی خەونی خۆی کرد لای وەزیری**
**وەزیر عاقلَ بوو، ڕیَ ی دا بۆ مەسیری**
**ئەویَ دەم ڕێکی خست چەندان هەزار بار**
**لەگەلَ زێڕ و درەم ڕووی کردە ئەم شار**
**وصولی بوو لەو بۆ شاری مەدینە**
**لە حەژمەت هەردوو چاوی پڕ لە خینە**

دەبا بێتن عموومی ئەهلی شاری
خەڵاتیان کەم وەکو هەوری بەهاری
ئەوی هات دقتی لێ کرد بە قەستی
لە زێڕی پێی دەبەخشی پڕ بە دەستی
نەبوو حاصل مرازی بەم عطایە
دەبا بێتن ئەوی لەم شارە مایە
دەیانگۆ غەیری دوو کەس، کەس نەمایە
قبوول ناکەن عطا پێ یان خەتایە
دەبێ بێن خۆش و ناخۆش ئەم دوو ژاتە
هەتا بەش وەرگرن زوو لەم خەڵاتە
کە هاتن ئەم دوو چاوشینی فەڕەنگی
وەکی خەو بوو لەلای اوصاف و ڕەنگی
ئەوانی دی دڵ گەش بو ئەوێ دەم
سوالی کرد لەوان جێ تان لە کێیە؟
لە شاری دادەنیشتن یان لە دێیە
دەیانگۆ اهلی شارین عارەبنشین
بەدائە ئیشمانە خزمەتی دین
لە منداڵی بە ئیشی چاکە فێرین
لە حوجرەی ساکنین زۆر اهلی خێرین
لە بۆ حجرەی لەگەڵ وان چوو بە توندی
بە ژورکەوت چاوی کەوتە تختەبەندی
کە تەختە داری لابرد ژێرزەمین بوو
وەکو پێبلقە بۆ خوار چین بە چین بوو
لە حجرەی هاتەدەر پاشای هەولێر

**یەقەی هەردوو لعینی گرت وەکو شێر**
**بەرامبەر ڕووتە ڕایخستن بە مەترەق**
**بڵێن ڕاستی نەخۆ دەوکەم بە دوو شەق**
**دەیانگۆ کافرین ئەهلی فرەنگین**
**فیداییینە گەلیٚ نێزیکی مەرگین**
**خەریك بووین بسوڕابا لە بۆمان**
**رسول اللەی ببەین بۆ لای خۆمان**
**لەوێندەر بیسوتێنین کەس نەزانی**
**هەتا کافر بە قوەت بیٚ ئیمانی**
**بە سرعت دەست و پێی هەردووکی بەستا**
**لە بۆ اعدامی وان عالەم دەوەستا**
**لە پێش چاوی اهالی و جملە مللەت**
**سەری هەلادووکی پلدا شا بە حدت**
**لە چاو اظرافي روضي فخری عالەم**
**بە ئەمری ڕێك خرا سەدێکی مەحکەم**
**بە قوولێی بیست گەزو وپانی دوادزە**
**بە ئاسن داڕژا بوو عەینی جادە**
**بە فەظلي حورمەتی ئەو مانگی مەولود**
**خەنی بوو شا گەیشتە جملە مقصود**

لەبەر ئەوەی سوڵتان موزەففەردین گوگبووری حاکمی هەولێر تەمەنێکی باش ژیاوە، نزیکەی هەشتا ساڵ ژیاوە، ماوەیەکی زۆر تەمەنی لەگەڵ سەلاحەدین ئەیوبی بەسەر بردووە و خوشکی صەلاحەدینی خواستووە، بۆیە لە سەردەمی سەلیبییەکان و مەغۆل ژیاوە، بە ڕاستی لە سەردەمی سوڵتان

موزەففەردین هەولێر لە ڕووی شارستانییەت و ئاوەدانی گەیشتە ئەوپەڕی بووژانەوە، سەدان زانا و عالیم لە وڵاتانی دیکە ڕوویان لە هەولێر کردووە.
حیکایەتەکەی سوڵتان موزەففەرەدین گوگبوری بەو شێوەیە، لە خەونیدا پێغەمبەر و سەروەرمان محەمەد درووودی خوای لەسەر بێ، داوای لێ دەکا، بێتە شاری مەدینە، ئێمە دەڵێین مەدینەی منەووەرە، بێتە ئەوێ چونکە نەیار هەن وا دەیانەوێ قەبری وی هەڵکۆڵن، بۆیە سوڵتان بەدوای خەونەکەی دەچێ و لەوێ لە شاری مەدینە دوو پیاوی سەلیبی دەدۆزێتەوە و چاوەدێرییان دەکا، وا خەریکە بە نهێنی لەلایەکەوە لە عەردی کون لێ دەکەن و تونێل لێ دەدەن تا بگەنە قەبری خۆشەویست، سوڵتان هەردووکیان دەگری و هەر لەوێ ئیعدامیان دەکا و شوورەیەکی پتەو لە دەوری مەرقەدی شەریف دروست دەکا.
زەینەب خان هەر کە گوێی لەو بەشە بوو، هەر لە ڕووی ناوەڕۆك و هەم لە ڕووی شێوازەوە رای خۆی دەربڕی و بەشێوەیەکی گشتی پەسندی بابەتەکەی کرد و گوتی:
- ئەفەندی ئەو کارەت بۆ مەکتەبەی کوردی یەکجار موهیمە، هەروا دووره لە خورافات و ئیسرائیلیات. ئەتۆ پشتت بە سەرچاوەی تاریخی بەستووە، بەتایبەتی سەرچاوەی سیرەی نەبەوی و فیقه و شەریعە و تەفسیر.
باوکم گوتی:
- ئەتو شاعیری حەزدەکەم لە مەجالی خۆت سەرنج و تێبینییەکانت بڵێی، مەبەستم مەجالی ئەدەبییە.
لە ڕاستیدا باوکم زۆر ئیعتباری بۆ زەینەب خان دادەنا، ئەو ئافرەتە ژیانێکی زۆری لە ئەدەبیات و شیعر بەسەربردبوو، وەك گوتم لە بنەماڵەیەکی ئەدەبی سەری هەڵدابوو، هەروها باوکم وەکو خوشکی گەورەی خۆی تەماشای دەکرد. ئەویش لەبەر ئەوەی باوکم دەرچووی ئەزهەر بوو، پێی وابوو باوکم

پیاوێکی منەووەرە و ڕووناکبیرە، لە کۆمەڵگەی ئەو کات ئەو مافانەی باوکم باسی دەکرد، کەم کەس هەبوون هەر بەلایەوە بچن، زەینەب خان ژنێکی ڕۆشنفکر و تێگەیشتوو بوو، باوکم ڕێزی لە ئافرەت دەنا و بڕوای بە دادپەروەری و یەکسانی هەبوو، هەروها بەردەوام هانی دەدا تا لە شیعر و نووسین بەردەوام بێ و وتاران بنووسێ، بۆیە لەبەر ئەوەی هەردوولا لە بنەماڵەیەکی زانستی و دێرین و ڕەسەن بوون، زۆر لێك نزیك ببوونەوە و گفتوگۆیان بەردەوام هەبوو، سەرباری ئەوەی هەردوولا خزمی یەکتریش بوون، وەك گوتم ئێمە لە مەلا ڕەئوفەوە خزمین.

دواجار هەر لەو دانیشتنەدا باوکم دەستنووسەکەی دا بە زەینەب خان، تا بە ئیسراحەت بیخوێنێتەوە و سەرنجی خۆی بدا. هێندەی پێنەچوو زەینەب خان پەیدا بۆوە، چونکە زوو زوو سەری لە ماڵی ئێمە دەدا، دەستنووسەکەی هێنایەوە و تەسلیمی باوکمی کردەوە و سەرنجەکانی بە ئاشکرا و روون دەربڕی:

- ئەفەندی.. کتێبەکە وشەی عەرەبیی زۆری تێدایە، ئەگەر پێت بکرێ لە جیاتی وان وشەی کوردی بەکاربێنی.

باوکم بە گوێرەی وەڵامی ئەو کات گوتی:

- لەبەر ئەوی مەوزوعەکە دینییە پێم باش بوو، هەر وشەی خۆی بەکاربێنم، چونکە ئەوانە زیاتر تەعبیر لە مەوزوعەکە دەکەن. رەنگە بۆ مەوزوعێکی دیکە جودا بێ.

هەروەها لە سەرنجەکانی زەینەب خان گوتی:

- ئەفەندی.... زمانی مەولودنامەکە شەعبی و مەحەلییە.

باوکم هەر گوێی دابوویێ، ئەویش درێژەی پێدا:

- ئەفەندی لە ڕووی شێوازی نووسینەوەی حیکایەت و بەسەرهاتەکانی ناو کتێبەکە زۆر بە دڵمە، بە شێوازێکی سەرکەوتووانە نووسراوە، هەرچەندە

مەولودنامە بۆ گوتن و خوێندنەوەیە، بەڵام ئەوەی تۆ لای خوێندەواران بە ڕای من زۆر پەسەندە.

باوکم بە هێواشی وەڵامی دایەوە:

- بە ئەنقەست بە زمانێکی سادە نووسیومە، ویستوومە خەڵگی گوندیش تێ بگەن، چونکە دەمەوێ موخاتەبەی جوتیاران و خەڵکی سادە و تەکییە و خانەقا بکەم و بە ئاسانی ئەو مەفهومانە تێ بگەن کە لە مێژوو و شەریعەتی ئێمە هەن، تاکو بەهای بەرزی ئیسلام لایان بچەسپێنم، ئیستە ئەو ڕێگە بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵکی بەو شێوازە بەلای من زۆر پەسەندە.

دوای مردنی زەینەب خانیش باوکم زۆر جار لە مەجالیسی خۆی باسی مەلا ڕەئوفە فەندیی خادم سوجادەی دەکرد، دەیگوت: کاك ڕەئوف عەللامە و شاعیرێکی بەقابیلیەت بوو، زەینەب خانی کچیشی هەمان ڕێچکەی زیرەکی باوکی گرتبوو و شیعری پڕ مەعنای دەنووسی و قسەی لە جێی خۆی دەکرد. هەر قسەیەکی کردبا حیکمەتەکی عەرەبی یان فارسی یان تورکی دەکردە پاڵپشتی قسەکانی. بە ڕەحمەت بی بابم دەیگوت: ژنم نەدیتووە، قابیلیەتی زەینەب خانی هەبێ. لە حەلی مەشاکل و لە زانایی و دانایی، لە نوتق و مەعلومات و ڕۆشنبیری، لە هەر مەوزوعێکی موناقەشەم کردووە، ئەو لەوسەری هاتووەتەوە.

## کۆکردنەوەی فۆلکلۆری کوردی

کورد فۆلکلۆرێکی دەوڵەمەندی هەیە، لە هەموو بەشەکانی فۆلکلۆر بەرهەمی هەیە، چ لایەنی مەعنەوی چ لایەنی ماددی، فۆلکلۆر بەشێکە لە ناسنامەی کورد، ڕۆژهەڵاتناسان و هەروەها کورد خۆشی دەستیان کردووە بە کۆکردنەوەی ئەو سامانە نەتەوەییە.

لە دەوروبەری ساڵی (١٩٥٦ز) یان دواتر لە بازاڕی ناوخۆیی ئامێری ڕیکۆردەر (تەسجیل)ی بەکرەی گەورە بەدەرکەوت، ڕەنگە زووتر بەکارهاتبێ بەتایبەتی لە ڕادیۆ و ئێزگەی عێراق. لەو ساڵانەدا ئەو ئامێرە لە بازاڕ بووە باو، ئیدی خەڵکی دەیانکڕی. باوکم دانەیەکی کڕی، ئێستاش لەبیرمە ئەو ئامێرەی کڕی بووی، مارکەی (هورینفۆن)ی ئەڵمانی بوو.

شاری هەولێر ڕۆژانە خەڵکێکی زۆری دەوروبەری رووی تێدەکرد، جاران خەڵکی شەوانی زستانیان بە گێڕانەوەی بەسەرهات و هەقایەت بەسەر دەبرد، چ لە هەولێر و دەوروبەری یان کۆمەڵگەی کوردەواری، دیوەخان و مەجلیسی ئێمە بەردەوام ئەو پیاوانەی بەسەرهات و حیکایەتیان دەزانی ڕوویان تێدەکرد چ لە ناو هەولێر یاخود لە گوندەکانی دەوروبەری.

لە گوندەکەی ئێمە، پیاوێ هەبوو ناوی مام عەولا بوو، وا بزانم ئەو کات عومری حەفتا ساڵ بوو، زوو زوو سەری لە دیوەخانێ دەدا، دەنگی زۆر خۆش بوو، زۆربەی داستانە کوردییەکانی لەبەر بوو، وەك بەیت دەیزانی و بە گۆرانیش وەك بەند دەیگوت. باوکم زۆر خۆشی دەویست، لە دیوەخانێ کاتێ

که بەیتەکانی دەگوت، هەموو بێدەنگ گوێمان لێ رادەگرت، ئەمانە پێش دەرکەوتنی ڕیکۆردەر دەگوزەرا، باوکم فکرەی ئەوەی بۆ هات ئەو بەیتانەی مام عەولا تۆمار بکا.

مام عەولا داستانی (ناسر و ماڵ ماڵ) و (لاس و غەزال) و (سیامەند و خەجێ) و گەلێ داستانی دیکەی دەزانی، باوکم هەر جارەی داوای لێ کردبا، دەیگوتەوە، بۆیە هەموو ئەوانەی تۆمار کرد.

وای لێهاتبوو، جاری وا زەحمەت بوو، دەمودەست مام عەولا بگاتە دیوەخان، بەڵام بەکرەکانی مەوجود بوو، لێدەدرانەوە، هەروەها ببووە کولتوورێکی دەوڵەمەندی شارەکە، ئەوەش نەك ئێمە خزم و دراوسێیەکانیشی دڵخۆش کرد.

زەینەب خان بە وردی گوێی لە بەیتە کوردییەکان دەگرت و پێیان سەرسام بوو، هەروەها بە فکرەی باوکم لەبارەی تۆمارکردنی بەیتەکان خۆشحاڵ بوو، بە باوکمی گوت:

- من هەر لە وەختی کچێتیمەوە بەستە و بەسەرهاتی وڵاتی کۆیەم کۆکردۆتەوە و لە سینگی پیرەمێردەکان وەرگرتووە و نوسیوومەتەوە، داوام لە سەعدیی برام کردووە، کە فەرمانبەرە لە مەخموور ئەویش بەستە و حەیرانانم بۆ بنووسێتەوە و ئەویش وای کردووە و پێم خۆشە ئەوانەی لە هەولێریش بنووسمەوە.

باوکم وەڵامی داوە:

- کارێکی زۆر چاکە، هەق وایە نەهێڵین ئەو کولتوورە و سامانە نەتەوەییە بفەوتێ.

زەینەب خان گوتی:

- ئەفەندی حەز دەکەم یارمەتیم بدەی، بزانم کێی دیکە دەناسی، چ لەبارەی فۆلکلۆری کوردی دەزانی.

باوکم ئەوەی هەی بوو، تەسلیمی کرد، هەروەها ناوی ئەو کەسانەی پێ دا، کە دەهاتنە دیوەخان.

وای لێهات لەگەڵ باوکم باسی ئەوەی کرد، دەیەوێ ئەو ماوەیە کار لەسەر کۆکردنەوەی فۆلکلۆری کوردی بکا، لە ڕاستیدا لە قەڵای هەولێر گەلێ لە شێخ و پیاوچاکان و فەلاحەکانی گوندەکان سەردانیان دەکردین، کوێخا کەریم لە گوندی باداوە و حاجی حوسێن لە گوندی ئۆمەر مامەکە و چەندان ناسراو و خەڵکی دیکە دەهاتنە دیوەخان، سەرباری ئەو پیاوانەی هەر لە نێو قەڵا سەردانییان دەکردین، وەنەبێ هەر لە گوندە نزیکەکانی هەولێر سەردانیمان بکەن، بەڵکو بەردەوام خەڵکی لە گوندەکانی قەراج و کەندێناوە و مەخمور و خۆشناوەتی سەریان لێ دەداین، زەینەب خان ئەو سەردانانەی بە دەرفەت زانی و لەگەڵ باوکم ڕێککەوت تا سوود لەو کەسانە وەربگرێ، کە هەقایەت یا هەر بەرهەمێکی دیکەی فۆلکلۆری دەزانن، بۆیە کاری نووسینەوە وا بوو، یا ئەوە تا زەینەب خان بێتە ماڵی ئێمە و لەوێ سوود لەو کەسە وەربگرێ و دەست بە نووسینەوەی بەرهەمی فۆلکلۆری بکا، یا ئەوەتا ئێمە کەسەکە ڕەوانەی ماڵی سەعید ئاغا بکەین.

بە ڕاستی ئەو ڕۆژانە هێندە خۆش بوون، وەکو میهرەجانێك بوو، هەرگیز بیرناچنەوە، پێوەندیی ئێمە و ماڵی سەعید ئاغای زۆر خۆشتر و پتەوتر کرد، ئەو کات زۆر حەزم لە بیستنی هەقایەت و بەیتەکان دەکرد، بە شەوقەوە لە دیاریان دادەنیشتم.

نازانم تا چەند زەینەب خان خەریکی ئەو کارە بوو، بەڵام دەزانم هەم حەکایەت و هەم گۆرانی و بەیتیشی کۆکردنەوە و بەشێکی زۆری تۆمار کردن، پێم وابێ ئەو کاسێتانە یان ماون یان نووسراونەتەوە.

وا بزانم زەینەب خان لیستێکی دروست کردبوو، ناوی هەموو ئەوانەی کە بەرهەمی فۆلکلۆریی لێ وەرگرتبوون، نووسی بوو، لیستەکە لە تۆمارێکی

گەورە بوو، هەروەها سوودی لە چەند کەسێکی گوندی تیماریش وەرگرتبــوو، گوندی سەعید ئاغا، بە تایبەتی لــە حــاجی عەبــدوڵڵای تیمــاری، کــە زۆر بەرهــەم و کەلــەپووری کــوردی ئەزبــەر کردبــوو، دەیزانــی و دەیگێڕایــەوە. هەروەها بەیتیشی دەگوت و حەیرانبێژێکی چاك بوو.

ئەو کارەی زەینەب خان، نووسینەوەی فۆلکلۆری کوردی قۆناغێکی نوێیە لە نووسینەوەی ئەدەبیاتی کوردی بە تایبــەتی لــە شــاری هــەولێر، وا بــزانم دەفتەری کۆکردنەوەی بەرهەمی فۆلکلۆری کوردی ئێستا لای بنەماڵەکــەیان پارێزراوە، ئەگەر هەڵە نەبم هەندێ کاغەزی بیرەوەریشی هەن. هەمووی لەلای مامۆستا مەجیدی برای پارێزرابوون.

## چەند گفتوگۆیەکی ئەدەبی

زۆربەی ئەو جارانەی زەینەب خان دەهاتە ماڵی ئێمە، ئەو کاتەی باوکم لە دانیشتەکان مەوجود با، ئەگەر دایکیشم لەوێ با، ئەو حەزی دەکرد مەجلیسەکە بکاتە گفتوگۆی ئەدەبی، دەتوانم بڵێم مەعریفەیەکی فرەوانی لەسەر ئەدەبیات، بە تایبەتی ئەدەبیاتی فارسی و تورکی و عەرەبی هەبوو، هەروەها مێژوویشی دەخوێندەوە، لەو سەردەمەدا گفتوگۆی ئەدەبی و کێشەی ئەدەبی زۆربەی مەجلیسەکان باوکم و زەینەب خانی پێك دێنا.

باوکم لەگەڵ ئەوەی مامۆستا و زانای دینی بوو، لەبەر ئەوەی لە ئەزهەر خوێندبووی، زەینەب خان پێی وابوو لەوێ باوکم ئاگەداری ئەدەبیاتی عەرەبی میسرییە، هەر بە فیعلیش وابوو، ئەمەش وای کردبوو، باوکم لەگەڵ زەینەب خان باسی هەندێ موناقەشە و کێشەی ئەدەبی عەرەبی و کەسایەتییە دیارەکانی ئەدەبی عەرەبی لە میسر بکەن.

زەینەب خان لەبەر ئەوەی چەندان زمانی دەزانی، هەر بەو زمانانە موتابەعەی ئەدەبیاتی ئەو زمانانەی دەکرد، بە تایبەتی ئەدەبیاتی فارسی و تورکی و عەرەبی. بۆیە کاتێ بە تەنیا لەگەڵ دایکم دادەنیشت، گفتوگۆی بریتی بوو لە باسی شار و زەمانە و مەسەلەی خۆیان، کاتێ لەگەڵ باوکم دادەنیشت زیاتر گفتوگۆی ئەدەبی دەکرد، بەڵام کاتێ لەگەڵ باوکم و دایکم و

خێزانەکەمان دادەنیشت، کە زۆربەی جاران سەعید ئاغاشی لەگەڵ بوو، دەرفەتێکی وەردەگرت و لەگەڵ باوکم موناقەشەی ئەدەبیی دەست پێدەکرد، لە بیرمە زۆرجار کاتێ باوکم گوێی لە قسەکانی زەینەب خان دەگرت، زۆر جار دەمدیت، دەیویست پیاڵە چا بەرز بکاتەوە بیخواتەوە، یەکسەر پیاڵەکەی لە نزیك لێوی ڕادەگرت و دوایی فڕی دەکرد.

ئەو هەرچەندە شاعیر بوو، بەڵام زانیاریی باشی لەبارەی ئەدەبیات و چیرۆك و ڕۆمان و بابەتی دیکەی ئەدەبی هەبوو، هەروەها لە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی و دینی کتێبی دەخوێندەوە، چونکە هەر لە منداڵییەوە چاوی لە نێو ڕۆشنبیران و کتێب و خوێندنەوە هەڵێنابوو.

جارێکیان لەگەڵ باوکم کەوتە گفتوگۆ، ئەو زیاتر گفتوگۆکانی لە شێوەی پرسیار دەکرد، گوتی:

- ئەفەندی، مەوقیفی عیرفان چییە لە ئەدەبیات؟

باوکم وەڵامی دایەوە:

- ئیسلام دینێکی فرەوانە، ئەوەی خزمەتی ژیان بکا، لەگەڵ ئیسلامە، عیرفانیش بەشێکە لە ئیسلام، لە مێژە لە ئەدەبیاتی مە، مەبەستم ئیسلامە، عیرفان پێگەی مەزنی هەبووە، لەوانە ئەدەبیاتی مەلاونا جەلالەدینی ڕۆمی و حافز و سەعدی و عەتتار و حەلاج و ئیبن عەرەبی و چەندەهای دیکە. عیرفان بەشە بەرزەکەی تەصەووفە، بۆیە لە ئەدەبیات زیاتر ڕەنگی داوەتەوە و ئەوەی عیلمی بە عیرفان هەبێ و تێیدا ژیابێ، ئەدەبیاتی بەرزی نووسیووە، عارف دەچێتە قووڵاییەك کەس نایگاتێ، هەموو ئەوانەی لە ئاوی عیرفان خواردوویانەتەوە، ئەدەبیاتی جوانیان نووسیووە، ئەو تەئسیرەش ئەوەندەی خزمەتی ئەدەبیاتی کردووە، ئەوەندە خزمەتی عیرفانی نەکردووە. ئەدەبیات بە تایبەتی شیعر وەك دافعێك بووە، تا ئەوی عارف لە دڵییەتی و لە هەناویەتی بە شیعر دەری ببڕێ، لەبەر ئەوەی مەوزوعەکانی

عیرفان ئەدەبیاتیان دەوڵەمەند کردووە، کەچی ئەدەبیات زەختی سەر عــارفی کەم کردووەتەوە.

زەینەب خان لە جێگەی خۆی پرسیاری وردی دەکرد:

- ئەدی ئەفەندی... ئەو روباعیانەی خەیام دەچێتە خانەی عیرفان.

- ئەو پرسیارە قورسە، دەکرێ بڵێین ئایا خەیام عارف بووە، لە مەسەلەی شەخسییەتی خەیام، زیاتر ڕەنگدانەوەی لەسەر روباعیاتەکانیەتی، دوو جانب دەگرێتەوە لایەنێکی فکری خەیام و لایەنی ئەدەبیاتی خــەیام. لــە ڕاســتیدا ئیمانی خەیام بە حەقیقی لای ئێمە گرنگە، کە ئەو پیــاوە بــووە لــەو ڕووەوە هیچ ئیشکالاتی نییە، بەڵام ئەوەی لە فکری خەیام لە روباعییــەکان هەیــە، دەکرێ بە تەئویل مەبەستم عیلمی تەئویل لە ئەدەبیات موعالەجــە بکــرێ. ڕەنگە قورسیش بێ بڵێن ئایا خەیام عارف بووە یان هەندێ وەك عارف لێــی دەڕوانن، هەندێ بە عارفی نازانن، بەڵام ئــەو خزمــەتی ئــەدەبیاتی کــردووە، ئەوەی گوتویەتی ئەو کفرە نییە، خەڵکی تەفسیری دەکەن، گوتنی کفر، کفــر نییە، خەیام نەقلی کوفری کــردووە، شەخســییەتی خــەیام قــەت وا نــەبووە، ئەوەیە ئەسڵ و پاکیی دینی ئیسلام، نەقلی کفر فەرقی هەیــە لەگــەڵ کفــر، لێرە تەئویل زۆر گرنگە، ئەسڵی بابەت و مەسەلەکەت بۆ دەردەخا.

ئەویش سەرنجی خۆی دەبڕی:

- ئەو مەسەلانە نەك هەر لەلای خەیام لەلای محێدین ئیبن عەرەبی و حافز و سەعدی و شاعیری دیکەش هەست پــێ دەکــرێ، بــەڵام لــەلای خــەیام زۆر بەربڵاوترە و بگرە زۆر فکری وی داگیرکردووە.

زەینەب خان زۆر حەزی لە گفتوگۆی ئەدەبی بوو لەگەڵ باوکم، ئەو کاتــە زۆر گفتوگۆکانی دیوەخان زیاتر باسی بارودۆخی دارایی و ئــابووری خــەڵك و هەندێ جاریش سیاسی و کۆمەڵایــەتی بــوو، بــاوکم زۆربــەی کاتــەکانی لــە مزگەوت و دیوەخان بەڕێ دەکرد، زۆر بە گیروگرفتی خەڵکەوە مەشغول بوو،

تەبیعەتی کارەکەی وای دەخواست، بۆیە ئەویش حەزی بە گفتوگۆی ئـەدەبی دەکرد.

زەینەب خان ژنێکی کراوە بـوو، حـەزی لـە ئـەدەبیات بـوو، ئاگـەداری ئەدەبیاتی وڵاتانی دراوسێ و هـەتا ئـەوروپاش بـوو، دەتـوانم بڵـێم لایـەنی کوردایەتی زۆر بەسەر شەخسـییەت و کـردەوەی زاڵ بـوو، سـەعید ئاغـاش پیاوێکی نەجیب و کراوە بوو، پێت سەیر نـەبێ زەینـەب خـان خـۆی لەگـەڵ فازڵی کوڕی دەچووە مزگەوت.

لە گفتوگۆکاندا باسی شاعیرانی کوردیشـیان دەکـرد، لەکاتێکـدا ئـەوان بنەماڵەی خادم سوجادە، نێوانیان لەگەڵ شـاعیرانی بـەناوبانگی ئـەو کـاتی کورد زۆر خۆش بوو، پیرەمێرد و بێکەس و حەمدی و تایـەر بـەگی جـاف و ئەحمەد موختاری جاف و گۆران و عوسمان عەونی و چەندان شـاعیری دیکـە، هەتا لە هەولێریش سەریان لە ماڵی سەعید ئاغا دەدا.

زەینەب خان حەزی بـە شـیعرەکانی پیرەمێـرد دەکـرد، بەتایبـەتی ئـەو هەوڵەی پیرەمێرد کە پەندی پێشینانی کوردیی لە شیعری زیندوو کردەوە، بە باوکمی گوت ڕات چییە لەسەر شیعرەکانی پیرەمێرد، باوکم وەڵامی دایەوە:

- ئەو خزمەتە لە دوو جانبەوە ئیسـتفادەی هەیـە، لەلایـەك کولتـووری کوردیی پاراستووە، لەلایەکی دیکەوە ئەدەبیاتی کوردیی دەوڵەمەند کردووە، کە فکر و ژیانی کوردی لە شیعردا ڕەنگ داوەتەوە. پێشتر لە ئەدەبی کوردی ناو بە ناو پەند و قسەی نەستەق بەکارهاتووە، بـەڵام بـەو شـێوەیە نـەبووە، یەعنی زیندووکردنەوەی ئەو پەندانە و داڕشتنەوەیان لەسـەر وەزنـی شـیعری کارێکی باشـە، دەتـوانین فکـری کـورد لـەو پەندانـە دەربخـەین، پیرەمێـرد سامانێکی نەتەوەیی پاراستووە، جا ئەو شێوە شیعرەش لە ئەدەبیاتی کوردی کەم بەرچاو دەکەوێ. دەکـرێ چـەند پەنـدێك کـەمتر یـان زیـاتر لـە شـیعر بەکاربێ.

ئەندەی ئاگەدارىم بێکەس برادەرێکی نزیکی دڵـدار و ئاسـەف بـوو، زوو زوو سـەری لـە مـاڵی ئـەوان و سـەعید ئاغـا دەدا، زەینـەب خـان لەگـەڵ بێکەسیش گفتوگۆی ئەدەبیی کردووە و باسی شیعر و ئەدەبیاتی کـوردی لـە نێوانیان هەبوو، کە دلّداری شاعیریش لە زۆربەی جاران لەگەڵ ئاسەف تێیـدا بەشدار بوون. باوکم دەیگێڕایەوە، کە فایەق بێکەس ئەوەنـدە لـە کوڕەکـانی مەلا ڕەئوفی خادم سوجادە نزیك بووە، کاتێ لە هەولێر لە دائـیرەی ئیشـغال کارمەند بووە، هەر لە ماڵی سەعید ئاغا ژوورەکیان داوەتێ و لێی ژیـاوە ، هەر لەوێش لە ساڵی (۱۹۲۸ز) کاتێ نـادی مووەزەفین(نـادی المـوظفین) لـە هەولێر دروست کراوە، شیعرێکی بـەم بۆنەیـەوە نووسـیووە و لـە کردنـەوەی نادییەکە لەگەڵ ئاسەف و سەعدی و سەعید ئاغـا و زەینـەب خـانیش وەك یەکەم ژنی کورد لەگەڵیان ڕۆیشتووە بۆ موناسەبەتی کردنەوەی نادی. لەوێدا فایق بێکەس ئەو شـیعرەی هـەر لـە مـاڵی سـەعید ئاغـا نوسـیووە و لـەو موناسەبەیە خوێندووتیەوە.

بەشێك لە گفتوگۆیانەی باوکم و زەینەب خان باسی فکری نەتەوەیی بوو، یان بیری نەتەویی و تەئسیری لەسەر ئـەدەبیات، ئـەو پێـی وابـوو پێویسـتە هەموو کەرەستەیەك لە پێناو نەتەوەی کورد بـەکاربێنین، چـونکە کـوردیش وەکو نەتەوەکانی دیکە حەقی هەیە ببێتە خاوەن کیانی خـۆی، بـاوکم پێـی وابوو هیچ مانعێکی دینی لەبەردەم فکر و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد نییە.

زۆر جار باوکم لە مەجلیسی خۆی تا پێش مردنیشی کە قسە دەهاتە سەر قسە بە پێکەنینەوە دەیگوت جەماعەتی مەجلیس ئەوانەی کە زۆر لێی نزیك بوون، بە تایبەتی پێش ڕاپەڕین و دواتریش دەیگوت: کوردایەتیی دلّدار بـەو منداڵییەی خۆی هات خوشك و برایەکانی لە کۆیە هێنایە قەڵاتی هـەولێر و ئەو هەموو عالەمەیان لە دارکەر و هیوا وەردا، دوایەش شـەوقەکە گەیشـتە سلێمانی و کەرکووك و بادینان و هەموو کوردستانی گرتەوە.

هەر لەو گفتوگۆیانەدا زەینەب خان پێی وابوو، کورد تا پێش نەکەوێ، بە ئامانجی خۆی ناگا، پێویستە لـە ڕووی زانسـت و خوێنـدن پشـت بـە خـۆی ببەستێ، ئەگەر ئەو وەزعە چاك بێ، ئەگەر فرسەت باش بێ، دەتوانین سوود لە وەزعی نێودەوڵەتی وەربگرین. زەینـەب خـان لـەژێر ئـەو سـەنجانەدا لـە باوکمی پرسی:

- ڕات چییە لەسەر شیعری نەتەوەیی، کە ئێستە زۆربەی شاعیرانی کورد ڕوویان تێکردووە؟

- شیعر وەسیلەیەکە بۆ ئەوی تەعبیر لە موعاناتی گـەلێکی مـەزلومی وەکو کورد بکا، لەو قۆناغەدا کارێکی زۆر چاکە، چونکە شیعر زووتر دەگاتە خەڵکی سادە، ئێمە پێویستمان بە هۆشیاربوونەوە و دەرخسـتنی موعانـاتی کورد هەیە، ئەو کارەش هیچ مخالفی دین نییـە، ڕەنگـە شـیعری نەتـەوەیی لەلای کورد لەگەڵ نەتەوەیەکی دیکە جودا بێ، بۆیـە ئـەو شـیعرە وەڵامـی داخوازییەکانی کورد دەداتەوە، چونکە داواکاریی کورد لەگـەڵ نەتەوەیـەکی دیکە جودایە، ڕەنگە ئەو شیعرە لەلای ئینگلیز هیچ مانایەکی نەبێ.

ئەویش درێژەی دایێ:

- پێم وایە دەبێ شیعر بەشێکی گرنگ بێ لە خەبات و فکـری نەتـەوەی کورد، چونکە چەکێکە دوژمن لێی دەترسێ و بە ئاسانی بە هەموو خـەڵکی دەگا، شیعریش لەمێژە تێکەڵی ڕوحی کورد بووە، تێکەڵبوونی شیعر و فکری نەتەوەیی، هەنگاوێکی زۆر تا خەباتی کورد بەرەو پێشەوە ببا.

وەنەبێ هەر ئەو پرسیاری لە باوکم کردبێ، باوکیشم پرسیاری لێ دەکرد:

- چ شیعرێکت پێ باشە؟

- مەبەستت لە ڕووی مەوزوعەکانی شیعرەوە، پێم باشـە چـوار مـەوزوع تەئسیری لەسەر شیعر دیار بی، فکری نەتەوەیی، بە تایبەتی بۆ ئێمەی وەکو کورد، کە چەندەها ساڵە بەدەست چەوسانەوەی نەتەوەیی دەناڵێنین، ئەوڕۆکە

چەندان شاعیر لەو بوارە شیعریان هەیە، لەوانە پیرەمێرد و بێکەس و گۆران و عەونی و دڵدار و حاجی قادری کۆیی، ئەوەش بەشداری دەکا لە خەباتی نەتەوەیی کورد. هەروەها مەوزوعی دووەم بابەتی یەکسانی لە نێوان تاکەکاندا هەیە، مافی چەوساوان بدرێ، مەوزوعی سێیەم جوانییە لە شیعر چ دەرخستنی جوانیی مرۆڤ یان سروشت، کە خودای گەورە بە ئێمەی بەخشیووە. ئاخر مەوزوع، عیرفانییە لە شیعردا، کە پرسیاری گرنگ لە شیعردا دەوروژێنێ.

باوکیشم سەرنجی خۆی دەربڕی و گوتی:

- بەس باسی ئافرەتت نەکرد لە شیعردا.

ئەویش وەڵامی دایەوە:

- ئەگەر مەبەستت یەکسانی ئافرەتە، ئەوە لە مەوزوعی عەدالەتی کۆمەڵایەتی هەیە، ئەگەر مەبەستت جوانییە لە شیعری کلاسیکی کوردی و ڕۆژهەڵات زۆر باس کراوە، پێم وایە عیلاقەی ئافرەت و ئەدەبیات لەو دوو میحوەرە سەرچاوەی گرتووە. شیعر دەبێ لەگەڵ ئاستی خەباتی نەتەوەیی و پێشکەوتنی کۆمەڵگە بڕوا و هاوکاریی تاکەکانی کۆمەڵگە بکا، هەست و نەستی شاعیر زۆر گرنگە تاکو مەوزوعەکان بە شێوەیەکی جوان بخاتەڕوو.

باوکیشم وەڵامی دایەوە:

- شیعر بووەتە نان و ئاومان، ئێمە لە هەموو سەردەمێ شاعیرمان لە هەموو تایفەیەك زیاتر بووە، لەو سەردەمانەدا تەنیا چەند شاعیرێکمان دەرکەوتوون، بەڵام قەت شاعیرانمان کوردیان پشتگوێ نەخستووە، کورد و شیعر مێژوورییەکی دوور و درێژیان هەیە و تەواو نابێ و هەر بەردەوامە.

# خزمایەتیی زەینەب خان و حاجی قادری کۆیی

ناوی تەواوی شاعیری نەتەوەییمان شاعیری نیشتمان پەروەر و بەناوبانگی کورد حاجی قادری کۆیی، حاجی قادر کوڕی مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا سالْحی کوڕی مەلا ئەحمەدی گەورەیە، دایکی ناوی فاتیمە خان بووە و پێیان گوتووە فاتم (فاتێ) دیارە لە کوردەواری زۆر ناوی وا هەیە لە عەرەبی بەو شێوەیەی لێکراوە. دیارە سەرچاوەی زۆرمان هەیە بۆ سەلماندنی خزمایەتیی نێوان حاجی قادری شاعیر و خانەوادەی خادم سوجادە، لەو سەرچاوانەی کە خۆم بیستوومە قازی ڕەشادە فەندیی باوکم و عزەدین مەلا فەندی ئامۆزای باوکم و مەحمودی مەلا جەمیل خادم سوجادەی ئامۆزای دلْداری شاعیر و مامۆستا مەسعود محەمەدی نووسەر جگە لەوانەش دلْدار لە موزەکەراتی خۆیدا نووسیویەتی دەڵێ: دایکم لە فامیلیای حاجی قادرە. فامیلیا واتە خێزان و خانەوادە واتە زۆر نزیك، ئەویش ئەوەیە دایکی دلْدار و زەینەب خان ناوی زەهوە خانە کچی خورشیدە فەندییە و خورشیدە فەندیش ئامۆزای حەقی حاجی قادرە. هەروەها مەلا مەحموودە فەندیی خادم سوجادەش کە دەبێتە باوکی مەلا ڕەئوفە فەندی خادم سوجادە و باپیری زەینەب خان و دلْداری شاعیر، پورزای حاجی قادری کۆییە، بەڵام بەداخەوە ئەو بەشە لە

موزەکەراتەی دڵدار کە چاپکراوە، هەموو وردەکارییەکی هەتا لەسەر خۆشی بەم شێوەیە نەنووسیوە چ جای ئەوەی لەسەر باوك و باپیرانی بە شێوەیەکی تەفسیلی باسی نەکردووە. باوکم دەیگێڕایەوە، کە بە حوکمی دایکی مەلا مەحموودە فەندی ئەو خزمایەتییە دووبارەکراوەتەوە و کچی خورشیدە فەندی بۆ مەلا ڕەئوف هێناوە و لە دوو سەر لەگەڵ حاجی قادری کۆیی بوونەتەوە بە خزمی نزیك و ماڵی زەهوە خانیش واتە باوك و باپیرانی واتە باپیری زەهوە خان دەبێتەوە بە مامی حاجی قادری کۆیی و لەقەبی بنەماڵەی حاجی قادری کۆیی پێیان گوتراوە عالم زادە بە حوکمی ئەوەی کە پشتاو پشت مەلا زادە و عالم بوونە و چوونەتەوە سەر زانای گەورە واتە باپیرە گەورەی حاجی قادر و خورشیدە فەندی. کە زانای بەناوبانگی سەردەمی خۆی بووە و ناوی مەلا ئەحمەدی گەورە بووە و لە عەشیرەتی زەنگەنە و بنەماڵەیەکی ناودار و خانەدان بوونە.

بنەماڵەی خادم سوجادە نەك تەنیا خزمایەتییان لەگەڵ حاجی قادری کۆیی بووە، بەڵکو خزمایەتییان لەگەڵ دوو شەخسییەتی تری زۆر مەزن هەبووە، ئەوانیش وەکو لە گەورەکانی خۆمانم بیستووە و کە لەگەڵ مەولانا خالیدی نەقشبەندی و نالی شاعیردا باس کراون. ئەو بنەماڵەیەش کەسی وەهایان نەماوە لە ژیاندا ئەو بابەتانە زیاتر ساغ بکرێتەوە و بەدواداچوونی بۆ بکرێت، تەنیا لە چەند سەرچاوەیەکی گرنگ کۆمەڵی زانیاریی هەیە، دواتر باسی لێوە دەکەین.

من پێم وایە دڵدار بۆیە بە وردی ئەو زانیارییانەی لە موزەکەراتەکەی باس نەکردووە، نەیوویستووە ببێتە سێبەری بنەماڵە و باوك و باپیران و تیرە و عەشیرەتەکەی، دڵدار زۆر بە پێش زەمەنی خۆی کەوتبوو، زۆر تەقەدومی بوو، دەیویست خۆی بێت و تەمسیلی خۆی بکات، نەیویستووە خۆی بە هیچ کەسێك و ڕابردووی بنەماڵەکەیدا هەڵواسێت، یاخود لە شەرمی ڕووان بە

پەسندی نەزانیووە، کە زۆر مەدح و سەنای بنەماڵەی خۆی بکات. ئەگەر نـا باوك و باپیرانی من و ئەوانەی خۆم دیتوومن و یان بۆیان گێرامەتـەوە، ئـەو بنەماڵەیە زۆر زۆر لەوە گەورەترن و پڕ بەخشترن کە ئێمە لەسـەریان دەزانـین هەتا بگرە لەو زەمانەی کە مەلا فەنـدی هـەموو دەسـەڵاتێکی هـەبووە لـە هەولێر و کوردستان و لە عیراقیشدا. دڵدار تـەنیا چـیرۆکێکی مـەلا فەنـدی دەگێڕێتەوە و بەڵام قەت نەیگوتووە عەللامە مەلا فەندی کوڕە خاڵی باوکمە و باوکیشم واتە مەلا ڕەئوف خادم سوجادە پوورزای مەلا فەندییە. بەڵام دڵدار عیززەتی نەفسی ئەوەندە بەرز بووە، نەیویستووە بە هیچ کەس خۆی پێناسە بکات، بـەڵام ئەوەنـدە خۆشەویسـتیی بـۆ دایکـی هـەبووە، لەبـەر دایکـی گوتوویەتی و ناوی حـاجی قـادری هێنـاوە، خـۆ لـە هـەمان کاتـدا بـاوکی باوکیشی پوورزای حاجی قادرە و باسی نەکردووە. دڵدار تەنیا بـۆ دوو کـەس ملی کەچ کردووە، ئەویش کە لە باوکم و دایکمم و بورهان جاهیدی شـاعیرم بیستووە، کە ئەو دوو کەسەی دڵدار بۆیان ملکەچ بووە، زەهوەخانی دایکی و زەینەب خانی خوشکە گەورەی بووە و بۆیەش لە موزەکـەراتی خۆیـدا هـەر دەڵێت: دایکم و خوشکی لە خۆم گەورەتر مامۆستا و پـەروەردەکارم بوونـە، لەڕووی رۆشنبیرییەوە سەد دەر سەد لەژێر تەئسیری زەینەب خانی خوشکیدا بووە، لەبەر ئەوەی لە باوکی کەمتر نزیك بووە و هەر زەینەب خـان بـەخێوی کردووە، مەلا ڕەئوفە فەندیی خادم سوجادەی بـاوکی ڕۆشـنبیرێکی گـەورە و دەرچووی حقوق و شارەزا لە علومی دینی و زمانزان و عـەرەبی و فارسـی و تورکی و ئینگلیزی و فەڕەنسی و عیبری زانیووە، خاوەنی چـەندان نووسـین و تەفسیر و وەرگێڕانی شیعری فارسی و عەرەبی و تورکی بۆ زمانی کـوردی و خاوەنی چەندان شیعری کوردی و فارسی و تورکی و عەرەبی بـووە بـە چـوار زمان شیعری دەنووسی. بەداخەوە، تەنیا یەك دیوانە شـیعری لای ئێمـە لـە کتێبخانەکەمان پاراستوومانە.

بنەماڵەی خادم سوجادە هیچ یەکیان لە مەلا مەحموودە فەندی بگـرە تـا دەگاتە مەلا ڕەئوفی کـوڕی و دواتـر زەینـەب خـان و سـەعدی و ئاسـەف و منداڵەکانی مەلا ڕەئوف هیچیان بەدوای مەقام و شوێن و نـاو و ناوبـانگ و شۆرەتەوە نەبوون. تەنیا ویستوویانە کێشەی میللەتی کورد بەرەو چارەسەر و سەرکەوتن ببەن. بە هەموو توانایەکیان هەوڵی بەرزکردنەوەی نـاوی کـورد و کوردستانیان داوە. خۆیان وەکو چرا سووتاون و ڕووناکیان بـە میللەتەکـەیان داوە.

## پێوەندیی بنەماڵەی
## خادم سوجادە و بنەماڵەی بەردخانیان

هەر لە سەردەمی مەلا مەحموودە فەندییەوە، پێوەندییەکی پتەو لە نێوان بنەماڵەی بەدرخانییەکان و بنەماڵەی خادم سوجادەی کۆیە هەبووە ، ئەو پێوەندییەش هەر لەو سەردەمەوە دروست بووە، کە حاجی قادری کۆیی شاعیری نەتەوەیی کورد پورزای مەلا مەحموودە فەندی، بەردی بناغەی ئەو پێوەندییەی داناوە و چەندان جار مەلا مەحموودە فەندی سەردانی ئیستانبولی کردووە، هەروەها سەردانی بنەماڵەی خانەدانی بەدرخانییەکانی کردووە، ئەم پێوەندییە بەردەوام بووە تا گەیشتۆتە منداڵەکانی مەلا ڕەئوف خادم سوجادە و زەینەب خان و سەعدی و ئاسەف. لێرەدا پێوەندییەکە سەردەکێشێ بۆ ئەوەی کە ساڵی (١٩٢٧ یاخود ١٩٢٨ز) مەلا ڕەئوفە فەندی خادم سوجادە لەوانە زەینەب خانی کچە گەورەیی و سەعدی و ئاسەف و سەعید ئاغای سەید عومەر ئاغای زاویان و فایەق بێکەسی شاعیر کە ئەویشیان ئەو کاتە لە هەولێر بووە و فەرمانبەر بووە و وەکو یەکێك لە کوڕەکانی مەلا ڕەئوفە فەندی خادم سوجادە بووە و وەك لە قەدیمەکانی قەڵات بۆ باوکمیان باس کردووە لە خانووە گەورەکەی ماڵی سەعید عومەر ئاغای حاکمی قەدیمی هەولێر و باوکی سەعید ئاغا و حەزووری زەینەب خان، ژوورێکیان داوەتە فایەق بێکەس و حیسابی فایەق بێکەس، کە دەگێڕنەوە لەلای مەلا ڕەئوف و

زەهوەخان و زەینەب خان زۆر لە پێشتر بووە لە سەعدی و ئاسەف و دلـدار و سەعید ئاغا. هەمیشە دەڵێن مەلا ڕەئوف گوێی لێگرتووە و یەکجار زۆریش خۆشی ویستووە.

هەر لەو ساڵەدا ئەو بەڕێزانـەی سـەرەوە بـە مەبەسـتی بەشـداربوون لـە کۆبوونەوەی خۆیبوون لە دیمەشق لە ماڵی عومەر ئاغا شەمدینی کـە لـەوێ ئالآیەکی کوردستان دانراوە و لەگەڵ کۆمەڵێك کەسایەتیی دیار و ڕۆشنبیر و پیاوماقوڵانی خانەدانی ئەو سەردەمە، وەکـو حـاجۆ ئاغـا هـەڤێرکی، مـیر جەلادەت بەدرخان، دکتۆر خدر، سەلاح زولفۆ و قەدری بەگ جـەمیل پاشـا، عومەر ئاغای شەمدینی، عوسمان سەبری، دکتۆر نـافز بـرای نـورەدین زازا، عەلی ئاغا زولفۆ لەگەڵ چەندان کەسایەتی دیکەی کوردپـەروەر و ڕوونـاکبیر کۆبوونەتەوە.

دوای مردنی مەلا ڕەئوف خادم سوجادە و مردنی منداڵەکانیش ئاسەف و دلدار، بنەماڵەی بەدرخانییەکان ئەم خانەوادەیان لە بیر نەکردووە و لە ساڵی (١٩٥٣) بووە کە خاتوون ڕەوشەن بەدرخان خێزانی میر جـەلادەت بـەدرخان هاتۆتە بەغدا و لەوێشەوە بە یاوەری نەجمەددین عەونیی برای محەمەد عـەلی عەونی بۆ سەردانی ماڵی مەلا ڕەئوف خادم سوجادە هاتوونەتە کۆیە و چەند شەوێك لەلای زەهوە خانی خێزانی مەلا ڕەئوف خادم سـوجادە ماونەتـەوە و لەبەر خانم ڕەوشەن بەدرخان، زەینەب خـان و سـەعدی و حەمیـدی براشـیان لەوێ لە خزمەت ئـەو میوانـە بەڕێزانـەدا بـوون لەگـەڵ سـەعید ئاغاشـدا. هەروەها لە ساڵی (١٩٧٠ز) کاتـێ کامـەران بـەدرخان دێتـە بەغـدا لـەوێ پێوەندیی بە فازڵی کوڕی سەعید ئاغا و زەینەب خاندا کـردووە و سـەردانی ماڵی فازیڵ کردووە لەلایەن فازڵ و خاتوون زینـی کچـی عەبـدوللا سـامی، خێزانی فازڵ بە گەرمی پێشوازیی لێ کراوە.

# دانانی چاپخانه

لە زاری باوکم کە لە موفەکەرەکەی باغەڵی ئیشارەی بە دامەزراندنی چاپخانە داوە، لێرەدا باسی دەکەم کە پرۆشکی شۆڕشی چاپ و چاپخانە و ڕۆژنامەگەری زۆر درەنگ گەیووەتە نێو کورد، ئەگەر سەرنج لە پێشکەوتنی بیری نەتەوەیی کورد بدەین، ڕۆژنامەگەریی ڕۆڵێکی گەورەی لە پەرەسەندنی بیری نەتەوەیی کورد هەبووە، بەتایبەتی لە بڵاوبوونەوەی خوێندن بە زمانی کوردی و پەرەسەندنی زمانی کوردی لە بوارەکانی نووسین و خوێندنەوە.

وەکو دەرکەوتووە ناوەندەکانی دەرەوەی کوردستان، بەتایبەتی پایتەختەکانی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، زیاتر بە هۆی کاری رۆژنامە و ڕۆژنامەگەری، چاپکردنی کتێب بە زمانی کوردی تێیدا بووژاوەتەوە، ئەوەتا یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە شاری قاهیرەی دوور لە کوردستان چاپ بووە.

لەبەر ئەوەی بنەماڵەی خادم سوجادە لە زووەوە تێکەڵی ئەو پەرەسەندنانەی نەتەوەکانی دیکە بوون، هەستیان بەوە کردووە ڕۆژنامە و چاپخانە چەند لە بەرژەوەندیی بیری نەتەوەیی کوردییە، ئەوان لەو ڕوانگەوە بیرێکی پێشڕەوانە و ئەدەبی و کولتووری و نەتەوەییان هەبوو، ڕووداوەکەش بەم جۆرەیە، لە خوانێکی ماڵی سەعید ئاغا، لە ساڵی (١٩٤٧ز) ڕووی دا، باوکم لەوێ داوەت کرابوو، لە داوەتەکە چەند خەڵکێکی دیکەش لەوێ بوون،

لەپڕ یەکسەر هەردوو برا یونس دڵداری شاعیر ناسراو و ئاسەفی برای لەوێ پەیدا بوون، لە ڕاستیدا ئەوان بۆ خوانەکە داوەت نەکرابوون، دەتگوت هاتوون کارێکی بە پەلە یان تایبەتیان بە سەعید ئاغا هەیە، کە هاتن دیتیان سەعید ئاغا هەندێ خەڵك و لە نێویاندا باوکمی داوەت کردووە، داوای لێبووردنیان کرد، دواجار دەرکەوت هەدووکیان هاتوون هەندێ پارە لە سەعید ئاغا وەربگرن، بێگومان پارە لە زەینەب خانیش، کە مەبەستمان هەردووکیانە، وەك دەرکەوتبوو ئەو بابەتە پێشتریش کرابۆوە، دڵدار بە سەعید ئاغای گوت:

- ئەلعان چاپخانەی باشمان تاقیب کردوون.

سەعید ئاغا وەڵامی دایەوە:

- دەزانم کاك ئاسەف، کاك یونس، ئەنگۆ باش فکرتان لێ کردووەتەوە؟!

دڵدار وەڵامی دایەوە:

- ئەدی چۆن، هەموو حیسابێکمان کردووە.

- ئێ باشە،.. خۆ مەبەستم مەبلەغەکە نییە؟ مەبەستم سەرکەوتنی پڕۆژەکەیە.

ئاسەف وەڵامی دایەوە:

- ڕاستە ئەو مەشروعە بۆ کاری قازانج دانراوە، بەڵام کاری گەورەتر و باشتری پێ دەکرێ، ئەوە کاری قەومیێکە، بۆیە زەرەریشی بە قازنج حیسابە.

سەعید ئاغا مەبەستەکەی زیاتر روون کردەوە:

- غەڵەت تێم مەگەن، هەر دەمەوێ هەندێ ئیستفسار بکەم؟

دڵدار وەڵامی دایەوە:

- بەڵێ وەك گوتمان چاپخانەکە لە کۆیە دادەنێین، لە کۆیە دای دەمەزرێنین.

سەعید ئاغا دیارە پێشتر هەندێ گفتوگۆی کردبوو:

- باشە وەك گوتم بۆ چاپخانە لە شارێکی گەورە دانامەزرێنن، ئەنگۆ ئەوەی چاپی دەکەن دەیفرۆشنەوە، لە شاری گەورە بازاڕتان باشتر دەبێ، هەتا ئەگەر لە حاڵەتێك زەرەریشتان کرد، با ئەوەندە زۆر نەبێ.

دڵدار وەڵامی دایەوە:

- ئێمە موافەقەی ئوصولیمان وەرگرتووە و قائیمقامی کۆیە ڕازی بووە، لەوێ دایمەزرێنین، دوایش لەوێ ڕەفیق و برادەر و ناسیاو و شوێنمان هەیە، با لەوێ تەجروبەی بکەین، ڕەنگە لە هەر شارێکی دیکە بێ کێشە و گرفت نەبێ.

سەعید ئاغا هەر زەینی لەوان دەدا و چاوەڕێی قسەی زیاتر بوو، دڵدار درێژەی دایێ:

- ئێمە پرس و رامان بە پیرەمێرد و گیو موکریانی کردووە، هەروا سەرمان لە بەغدا و موسڵ داوە، مەعلوماتی تەواومان کۆکردۆتەوە، ئێستا جۆر و قیمەتی چاپخانەکان دەزانین، هەتا دەزانین کێن ئەو تاجرانەی لە خاریج دەیهێننە عیراق.

ئاسەفیش گوتی:

- موافەقەی قائیمقامی کۆیەمان بە خەتی وەرگرتووە. ئەلعان برادەرێکمان لە بەغدا وا خەریکە چاپخانەیەکمان لە خاریج بۆ دێنێ.

سەعید ئاغا دوا جار گوتی:

- ئەمن پێم وایە لەو مەشروعە زەرەر دەکەن.

دڵدار وەڵامی دایەوە:

- ئەگەر یارمەتیمان دەدەن سوپاستان دەکەین، ئەگەرنا خۆم بە تەنیا ئەو مەشروعە جێبەجێ دەکەم، دەمەوێ رۆژنامەیەکی ڕۆژانە دەربکەم، هەروەها مانگانە گۆڤارێك دەرکەم و دەزگەیەکی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبان بۆ ئەدیب و شاعیران بکەمەوە.

پاشان ئاسەف دەستی بە قسان کرد:

- بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و کولتوور و ئەدەبیات بۆ کۆمەڵگەی کوردی زۆر پێویستە، بگرە کورد لەم قۆناغەدا لە پێناو هۆشیاربوونەوە و پاراستنی زمانەکەی پێویستی بە چاپخانە هەیە، نەك هەر لە کۆیە، بەڵکو لە زۆربەی شارەکانی کوردستان پێویستە چاپخانە هەبێ، تا ئێمەش وەکو گەلانی دیکە ببینە خاوەن ڕۆشنبیری و کولتووری خۆمان و بۆ چاپکردنی کتێب هەم سەرچاوەیەکی هەرزان هەبێ و هەم مەجبووری خەڵکی دیکە نەبین.

سەعید ئاغا هێشتا عەقڵی نەدەبڕی، بۆیە گوتی:

- کاکی من.. کاك ئاسەف... عەزیزم کاك یونس... ئەنگۆ مەحامیی بەڕێزن، مەحامیی باشن، مەحامیی بە مستەوان، ئەمن ڕام وایە ئێوە کاری مەحامات بکەن باشترە لەو مەشروعە.

ئەو قسەیەی سەعید ئاغا نەك هەر یونس دڵدار و ئاسەفی تووڕەکرد، لەگەڵ وان زەینەب خانیش تووڕە بوو، سەعید ئاغا تەنیا مایەوە، زەینەب خانیش بە تەواوی چووە بەرەی دڵدار و ئاسەف، لەبەر ئەو ڕای خۆی گۆڕی و گوتی:

- ئەمنیش لەسەر ڕای ئێوەم، حازرم یارمەتیتان بدەم، چۆنتان پێ باشە با ئەوها بێ.

سەعید ئاغا پیاوێکی دڵساف و بێگەرد بوو، خەمی پارەی نەبوو، بەڵام حەزی دەکرد کارەکان بە بەرنامە و ڕێکوپێکی بەڕێوەبچێ، ئەو حەزی دەکرد هەولێر لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە گرنگی پێ بدرێ، چونکە هەولێر مەرکەزی شارەکەبوو.

دڵدار و ئاسەف ڕێوڕەسمی مامەڵە و ڕەزامەندیی ئوصولی کارەیان تەواو کرد و پارەی چاپخانەکەیان تەسلیم کرد و کاغەزی وەرگرتنیان لابوو، ئەو

کارانەیان لەگەڵ تاجری عەرەبی لە بەغدا کرد، ئەو سەردەم وەزع وەك ئێستا نەبوو، کارەکان لە ڕووی تەکنۆلۆجییەوە هێندە بە ئاسانی بەڕێوە نەدەچوون.

دڵدار و ئاسەف ئەو کارەیان لە ڕەوتی گەشەسەندی بیری نەتەوەیی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردییەوە سەرچاوەی گرتبوو، هەرچەندە فکرەکەیان ئەوها بوو لە کۆیە دەست بە کاربکەن، هەتا کۆیە بکەنە مەرکەزێکی گرنگی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و چاپەمەنی و سیاسی لە سەرتاسەری کوردستان، بەڵام نێوان هەولێر و کۆیە پێوەندیی زۆر بەتین هەبوو، کۆیە مەڵبەندێکی گرنگی ڕۆشنبیری و ڕۆشنفکری ناوچەکە بوو.

تاجری عەرەب لە بەغدا لە سەردەمی مەلەکی بەگوێرەی ئەو عەقدەی لەگەڵ دڵدار و ئاسەف کردبووی، پاش چوار مانگ لە ساڵی (١٩٤٨ز) خەبەری نارد کە چاپخانە گەیشتووەتە بەغدا، بەڵام کارەکان بەو شێوەیە بەڕێ نەچوو، کە بەرنامەی بۆ دانرابوو، چارەنووس ژیانێکی دیکەی نیشان دا، کە کەسمان تەوەقوعمان نەدەکرد.

# زەواجی دڵدار

دڵدار گەنجێکی قۆز بوو، لە رووی بنەماڵەوە خانەدان بـوون، بـۆ خۆشـی خـاوەن کەسـایەتییەکی بـەهێز بـوو، هـەروەها سیاسـەتمەدار و شـاعیرێکی گەورەش بوو، پێوەندیی لەگەڵ کەسایەتییە گرنگەکانی کورد لە هـەر چـوار پارچەی کوردستان هـەبوو، لـەو تەمەنـە کورتـەی ویـدا چـەندان چـالاکیی رۆشنبیری و سیاسی و ئەدەبی هەبوو، بەردەوام لە رێگـەی نێـوان هـەولێر و کۆیە و سلێمانی و بەغدا بوو، ئەو لەگەڵ شیعری سیاسی هـەروەها شـیعری دڵداریشی هەن، کە دیـارە زۆربـەی شـاعیرانی کـورد هـەر بـەو شـێوە لـەو سەردەمەدا، هاتوون.

نەم بیستووە دڵدار لەبارەی زەواج خەمی لە خۆی خواردبێ، ڕەنگە هەندێ پێوەنـدیی هـەبووبێ، بـەڵام چـالاکی و جموجولـەکانی ئـەو لایەنـەی زیـاتر دەرنەخستووە، هەر چۆنێك بێ زەینەب خان هەرچەندە خوشکی گەورەی دڵدار بوو، لە هەمان کاتدا سەرپەرشتیار و رێبەریشی بوو، لە سەرەتای (١٩٤٦ز) بە دوای کچێکی چاك بۆ دڵدار غەمی لێ نیشت.

لە ڕاستیدا ئەگەر باس لە پێوانەی ئـەو سـەردەم بکـەین بـۆ زەواج، بـە نیسبەت دڵدار، دەتوانین بڵێین بۆ زۆر درەنگ بوو، لەو سـەردەم لـە تەمـەنی شازدە ساڵی و بەسەرەوە کوڕ و کاڵان ژنیان دەهێنا، کەم هەبوو کـوڕ بگاتـە بیست و پێنج و بەسەرەوە ژنی نەهێنابێ، ئەو ساڵە دڵدار نزیکی سی سـاڵی

کردبوو، کەچی هێشتا ژنی نەهێنابوو، لە چالاکیی سیاسی و ئەدەبی ماندوو نەدەبوو، ڕەنگە ژنی هەبووبا، هێندە چالاك نەبووبا.

ڕەنگە زەینەب خان لای ئێمە گوتبێتی کە بابەتی زەواجی لای دلّدار کردبێتەوە، بەڵام بێگومانم وەك چۆن چەندان بابەتی گرنگی لای وی باس کردووە، بە هەمان شێوە ئەو بابەتەشی باس کردووە و ڕەزامەندیی وی وەرگرتووە، هەر هیچ نەبێ پێی گوتوە، کە درەنگە دەبێ ژن بێنێ، لەلایەکی دیکەوە دلّدار کەسێکی هۆشیار بووە، خۆی چارەنووسی خۆی زانیووە، ڕەنگە تا ئەو ساتە، مەبەستم سالّی (١٩٤٥- ١٩٤٧)ە، کەسێکی وای نەکەوتبێتە بەر چاو، بۆ ئەوەی زەواجی لەگەڵ بکا.

لەو ماوەیەدا ڕۆژێکیان زەینەب خان ڕووی لە مالّی ئێمە کرد، لەلای باوکم دانیشت، ئەو جارە هیچ بابەتێکی ئەدەبی و سیاسی و نەتەوەیی باس نەکرد، بگرە لە ڕەنگ و ڕووی بە جودا دەرکەوت، دەتگوت بۆ مەسەلەیەکی دیکە، هاتووە، سەرەتا بێدەنگ بوو، پاشان بە باوکمی گوت:

- ئێستە ڕۆژی ئەوەیە غەم لە زەواجی یونس بخۆم.

باوکم گوتی:

- خۆ ئەو گچکە نییە، بۆ تا ئێستا غەمی لە خۆی نەخواردووە.

زەینەب خان وەڵامی دایەوە:

- ڕەنگە خەتای ئێمەشی تێدابێ، تا ئێستا غەممان لێ نەخواردووە، بەڵام ئێستا بە جددی بۆ دلّدار بەدوای ژنێکەوەم.

باوکم وەڵامی دایەوە:

- کارێکی چاك دەکەن، ئەوە ڕوکنێکی ئیمانە.

- با.. ئەفەندی یەکسەر بێمە ناو مەوزوع.

- بەڵێ...

- به ڕاستی ئەمن وەکو خوشکی گەورەی دلّدار هاتووم، عەدەوییەی خوشکزات بۆ یونسی برام بخوازم.

باوکم به دلّخۆشییەوە گوتی:

- ئەمن پشتگیریی ئەو زەواجەی دەکەم و زۆرم پیٚ خۆشە، ئێمە دووبارە خزمایەتیمان نویٚ دەکەینەوە.

زەینەب خان گوتی:

- یونس پیّی خۆشە، بۆ کارەکانی دیکەی ئەمنی سەر پشك کردووە، دیارە ئێستا هاتوەتە قەناعەت زەواج بکا.

باوکم وەلاّمی دایەوە:

- ئەلعان ئیشی نگۆ تەواو، باقی کارەکانی دیکە بۆ مامۆستایەکی دینی وەك من جێبهێلّە، ئەمن هەم خالّی کچەم و هەم مامۆستای دینی، لەوەتان باشتر دەست ناکەویٚ.

زەینەب خان زۆر مەدح و سەنای باوکمی کرد و وەك برایەکی بچووکی خۆی وەسفی کرد، کە یونسیش برا بچووکیەتی، دواجار باوکم هەموو کاروبارەکانی جێبەجیٚ کرد، چوە مالّی پلکم و مەوزوعی کردەوە و کچەی بۆ دلّدار خواست.

بە ڕەزامەندیی هەموو لایەك کاروباری داخوازیی کچە بۆ دلّدار بەڕێوەچوو، کچە بووە دەستگیرانی دلّدار، ئەو ڕۆژە بووە دوو جەژن، دلّدار هەم زەواجی کرد و کەسێکی خواست کە خزمایەتیی ئێمەی ژیاندەوە، هەم جەژنی هێنانی چاپخانە و بەدیهێنانی ئاواتی ئەدیبانی کورد و کۆیە بکاتە سەنتەری چاپ و بلاّوکردنەوە.

گومان لەوە نییە سەعید ئاغا زۆر پشتگیریی زەینەب خانی کردووە و لە ڕووی ماددی و مەعنەوی یارمەتیی ئەوانی داوە، دیاریشە ئەوەندە دلّدار لە مالّی سەعید ئاغا ژیاوە، هێندە لە مالّی باوکی لای مەلا ڕەئوف نەژیاوە.

دڵدار لەو ماوەیەدا هەم بە هۆی مارەکردن و تەواوبوون و جێبەجێکردنی کاری چاپخانە زۆر دڵخۆش بوو، لەو سەروبەندەدا خانوویەکی پێنج سەد مەتری لە کۆیە بۆ چاپخانەکە دابین کرد، ئەوان زەوییان لە ناو کۆیە هەبوو، بۆیە لە بەرامبەر مزگەوتی خۆیان لە گەڕەکی بەفری قەندی خانوویەکی بۆ تەرخان کرد. کە ئەو خانووە موڵك و تاپۆی زەمانی باپیر و باوکی بوو لە گەڕەکی بەفری قەندی، کە دەرگەی بەرامبەر دەرگەی مزگەوتی خادم سوجادەی خۆیان بوو.

# چارەنووسێکی تاریك

چ جیاوازییـــەك هەیـــە لـــە نێـــوان کەســـێ دەمـــێنێ و چـــەند ئـــازیزێکی سەردەنێنەوە، ژیان و مردن وەك یەکە، مردن هەقە، بـەڵام چـۆن مردنێـك؟! هەروەك چۆن لە دایك دەبین ئـەوها ڕۆژێ دەمـرین، هـەموو نەفسـێك دەبـێ مردن بچێژێ، مردن تێربوونی ژیانە، بەڵام ئەدی ئەگەر لە ژیان تێر نەبووبی، ئەوە چارەنووسێکی تاریکی پێ دەڵێن، خەونـەکانی جوانەمـەرگ، بـە لاوی سەری نایەوە و هێشتە مایبوو، ئەو خەونانەی چوونە ژێر گل وایان لێ هات، کە تەعبیر لە چارەنوسێکی تاریك بکەن.

چارەنووسێکی لەو شێوە هەموو رۆژێ لـە پێشـمانە، ژیـانیش بـۆ خـۆی چەندان ڕووداوی لەو جۆرەی تێدایە، کە ناکرێ ئاوات و ئامانجەکان بگەیەنێتە کەنارێکی ئارام، تا دوا هەناسـە هـەر بـە ئـاوات و تـامی ژیانـەوە گـوزەر دەکەین، چونکە ژیان ژیانە و مردنیش مردنە.

ئەوەی کە تەوەقوع نەدەکرا و نەدەبووا ڕوویدا، ڕووی دا، سـاڵی (١٩٤٨) ساڵێکی تاریك بوو، ئەو ساڵە بە نیسبەت بنەماڵەی خادم سوجادەوە وشك و برینگ بوو، ئەو ساڵە کۆمەڵێ خەونی گەورەی کورد لە کوردسـتانی عـێراق لەگۆڕ نرا، ئەو خەونانە بۆ ئەوە بـوون ڕەوتـی ڕۆشـنبیری و ڕوونـاکبیری لـە

هەولێر و کۆیە و دەوروبەری زۆر گەشە بکا، بەڵام چەرخی چەپگەرد، بەرەو لایەکی دیکەی سووڕاند.

دڵدار پێش ئەوەی ژن بگوازێتەوە، لە هەولێر وەفاتی کرد، کارێکی زۆر و تەمەنێکی کورتی هەبوو، مەرگ لە یەکێ لە بچووکترین منداڵەکانی مەلا ڕەئوف دەستی پێکرد، لە یەکێ لە چالاکترین و بە جموجولترین کەسی کورد لە کوردستانی عیراق دەستی پێکرد، لە ڕاستیدا ئەو چالاکی و تەمەنەی دڵدار لەگەڵ یەك بەراورد بکرێن، دەبێ ڕێز لەو شاعیرە گەورە و چالاکوان و سیاسەتمەدارە گەورەیە بنرێ.

لە بارەی وەفاتی دڵدارەوە لە هەولێر خەڵك دوو ڕیوایەتیان بڵاوکردەوە، یەکێکیان گوتیان ئەوە لەبەر کاری سیاسی و کوردایەتی لە لایەن حکومەت ژەهرخواردوو کراوە، یەکێکی دیکەشیان گوتیان ئەوە جەڵتە لێی داوە، ئەوانەی باسی جەڵتەیان دەکرد زیاتر پیاوانی حکومەت بوون و لە دەوام و دائیرەکان ئەو قسانەیان دەکرد. بەڵام وەکو پێشتر باسمان کرد زەینەب خانی خوشکی بە باوکمی گوتبوو: دڵدار ماوەیەك بووە لە دڵەڕاوکێ بووە و بە زەینەب خانی گوتووە، دەوڵەت نیازی خراپە لەگەڵ هەردووکیان دڵدار و ئاسەف. بۆیە بە بڕوای زەینەب خان مردنی ئاسەف و دڵدار کە مانگێکیان نێوان بوو هەردووکیان لەو عومرە گچکەیە مردن، بێ ئەسەر نەبووە و حکومەت کوشتوونی. پێش کوشتنی ئەوانیش کار لەسەر لەناوچوونی حزبی هیوا کراوە. دوو جاران لەلایەن دەوڵەتی عیراق ئاسەف و سەعدی و دڵدار دەستگیرکراون و بە هەوڵ و تەقەلای سەید محەمەد ئاغای نەقیب ئامۆزای سەعید ئاغا ئازاد کراون.

هەتا ئەمن بۆ خۆم لە مامۆستا مەسعود محەمەدم گوێ لێ بووە، دەیگوت بڕوا ناکەم دڵدار و ئاسەف بە مردنی خۆیان مردبن، دەیگوت عەزەمەتی دڵدار و ئاسەف تەنیا ئەوە نەبووە، دارکەر و هیوایان

دامەزراندووە، بەڵکو زۆر بە خێرایی کۆیە و هەولێر و سلێمانی و کەرکووك و هەڵەبجە و ڕانیە و دەڤەری بادینان و بگرە هەموو کوردستانیان لێك گرێ داوە و هەرچــی ڕۆشــنفکری کوردســتان هەیــە لــە دەوری دارکــەر و هیوایــان کۆکردووەتەوە و خۆشیان لە زەعامەتی حزبایەتی دوورخستوەتەوە، خـەڵکی وەکو مامۆستا ڕەفیق حیلمی و خەڵکی دیکەیان کردۆتــە واجیهــەی حـزب و ئاواتیان تەنیا و تەنیا نەتەوەیی کورد بووە، بۆ ئەوەی بە ئامانجەکانی بگات.

هەتا مامۆستا مەسعود محەممەد لەگەڵ شوکور مستەفا لە دیوەخانی ئێمە میوان بوون، گوتی: دڵدار کـاتی خـۆی هـاتبووە لای باوکم(جـەنابی مـەلای گەورە)، پێی گوتبوو: وەرە جەنابت ببە پێشەوامان و حەرەکەیەکی کـوردیی بەهێز دروست دەکەین. مامۆسـتا مەسـعود لـە قسـەکانی بـەردەوام بـوو، دەیگوت: کەس هێندەی من لە نزیکەوە شارەزای عەزەمەتی دڵـدار نـەبوو، خودا دەزانێ پەشیمان نیمە، ئەگەر بڵێم ئەوەندە فکری واسع بوو، سەدوپەنجا ساڵ پێش زەمەنی خۆی کەوتبوو.

بەداخـەوە تەمــەنی کـورتی دڵـدار، گـەلێ چـالاکیی شـاردەوە و گـەلێ مەسەلەی دیکەی بە شاراوەیی بەجێهێشت، هەم لە بارەی ژیانی خۆی و هەم لەبارەی ژیانی بنەماڵەکەیان و پێوەندییەکانیان.

ڕەنگە تا ئێستە باسی دەستگیرانی دڵدار زۆر کەم یاخود هەر لـە کـۆڕ و مەحفەلی ئەدەبی و ڕۆشنبیری باس نەکراوە، بەڵام حەقیقەتی ژیانی شەخسی دڵدار بەو شێوەیە لە ئامێزی هەولێر بە شێوەیەکی تراجیدی کۆتـایی هـات، نەك هەر بووە غەم بەسەر دڵی ئێمەوە، زۆربەی خـەڵکی بـە مـەرگی دڵـدار تاسان، دواجار کەسەرێکی گەورەی بەسەر دڵی زەینـەب خـان و زەهوەخـانی دایکی و دەستگیرانەکەی جێهێشت.

ئەو کەسەرە گەورەتر بوو، هەمووی مـانگێکی نەخایانـد، ئاسـەفی بـرای ئەویش وەکو دڵدار کتوپڕ وەفاتی کرد، ڕۆژگارێکی سەیرە هەردوو برا خـاوەن

پڕۆژە و فکرەی نەتەوەیی و چالاکوان بە یەك دەرد، دەردی نەویست و غەددار سەریان نایەوە، ئەگەر یەکیان بمابایە، هیوا و ئاوات بۆ پڕۆژەکان دەمایەوە و ڕەنگە کەسەرێك لەسەر دڵ سووکتر بووایە و کاری پڕۆژەکان غەمەکانی سووکتر دەکرد، بەڵام بە داخەوە، هەر لەو مانگەدا مەرگی لە ناکاوی ئاسەف، بەداخەوە کەم لای لێ کراوەتەوە، تەواوی پڕۆژە ڕووناکبیرییەکانی وەستاند.

نازانم ئاسەف سەرودەری لەگەڵ شیعر هەبووە یان نا؟! بەڵام بە حەقیقەت ڕووناکبیرێکی گەورەی کورد بووە، بەداخەوە ژیانی تا ئێستە لە ڕووی سیاسی و حقوقی نەنووسراوەتەوە و ڕۆڵی دەرنەخراوە.

ئەگەر مەرگی دڵدار ئەو کەسەرە گەورەیەی بۆ هەمووان جێهێشت و تێیدا کچەی دەستگیرانی و زەینەب خان غەمیان خوارد، بەڵام هەر دوای دڵدار مەرگی ئاسەف کەسەری سەر دڵی زەینەب خانی گەورەتر کرد، غەمێك هەرگیز بیر نەچێتەوە، کە تێدا دوو جوانەمەرگی پڕ چالاکی لەبەر چاوان بۆ هەتا هەتایە ون بوون.

ئەو دوو برایە هێندەی پێوەندییان لەگەڵ زەینەب خۆش بوو، بە حوکمی ئەوەی هەولێر مەڵبەندی چالاکی ئەوان بوو، هێندە لەبەر چاوی دایکیان نەبوون، دڵدار زۆرتر لە کەرکووك و هەولێر و بەغدا بوو.

پاش دوو مانگ لە وەفاتی دڵدار، چاپخانەکە بە ڕێگەی گواستنەوە گەیشتە بەغدا، ئەو تاجرە خەبەری نارد چاپخانە حازرە، با بێن وەری بگرن، بە ڕاستی ئەوەی ئێستا ئەرکی چاپخانە و کاروبارەکانی لەسەر شان بوو زەینەب خان و سەعید ئاغا بوون، ئایا ئەو پڕۆژەیە بەوان جێبەجێ دەکرا، هەموو ئەو ڕێوشوێنانەی هەردوو جوانەمەرگ گرتبوویانەبەر بەوان جێبەجێ دەکرا؟!! دەبێ باسی ئەوەش بکەین لەو کاتەدا مەجیدی براشیان لە لایەن

دەوڵەتەوە گیرابوو، لەسەر فکری کوردایەتی و خەباتی نیشتمانپەروەری، پێنج ساڵی لە زیندان بردەسەر، دواتریش هەر لە ژێر چاوەدێریی بوو.

زەینەب خان لە وەزعێکی دەروونیی یەکجار ناخۆش دابوو، لەدەستدانی دوو برای جوانەمەرگ لە مانگێکدا، بەڕاستی کارەسات و کەسەرێکی گەورە بوو، جا دەکرا چۆن بیر لە جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەی هەردوو جوانەمەرگ بکرێتەوە؟!، لەو کاتەدا نەك جێبەجێ کردن، ڕاوێژیش بۆ زەینەب خان قورس بوو، هەموو ئاوات و هیواکانی سەریان نایەوە.

بەهەرحاڵ زەینەب خان و سەعید ئاغا هەوڵیان دا کەسێ بدۆزنەوە، پرۆژەی دامەزراندنی چاپخانە تەواو بکەن، کەسێ هەم لە رووی رۆشنبیری و هەم لە ڕووی کارەکە دەست بەکار بێ، بەڵام بەداخەوە، ئەوەندەی گەڕان و سوڕان، کەسێکی وایان چنگ نەکەوت، لە کاتێکدا ئیشی زۆربەی پرۆژەکە تەواو کرابوو بۆ ئەوەی چاپخانەکە لە کۆیە دامەزێنن و شاری کۆیە ببێتە مەرکەزێکی ڕۆشنبیریی گەورە و ڕۆژنامە و گۆڤار لە کۆیە بە کوردستاندا بڵاوبێتەوە.

پاش ئەوەی زەینەب خان و سەعید ئاغا بێ ئومێد بوون، بە ناچاری ڕۆژێکیان ڕوویان لە بەغدا کرد، لەوێ ئەو تاجرەیان دی کە چاپخانەکەی هێنابوو، بەڵام لەبەر ئەوەی دەرفەتێك نەبوو بیهێننەوە، هەر لەوێ چاپخانەکەیان فرۆشتەوە، لەوێ دایانە مەسیحییەك، ئەو مەسحییانەی شاری بەغدا، بەو شێوەیە بەسەرهاتی تراجیدیای ژیانی ئەو دووانە و پرۆژەکانیان کۆتایی هات و خەونەکانیان بردە گۆڕ و کوردستان ڕووناکی چاپخانەی کۆیەی بە چاوی خۆی نەبینی.

## کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی یان کۆیسەنجەق

هەروەك گوتم ئەو بنەماڵەیەی زەینەب خان و سەعید ئاغا بـە فکرێکـی ڕۆشنەوە کاریان کردووە، چالاکییەکان مۆرکی کۆمەڵگەی کوردی و خـەباتی نەتەوەیی پێوە دیاربووە، زەینەب خان و هـەردوو بـرا دڵـدار و ئاسـەف لـە پێشڕەوانی ئەو بنەماڵە بوون، کارەکانیان خزمەتی زۆری بە بزافی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و سیاسی و نەتەوەیی کـردووە، بـەردەوام فکـرەی نوێیـان هـەبووە و هەوڵیان داوە، تاکی کوردی بە فکری نەتەوەیی هۆشیار بکەنەوە.

لـەو سـەردەمەدا مەبەسـتم سـییەکان و چـلەکانی سـەدەی ڕابـردوو، کۆمەڵگەی کوردی زیاتر لە گوندەکان پێکهاتووە و کورد کەم خەریکی کتێب خوێندنەوە بووە، زیاتر هەر خەریکی ئاژەڵداری و کشـتوکاڵ بـووە، دەغـڵ و دان و توتن و کشتوکاڵ لە دەوروبەری هەولێر و کۆیە، لە پاڵ مەڕو مـاڵات، سەرەکیترین کاری کورد بووە، لەو سەردەمەدا بە تایبـەتی زەینـەب خـان و هەردوو برای بەدوای ئەوەبوون کتێبخانەیەك دامەزرێنن، خەڵکی لەوێ کتێب بە خواستن وەربگرێ و بیخوێنێتەوە.

بۆ ئـەو مەبەسـتە هەڵمـەتێکیان دەسـت پێکـرد، بـاوکم گـەلێ جـاران گێڕاویەتییەوە، کە زەینەب خان و هەردوو برا هاتوونەتە ماڵی و فکرەکـەیان بۆ باس کردووە، زەینەب خان بە باوکمی گوتووە:

- ئەفەندی... ئاسەف و یونس دەیانەوێ مەکتەبەیەکی دەوڵەمەند لە کۆیە دابمەزرێنن، دەیانەوێ کتێب کۆبکەنەوە و هەرچی لە گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێب هەیە لەوێ داینێن و خەڵکی بخوێننەوە.

باوکم پشتگیریی فکرەکەی کرد و گوتی:

- کارێکی زۆر چاك دەکەن، ئێمە لە هەموو شار و شارۆچکەکان پێویستمان بە کتێبخانەی لەم جۆرەیە.

زەینەب خان وەڵامی دایەوە:

- دەمێکە دەستیان پێکردووە، فکرەکەیان ئەوهایە لە هەموو کەسێکی خوێندەوار و خاوەن توانا و دەوڵەمەند کتێب یان پارە کۆدەکەنەوە و بە لیست ئامادەی دەکەن و تەسلیمی کتێبخانەکەی دەکەن، هەر کەسێ یارمەتییان بدا زۆر سوپاسی دەکەن، منیش بۆ ئەوەی دەرۆزەی کتێبیان بۆ بکەم، ڕووم لە جەنابت ناوە، هەر کەسێ یەك کتێبیشی بکاتە هەدیە، خزمەتێکی باشی ئێمە دەکا.

- زۆر باشە پازدە کتێبی سەرچاوە و باشتان دەکەمە هەدیە و ئەوە مەبلەغی پێنج دیناریش دەخەمە سەر بۆ خۆتان کتێبی پێ بکڕن.

زەینەب خان زۆر سوپاسی باوکمی کرد، کە بە تەنگ پڕۆژەکەیان چووە، باوکم درێژەی بە قسەکانی دا.

- نەك هەر ئەوە، شامل عەبدوڵڵا صافی یەعقوبی قائیمقامی کۆیە، زۆر برادەرمە، نامەیەکی بۆ دەنووسم ئەویش زۆر هاوکاریتان بکا.

دڵدار وەڵامی دایەوە:

- ئەو جارێك هاوکاری کردووین، بەو نامەیەی تۆ دووجار هاوکاریمان دەکا.

زەینەب خان گوتی:

- ئەفەندی سوپاست دەکەین، ئەگەر لە هەولێر خەڵکی دیکەش دەناسی، پێی بڵێی هاوکاریمان بکا.

باوکم وەعدی دا بە هەموو شێوەیەك پشتگیریی پڕۆژەکە بکا، با زەینەب خان ناو بە ناو بۆ ئەو مەبەستە سەری لێ بدات.

دواتر دڵدار گوتی:

- بە زۆر کەسم گوتووە کتێبمان پێشکەش بکەن، لە کۆیە خەڵکی زۆر بە گەرمی پێشوازی لەو فکرەیە دەکەن.

باوکم گوتی:

- دەستتان خۆش بێ.

دڵدار درێژەیی دایێ:

- وەنەبێ هەر ئیستعارەی کتێب بێ، بەڵکو هەم کتێب دەکڕین و هەم دەفرۆشین و هەم تەوزیعیش دەکەین، چونکە پێویستە پێوەندیمان لەگەڵ هەولێر و سلێمانی و کەرکووك و بەغدا هەبێ.

باوکم گوتی:

- ئەوڕۆکە مەکتەباتی وا لە شارەکان کەمن، پێویستە هەبن تا خەڵك سوودی لێ وەربگرێ.

دڵدار زیاتر قسەی کرد:

- بەس لەسەر ناوەکەی هەندێ ناکۆکی هەیە، ئەمن پێم باشە ناوی کتێبخانەکە حاجی قادری کۆیی بێ، کەچی هەندێ ڕۆشنبیری دیکەی کۆیە، پێیان باشە ناوی کتێبخانەی کۆیسەنجەق بێ. دواجار ئەوانیش پێشنیازەکەی منیان پێ جوان بوو، کە گوتم حاجی قادر ڕەمزی کۆیەیە.

بە فیعلی کتێبخانەکە کرایەوە و لەلایەن خەڵکی کۆیە پێشوازیی گەرمی لێ کرا، ئەو جۆرە موناسەباتانە لەو سەردەمدا کەم رووی دەدا، دواجار

کتێبخانەکە کەسێکی وەکو سەرپەرشتیار لێ دانرا، کە ئــەرکی ئیســتعارە و کڕین و فرۆشتنی ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبی لەسەر ئەستۆ بوو.

لەبەر ئەوەی کتێب زۆرتر لە حوجرە و مزگەوت بوون، سیفەتی کتێبخانەی تایبەتی لە کۆمەڵگەی کوردی هێندە کۆن نەبوو، بگرە تازە بــوو، هــەروەها ئــەو کتێبخانانــە زیــاتر کولتــووری زمــانی کوردییــان بڵاودەکــردەوە، لــەو ســەردەمەدا ڕۆژنامــە و گۆڤــار بــە زمــانی کــوردی ڕۆڵــی ســەرەکی لــە هۆشیارکردنەوەی تاکی کوردی و بیری نەتەوەیی هەبوو.

بە هەرحاڵ ئەو کتێبخانە بە هەوڵی شەخسی بنەماڵەی مەلا ڕەئـوف لـە کۆیە دامەزرا، باوکم لە موفەکەرەی باغــەڵی خــۆی وەکــو یاداشــت ئــەوەی نووسیوەتەوە، کە چەند بەڕێزێك لە شاری کۆیە پاڵپشــتی فکــرەی دڵــداریان کردووە و هەروەها هاوکاریشی بوون، لەوانە سامی عەوداڵ و عەونی حەبیب و محەمەد حەوێز و عەلی عەبدوڵڵا و محەمەدئەمین مەعرووف و عەبــدوڕەحمان نورجان و جەلال حەوێز و ئاسەف مەلا ڕەئوف و مەلا محەمەد مەنتك و زەکی ئەحمەد.

هەروەها لەو موفەکەرەیەدا باوکم لە پاڵ هەندێ بیرەوەریی خــۆی بــاس و بەسەرهاتی چاپخانەی حاجی قادری کۆیی نووســراوەتەوە، هەرچــی لــەبارەی کتێبخانەکەیە لە ساڵی (١٩٥٧) ئەو کاتەی کتێبخانەی گشــتی لــە شــاری کۆیە دامەزرا، بۆیە ئەو کتێبخانەیــە ڕۆڵــی کزبــوو، بەمــەش تــەواوی ئــەو کتێبانەی لەو کتێبخانەیە هەبوون کرانە دیاری بۆ کتێبخانــەی حکــومی لــە کۆیە، مەبەستم کتێبخانەی گشتیی شاری کۆیەیە.

# زەینەب خان و قەبرستانی گەورەی هەولێر(چراغ)

قەبرستانی گەورەی هەولێر (چراغ) جگە لەوەی لەلای خەڵکی هەولێر قەبرستانێکی پیرۆزە و لە ڕووی مێژووییشەوە گرنگییەکی زۆری بە شاری هەولێر داوە و جێگەی باب و باپیران و دایک و داپیران و خوشک و برا و خەڵکی هەولێرە. هەولێرییەکان بە شوێنێکی پیرۆز لەم گۆرستانە دەڕوانن، جگە لەوەی بە دەیان خەڵکی شاعیر و نووسەر و مێژوونووسی هەرە کۆنی هەولێریی لێ نێژراوە، هەروەها چەندان کەسایەتیی گەورەی ئایینی و شێخ و سەید و پیاوچاک و ئەولیای چەندان سەردەمی مێژووی شارەکە، کە خەڵکی هەولێر ئیعتیقاد و بڕوایان بەوان هەبووە و بە چاوی قەدر و ڕێزەوە لێیان ڕوانیوون.

هەر لەو گۆڕستانەدا لەسەر داواکاریی زەینەب خانی خوشکە گەورەی دڵداری شاعیر، دڵدار لە کاتی مردنیدا لە ساڵی (١٩٤٨) لەو گۆڕستانە نێژراوە، تا ساڵی (٢٠٠٥) کە تەرمەکەیان بردەوە شاری کۆیە، ئەوەیان بابەتێکی سەربەخۆیە و پێوەندیی بێرەوە نییە، دەکرێ بابەتێکی تایبەتی لەسەر بردنەوەی تەرمی دڵدار لە هەولێرەوە بۆ کۆیە، لەلایەن کاک ڕەمزی سەعید ئاغای سەید عومەر کە کوڕی زەینەب خانەوە، بە جودا باس بکرێ. نامانەوێ لە بابەتەکەمان دوور کەوینەوە، لە دیدارێکی دوور و درێژدا لەگەڵ

خاتوون فەریدە سەعید موفتی کە دەبێتە کچی مامم، کە تەمەنێکی درێژی هەیە و خودا تەمەنی درێژ بکات، لەو سەردانەمدا کە تەسجیلم کردووە، پرسیارم لێ کرد لەسەر چەند بابەتێك و بە تایبەتی ماڵی سەعید ئاغا و خاتوو زەینەب خان، منیش زیاتر مەبەستم یادەوریی خۆی بوو، کە چ زانیارییەکی لەسەر زەینەب خان هەیە، بۆمان باس بکات، یاخود هەر شتێ پێوەندیی بە زەینەب خان و بنەماڵەکەیانەوە هەبێت، قسەمان بۆ بکات.

لەگەڵ ئەوەی فەریدە خان بە هۆی نەخۆشییەوە، باری تەندروستیی ناجێگیر بوو، قاچەکانی لە دەست داوە و کۆمەڵێ نەخۆشیی لێ خڕبۆوەتەوە، بەڵام شوکور بۆ خوا تا ئێستە زەینی زۆر ڕوونە و هەموو شتەکانی لە بیر ماوە.

بەڕێزیان پاش پرسیارەکانی من بەو شێوەیە لەسەر زەینەب خانی مەلا ڕەئوف دوا:

- جاران خەڵك واتە کچ و جاحێل و ژنەکانی قەڵاتێ تەنیا حورییەتی ئەوەیان هەبوو لە ماڵەوە دووشەمووان ڕێگەیان پێ درابوون فەقەت بڕۆنە سەر قەبری مردووەکانیان یان نەخۆش بان دەچوونە سەر قەبری ئەولیا و پیاوچاکان بۆ دوعا و نەخۆش و مراز، هەموو ژنەکان و کچەکانیش لە سەعاتێك لە پێش مزگەوتی گەورە تەجەموعیان دەکرد و هەموو پێکەوە بەلای قیبلەی قەلاتێ شۆڕ دەبوونەوە بۆ قەبرستانی گەورەی هەولێر (چراغ)ی و دوایە قەبرستانی ئیمام محەمەد و سولتان موزەففەر و شێخی چۆلی و هتد...، بەڵام مەوزوعەکەی ئێمە کە زەینەب خانە من باسی ئەو دەکەم. کە دەچووینە قەبرستانی چراغی زەینەب خان لە قەلاتێ ڕا بە پێش ژنەکان دەکەوت و هەر قسەی بۆ دەکردن هەتا دەگەیشتە ناو قەبرستانی. سەرەتا زەینەب خان فاتیحەیەکی بۆ هەموو مردووان هەدیە دەکرد، ئینجا تێکرا فاتیحەیان دەخوێند ، هەموو ژنەکان لەلای قەبری دلّداری کە لەناو چێورمەی

ماڵی مستەفا فەندی بوو واتە مستەفا ئەمین. ژنەکان هەموو دادەنیشتن و زەینەب خان بە پێوە لە پێشیان ڕادەوستا بە (بسم الله الرحمن الرحیم) و ئایەت و حەدیس دەستی پێ دەکرد، لە پاش باسی قەبر و قیامەت و مردووان، یەکسەر دەیهێنایەوە سەر باسی کوردایەتی و کوردستان، هەروەها باسی شەهید لە ڕێی کوردستانی دەکرد و دەیگوت: منداڵەکانتان فێر بکەن بە کوردی قسان بکەن، شاری خۆیان خۆش بوێ، پیاوەکان کە لە ئیشێ دێنەوە، قەدریان بگرن و ڕووتان خۆش بێ لەگەڵیان. منداڵەکانتان بنێرنە مەکتەبێ و پاك و خاوێن ڕایانگرن. دەیگوت: ئەگەر بە منداڵی پێیانەوە ماندوو بن، هەتا هەتایە ئیسراحەتیان لەبەر دەکەن، ئەگەر نا تا مردن ناحەسێنەوە.

زەینەب خان موسەیتەر بوو، قسەی دەکرد و ناوە ناوە شیعری دەخوێندەوە و دەیگوت فلان شاعیر وا دەڵێ، ژنی وامان لەگەڵ بوو، لە قسەکانی زەینەب خان نەدەگەیشت و کوردییەکەی باش نەبوو، زەینەب خان زمانی خۆی دەکردە تورکمانی و هەمووانی تێدەگەیاند.

هەندێ جاریش دەیگوت لۆ میوانداریی نگۆ ئەو شیعرە تازەم دانایە و بۆی دەخوێندینەوە و دوایە عادەت وابوو مۆم لەسەر قەبران پێ دەکرا و زەینەب خانیش شەربەت و شیرینییەکی زۆری بە خزمەتکارەکانی هەڵگرتبوو و هێنابوو، لەوێ تەوزیعی دەکرد. هەموو لایەك دڵیان خۆش بوو.

مەجلیسی زەینەب خانێ هەردەم قسەی خۆش و باسی شیعر و کوردایەتی بووە، کە دەهاتینەوە، دەبووایە بە پێش ژنان بکەوێ، بەڵام لە هاتنەوە دەیگوت: بڕۆن ئێستە وا دیم فاتیحەیەکی تر بە تەنیا لەسەر قەبری دڵدار دەخوێنم.

ژنەکان لە دوورەوە ڕادەوەستان و جارێکیان کەمێك تاخیر بوو، بە منیان گوت بڕۆ گازی بکە، ئەمنیش غارم دا کە چووم لە جێی خۆم حەپەسام دیتم

خۆی بەسەر قەبری دڵدار دادایە و دەگرییێ. هەر ئەوەندەم گوێ لێ بوو لە بیرم مایە دەیگوت:

-برا ڕۆ لە خۆم بێکەسێ.

کە چاوی بە من کەوت یەکسەر هەستایەوە و بە پێشم کەوت و لە بیرمە پێی گوتم: نەڵێی گریاوە، جا منیش بە خوای قەت باسم نەکرد.

زەینەب خان شتەکی دیکەشی هەبوو، لە ماڵی خۆیان کچەکانی قەڵاتێی فێرە خوێندەواری دەکرد، لەو سەردەمدا ئەو کارە کەم کەس لە خانەدانەکان دەیان کرد، بگرە کوا کێ کاری وای کردووە، لە ماڵی خۆیان هۆدەکی گەورەی تەخسیس کردبوو، دەرسی بە کچەکان دەگوتەوە، جیرانەکان دەیانزانی زەینەب خان چ ژنێکی ڕۆشنبیر و خوێندەوارە، ئەو خۆی بەرامبەر ئەوان سادە کردبۆوە، زەحمەتە کەسێ لەو ئاستە بتوانێ دەرسی وا وەکو مەحو ئومیە(نەهێشتنی نەخوێندەواری) بلێتەوە.

زەینەب خان جومعان و سێ شەممانی بۆ دەرس گوتنەوە دانابوو، هەر بە خۆشی قەڵەم و کاغەزی دەدایە کچەکان، کچەکانی فێرە حەرف و خوێندنەوە دەکرد، هەندێ هەبوون شتێکیان دەزانی، بۆیە دەرسەکانی دین و شیعری کوردی و فارسی پێ دەگوتن.

زۆر کچی قەڵاتێی فێرە زمانی کوردییەکی باش کرد، ئەو کات زمانی خوێندنەوە و نووسین وەك ئێستە نەبوو، کوردی لە نووسین و خوێندنەوە پێش نەکەوتبوو، ئەو کچانەی ڕوویان تێ دەکرد، خەڵکی کورد بوون، بەس قسە و نووسینی کوردییان زەعیف بوو، زەینەب خان دەرسی دەدان و فێری دەکردن. قسەی گەلەك خۆش بوو، شیعری خۆشی دادەنا و شیعری خۆشی دەخوێندەوە.

تاریخی قەڵاتی باس دەکرد، باسی شەڕی ئەسکەندەر و دارای دەکرد، شەڕی هۆلاکۆ لە هەولێر و قەڵاکەی، هەروەها باسی سیاسەتیشسی دەکرد، لەوانە باسی شێخ سەعیدی پیران و شێخ مەحموودی حەفید و شێخ

عەبدوسەلامی بارزانیی دەکرد، تاریخی کوردی زۆر دەزانی. دەیگوت: هەڵمەخەڵەتێن بەوەی ڕادێو و کارەبا و سەیارەیان دروست کردییە، فیشەك و قومبەلە و ئەسلەحەشیان دروست کردییە، بۆ لەناوبردنی ئینسان و داگیرکردنی وڵاتانی دونیا، ئەگەر دەستیان بڕوا، تا ڕۆژی قیامەت بۆ مەساڵحی خۆیان نایەڵن دوو برا، برایەتیی خۆیان بکەن. نایەڵن منداڵ لەناو لانکی خۆی بە ئیسراحەت بنوێ.

ئیمە گوێمان قولاغ کردبوو، کەس قسەی نەدەکرد. بەداخەوە هەموویم لەبیر نەماوە، نەخۆشی هەندێ شتی لە بیر بردوومەتەوە.

# زەینەب خان لە زاری بورهان جاهیدەوە

بورهان جاهیدی شاعیر کە کوڕە خاڵی باوکم بوو، نێوانمان زۆر خۆش بوو، زۆر جار دەهاتە دیوەخـان یـان لـە کتێبخانـەی مزگـەوتی گـەورەی قـەڵات دیدارمان دەبوو، باسی گەرموگوڕی نێوانمان یا شیعر و ئەدەب بوو یان چیرۆك و بەسەرهاتی کۆنی قەڵاتی هەولێر و خانەوادەکانی بۆ باس دەکردم، کە مـن خۆم زۆرم پێ خۆش بوو، وە لە قۆناغی ئامادەییمەوە تا ئێستە چەندان سجل و دەفتەرم لەو بابەت و بەسەرهاتانە نووسـیونەتەوە. زۆرتـرین چـاوپێکەوتنم لەگەڵ گەورە پیاوانی هەولێر کردووە، هەندێکیان ئێستەش لە ژیاندا ماون و بەشێکی زۆریان لە ژیاندا نەماون. ئەگەر خودا یارمەتییم بدا و عومر بـاقی بێ وردە وردە ئەو دەفتەر و سجلانە پاکنووس و پوختە دەکەین و بە چـاپیان دەگەیەنین، چونکە بەشـێکی گـرینگ و پـڕ بایـەخی مێـژوو و بەسـەرهاتی واقیعی شاری هەولێرن، کە لە زاری کەسانی ڕووناکبیر و ڕۆشنبیر و شارەزا و باوەڕپێکراوم نووسیوونەتەوە و ساڵەهای ساڵ لە تەواوی عومرمـدا پێیانـەوە ماندوو بووم و ڕەنجم لەگەڵیان کێشاوە و زەحمەتی زۆرم پێوە دیتوون، هەروەها تەجرەبەیەکی ئەدەبیی خۆمن.

لێرەدا ئەوەی مەبەستی سەرەکیمە دەمەوێ بەشێك لـە چـاوپێکەوتنێکی خۆم لەگەڵ بورهان جاهیدی شاعیر کە کردوومە و تێیایدا ئەوەی پێوەندیی بە دڵـدار و زەینـەب خانـەوە هەیـە، وەکـو خـۆی بـڵاوی بکەمـەوە، کـە لـەو چاوپێکەوتنەدا لە زاری بورهان جاهیدی شاعیرم بیستووە و لە سجلی خۆمدا تۆمارم کردووە:

دەربارەی دڵداری شاعیر بورهان جاهیـد دەگێڕێتـەوە و دەڵـێ، ئێمـە لـە هەولێر لە مەکتەب بەیەکەوەمان دەخوێند لەگەڵ دڵداری شاعیر، من ساڵێك

لە پێش دڵدار بووم، هاوتەمەنی یەکتر بووین، دڵدار کوڕێکی سەرڕاستی ڕاستگۆی دڵپاکی مەلائیکەت ئاسابوو، زۆر بە سەبر و تەحەممول بوو، ئەخلاقێکی بێ ئەندازەی بەرزی هەبوو، بەو منداڵییەی خۆی ئەوەندە گران و سەنگین بوو، کورد گوتەنی"شەیتان شەرمی لێ دەکرد". قەت شعورت بەوە نەدەکرد منداڵ بێ، تەصەروفاتی وەکو مامۆستاکانی مەکتەبەکەمان بوو، هەموو مامۆستاکان تەقدیرێکی خاصیان دەگرت، هەموو پێنج شەمموان مامۆستا قسەی بۆ دەکردین لە ساحەی حەوشەی دەرەوەی سنف، وەکو نەسیحەت کردن لەسەر خوێندن و پاك و خاوێنی. دواتر مامۆستا دەیگوت: کێ قسەمان بۆ دەکا، هەموو تەلەبە شەرمیان دەکرد، دڵداردەستی بڵند دەکرد، بە ئیرتجالی وتاری دەدا، وەکو مامۆستاکان قسەی بۆ تەلەبەکان دەکرد، لەناو مەکتەب تەقدیر و حورمەتی خاصی هەبوو، چ لەلای مامۆستاکان و چ لەلای تەلەبەکان.

ئەوەی من و دڵداری لە یەکتر نزیك کردەوە ئەدەب و شیعر بوو، من شیعری خۆم و جەبار ئاغای کانیی مامم بۆ دەخوێندەوە، یەکسەر تەقیمی شیعرەکانی بۆ دەکردم و دەیگوت: دەبێ ئیهتیمام بە سەقافە و خوێندنەوە بدەیت، نەسیحەتی دەکردم، کە چی بخوێنمەوە و چۆن بخوێنمەوە، خۆشی هەر کتێبێکی دەخوێندەوە دەهات لەسەر ئەو کتێبە قسەی بۆ دەکردین، زۆر شتی دەزانی سەقافەتێکی بێ حیسابی هەبوو بەڵام قەت خۆی وا نیشان نەدەدا، لە تۆ موسەقەفترە یان لە تۆ زۆرتر و زیاتر دەزانێ، بەو عومرە بچووکەی خۆی بە ئسلوبێکی سەهل و ئاسان فکرەی کوردایەتیی لەناو تەلەبەکان بڵاودەکردەوە، جاران وابوو لە مەکتەبێ ئەوەندە فرسەتەمان نەبوو، زۆربەمانی دەبردە چایخانەی مەگردیچ کە پیاوێکی ئەرمەنی بوو، دڵداری زۆر خۆش دەویست، ئەوێ هەم چایەخانە و هەم مەکتەبە بوو، دڵدار لەسەر حیسابی خۆی چای بۆ هەمووان دەکڕی و دەکەتە وتاردان بۆ تەلەبەکان باسی

کوردایەتی و تاریخی کوردی بۆ دەکردین و هەر یەکـەمان دەبووایـە قسـەکان بنووسینەوە تا لە حەفتەی ئایندە مناقەشەی لەسەر بکەین.
دڵدار زۆر کەیفی بە من دەهات کە شیعرەکانم بۆ دەخوێندەوە، زۆر دڵـی پێ خۆش دەبوو، دایمەن تەشجیعی دەکردم. زۆربەی زۆری شیعرەکانی نـالی و حاجی قادر و زەینەب خانی خوشکی لەبەر بوو. وە زۆر جار باسـی زەینـەب خانی خوشکی دەکرد، چونکە هەر لە قەڵاتێ لە ماڵی ئـەوان دەژیـا و هـەر مانگەی جارێك یان دوو جار زەینەب خانم دەدیت، دەهاتە ئیدارەی مەکتەب و سوئالی دەرسەکانی دڵداری دەکرد، ئەوەم لەلا سەیر بـوو ئـەو کاتـە هـیچ باوکێك نەدەهاتە مەکتەب لە ئەحواڵی منداڵی خۆی بپرسێت داخوا چـۆنە و چۆن نییە لە دەرسەکان؟!. کەچی زەینەب خان بەو ژنایەتییەی خۆی دەهات و دەمدیت لاقی لەسەر لاقی دادەنا و سوئالی لـە مامۆسـتاکان دەکـرد و لـە وەزعی دڵداری دەپرسی، لە قەڵاتێ بە جائیزیان نەدەزانی ژن بچێتە مەکتەبێ ناو پیاوان، خۆم قسەم گوێ لێ دەبوو، بۆ دڵدارم گێڕایەوە، گوتم: زۆرم خـۆش دەوێی، بەران بەینی خۆمان بێت قسـەیەکت بـۆ دەگێڕمـەوە، پـێم ناخۆشـە خەڵك لەسەر قەڵاتێ وا دەڵێن، ئەمن بە ترسەوە قسەکەم کرد، وام زانی لـێم تووڕە دەبێ، گوتی: ئاخر ئەوەیە کە ئێمە نابین بە هیچ، ژن بە زەعیفە و پیـاو بە قەوی تـێ بگـەن و وا بـزانن قوتابخانـە و مەکتـەب مەڵهایـە، دڵـدار بـە پێکەنینەوە گوتی: ئەدی ئەمن و ئەتو ئیشمان چـییە؟؟ دەبـێ ئـەو عەقڵـە بگۆڕین و وا بکەین خەڵك فکر بکاتەوە.
ڕۆژێکیان لەگەڵ دڵدار چوومە ماڵی سەعید ئاغای زاوایان و نێوەڕۆ بوو، لەگەڵ دڵدار دەبووایە دوای نێوەڕ بڕۆینە چـایخانە لەگـەڵ تەلەبـەکان قسـەی هەبوو، گوتی: وەرە دەچینە ماڵی خوشکم لـەوێ نـان دەخـوین و دواتـر بـە یەکەوە دەڕۆینە چایخانە، ئەمنیش لەگەڵی ڕۆیشتم و دڵدار بە زەینەب خـانی خوشـکی گـوت: بورهـان شـیعری جـوان دەنووسـێت، زەینـەب خـان زۆر

ئیهتیمامی پیّ دام و گوتی: هەندیّ شیعری خۆتم بۆ بخوێنەوە. منیش شەرمم دەکرد و گوتی: ڕاوەستە با من چەند شیعرێکی خۆمت بۆ بخوێنمەوە، ئینجا تۆ شیعری خۆت بخوێنەوە. لەناو کتێبخانە گەورەکەی ماڵەوەیان کە پڕ بوو لە کتێب و گۆڤار دەفتەرێکی هێنا و لە بیرمە پێنج شیعری جوانی خۆی خوێندەوە، زۆرم پیّ خۆش بوو، کە ژنێك شاعیر بێت و یەکەم جار بوو کە ژن شیعری خۆی بۆ من بخوێنێتەوە. منیش شەرمم شکا و سیّ شیعری خومم بۆ خوێندەوە، گوتی: ئافەرین کوڕم بەردەوام بە.

گوتم: دەنا وەڵلا دڵدار هەر دەڵیّ زیاتر بخوێنەوە باشیعرەکانت باش بن، زەینەب خانیش پێکەنی و ڕووی لە دڵدار کرد و گوتی: کوڕم ئەتو وەکی قسان دەکەی زمانت دەگیریّ، کەینیّ زمانت بۆوە، فێرە قسە بووی ئەوجا خەڵکی نەسیحەت بکە، هەموومان دەسنمان کردە پێکەنین، چونکە فیعلەن دڵدار لە قسان زمانی دەگیرا. بەڵام کاتی وتار یا خوتبەی دەدا، هەرگیز زمانی نەدەگیرا و بە ڕەوانی دەدوا.

گوتی: هەدیەکت دەدەمیّ بەس دەبیّ بیخوێنیەوە. گوتی: وەرە بە کەیفی خۆت کتێبێك بۆ خۆت ببە بە هەدیە. زۆربەی زۆری کتێبەکان کە سەیرم کردن هەموویان عەرەبی و فارسی بوون و دیوانی کوردیشیان تێدا بوو، منیش دیوانی نالی-م هەڵگرت و پێی گوتم: دەبیّ هەمووی بخوێنیەوە، نالی قیممەی شیعری کوردییە.

من بۆ خۆم وەك بورهان جاهید زۆرم سوود لە نەسیحەت و ئامۆژگارییەکانی دڵدار و زەینەب خانی خوشکە گەورەکەی دڵدار وەرگرت، زۆر بەداخەوە دڵدار زۆر بە گەنجی لە هەرەتی جوانی و لاویدا سەری نایەوە، کە بۆ هەموو لایەك جێی سەرسوڕمان بوو، هەرچەندە تەقدیری عومر و مردن لە دەست خودایە، بەڵام مردنی دڵدار و ئاسەف کە برا گەورەی دڵدار بوو، هەردووکیان بە گەنجی لە یەك مانگدا مردن، ئەوەش جێگەی پرسیار و

سەرسـوڕمانە. ئـەو عائیلەیـە شـەو و ڕۆژ ئـیش و کاریـان پێشخسـتن و سەرخستنی قەزییەی کورد بوو، قەت لە مەجلیسیان تێر نەدەبووی، حەیفم لەوە دێ هیچ ئیهتیمامیان پێ نەدراوە، بە شێوەیەکی جوان ئیشیان لەسەر نەکراوە، زۆر جاران لەبەر وەفاداریم بۆ جوانەمەرگ دڵدار دەڕۆیشتمە خزمەت زەینەب خان وەکو دایکم و وەکو خوشکی گەورەم نەسیحەتی دەکردم، مستەوای شیعرەکانی لە مستەوای پیرەمێرد و گۆران کەمتر نەبوو.

زەینەب خان ژنەکی زۆر بێ منەت و بە غیرەت بوو، چاوتێر و کوردپەروەر بوو، میوان دۆست بوو زمانزانەکی زۆر بە مستەوا بوو، چەندان زمانی دەزانی، نەسیحەتی بۆ من ئەوە بوو، دەیگوت: کوڕم بخوێنە و موتالەعەی زۆر بکە، بۆ ئەوەی خۆت و میللەتەکەت بناسی.

سەعید ئاغای مێرد (هاوسەر)ی زەینەب خانیش کەسێکی لەسەرخۆ و کوردپەروەر بوو، مەجلیسی خۆش بوو، پیاوێکی چاوتێر و ناندەر بوو، زۆر بە عیلاقات بوو، لەگەڵ شەخسییاتی سلێمانی و کۆیە و هەڵەبجە و هەولێر و بەغدا عیلاقاتی هەبوو. هەروەها بنەماڵە گەورەکانی موصڵ و بەغدا سەردانییان دەکرد و ئەویش سەری لێ دەدان. بە واسیتەی عائیلەی خادم سوجادە لەگەڵ میر جەلادەت و بەگزادەی جافان بەینی خۆش بوو.

فازڵ و ڕەمزیی کوڕی ڕوحی ڕۆشنبیری و کوردایەتییان زۆر بەهێز بوو، دوو شەخسییەتی زۆر ڕاقیی هەولێر بوون، شەمسەدین موفتی زۆر لێیان نزیك بوو. هەروەها دایم لەگەڵ مەئمون دەباغ و عەبدولڕەحمان گۆمەشینی بەیەکەوە بوون. شەمسەدین موفتیی مامم پێی دەگوتم ئێمە ئەوانەی باسم کرد، لە هەولێرێ لە هاوڕێ نزیکەکانی یەکتری بووین.

# مەرگی زەینەب خان

نازانم پرسیار لە چارەنووس بکەین، یان لە کێ؟! زۆربەی ئەندامانی بنەماڵەی خادم سوجادە و بەتایبەتی منداڵەکانی مەلا ڕەئوف لە تەمەنی ئاسایی خۆیان نەمردوون. ئەو جارە چەرخی چەپگەرد ڕووی لە شاعیر و کەسایەتیی گەورە زەینەب خان کرد.

ڕەنگە کەسەری گەورە تا ئێستە لە دڵی زەینەب خان بێ، بەڵام بە مەرگی زەینەب خان کەسەر و غەمەکان دەمێنن و دەکەونە سینگی سەعید ئاغا.

لەساڵی (١٩٦٣) زەینەب خان نەخۆش کەوت، ئەو کات دکتۆر و کاروباری پزیشکی لە هەولێر هێندە پێشکەوتوو نەبوو، لەبەر ئەوەی سەعید ئاغا بنەماڵەی خانەدان و خاوەن ئیقتیدار بوون، هەر زوو زەینەب خانی بردە بەغدا، هەرواش بوو، باشترین دکتۆر و ئامێری پێشکەوتوو و پزیشکی بەتوانا لەوێ بوون، لە هەموو شارەکانی عێراقەوە نەخۆشەکان ڕوویان لەوێ دەکرد.

سەعید ئاغا و فازڵ و ڕەمزی زەینەب خانیان بردە لای باشترین دکتۆری عێراق، لەوێ هەموو فەحص و کاروبارەکانیان کرد، چەند ڕۆژێك مانەوە، خەڵکی قەلا و خزمان خەبەریان لە نەخۆشیی زەینەب خان هەبوو، بە تاسەوە چاوەڕێی هەواڵی نەخۆشییەکەیان دەپرسی، تا ڕۆژێکیان لە بەغدا گەڕانەوە، بەڵام لە رووی جەستەوە زەینەب خان هیچ فەرقێکی نەکردبوو، بگرە لاوازتریش ببوو، هیلاکی و بێ تاقەت بەسەر ڕوویەوە دیار بوو.

هەر کە گەڕایەوە ئیدی کەسایەتییەکان و خزم و ناسیار روویان لە مـاڵی سەعیدا ئاغا کرد، سەرەتا باوکم بۆ پرسین لە تەندروستیی ڕووی لـە ماڵیـان کرد، دواتر دایکم و خزمانیش چوونە ماڵی. ئەمنیش لەگەڵ دایکـم و ئەبلـە وەجیهە زوو زوو دەچووین.

زەینەب خان هەستی بە نەخۆشیی خۆی کردبوو، زۆر بێ تاقەت ببوو، لەو سەروبەندەدا دەستی بـە کـار کـرد تـا دیوانـە شـیعرییەکەی کۆبکاتـەوە و سەرلەنوێ بیانووسێتەوە، دڵـی خەبـەری دابـوو، دیوانەکـەی لـە دەفتـەرێك کۆبکاتەوە، هەرچی لە پەڕە کاغەز و کاغەزی لا بە لا هەی بوو، سـەرلەنوێ هەموو نووسینەوە و لە دەفتەرێکدا ڕێکی خستن.

ئەو لەمێژ بوو شیعری دەنووسی، بەڵام بڵاوی نەدەکردنەوە، ڕەنگە لەبـەر ئەوەی ئافرەت بـوو، ئـەو کـات کۆمەڵگـەی کـوردی بـە تایبـەتی هـەولێر ئاستەنگی لەبەردەم بڵاوکردنـەوە دروسـت دەکـرد و خۆدەرخسـتنی ئـافرەت کارێکی پەسەند نەبوو، بە هەر حاڵ باوکم و چـەندان کەسـی دیکـە زانییـان زەینەب خان بە تەنگ ئەوەیە زوو دیوانەکەی چاپ بکا.

بە بۆنەی نەخۆشیی زەینەب خانەوە، لە کۆیـە و گونـدەکانی دەوروبـەری هەولێر، خزم و کەسوکاران سەردانییان دەکرد، عادەتی ئەو کاتی کۆمەڵگەی کوردی وابوو سەردانی نەخۆش زەرووری بوو، لەگەڵ ئەوانەش زەینـەب خـان توانیی ئەوەندە لە ژیانیدا شیعری نووسی بوو، کۆی بکاتەوە و سـەرجەمیان بنووسێتەوە، وەك ئەوەی دڵی خەبەری دابێ، ئەو کارە پێویستە بکا.

لەو ماوەیەدا تەنیا کاری لەسەر دیوانەکەی خۆی کرد، پاش کۆکردنەوە و ئامادەکردنەوەی و نووسینەوەی لە دەفتەرێکدا، بە مەجموع کردنـی بـە سـێ نووسخە، نووسخەیەکی دا بە گیوی موکریانی، چونکە ئەو خـاوەن چـاپخانە بوو لە هەولێر و بەشێکی باشی دیوان و کتێبی چاپ کردبوو، بۆ خۆشی نـاو بە ناو هەواڵی بۆ گیوی موکریانی دەنارد غـەمێك لە چاپی دیوانەکەی بخوا.

لەبەر نەخۆشی و هەواڵ پرسینی زەینەب خان، باوکم و گیو موکریانی پێکەوە روویان لە ماڵی سەعید ئاغا نا و ئەمنیش لە خزمەت جەنابی باوکم بووم، کە چووینە ماڵیان وەك هەموو جاران سەعید ئاغا بە دڵ غەمگینەوە لەگەڵمان دانیشت، زەینەب خان لە غەمی دیوانەکەی بوو، بە گیوی گوت:

- مامۆستا چاپی دیوانە شیعرییەم زۆر دواکەوت، خەبەری بە کێ گەیشت.

گیو وەڵامی دایەوە:

- دیوانەکەت لای منە، ئێستە خەریکم ئامادەی چاپی بکەم، بەڵام بۆ خۆت دەزانی لەبەر وەزعی سیاسی، موافەقەی چاپی کتێب بە زەحمەت دەدەن، بەتایبەتی ئەوەی پێوەندیی بە شعوری قەومی کورد هەبێ، ئێستە لەوەتەی بزووتنەوەی کوردایەتی دەستی پێکردووە، کارەکانی سست کردووە، حکوومەت ریقابە و موراقەبەی لەسەر زۆر شت داناوە، بەڵام وا خەریکین تەواوی دەکەن، پاشان ئەگەر دەرفەت بوو، بەزووترین کات چاپی دەکەین.

لەو کاتەدا باوکم تەداخولی کرد:

- حەق وایە کاك گیو بە جدی دیوانەکەی بۆ چاپ بکەی، دەرفەتێك بدۆزیەوە کارەکانی تەواو بکەی.

بەڵام چارەنووس ڕێڕەوێکی دیکەی گرت، زەینەب خان چاپی دیوانەکەی بە چاوی خۆی نەدی، سەعید ئاغاش هەروا. ڕۆژ بە ڕۆژ بارودۆخی تەندروستی زەینەب خان خراپتر دەبوو، تا لە ساڵی (١٩٦٣ز) بۆ هەتا هەتایە چاوی لێکنا و ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

# دەستنووسەکانی دیوانی زەینەب خان

وەك باسمان کرد زەینەب خان بە مەرگی خۆی دەزانی، بۆیە دەستی بە نووسینەوەی شیعرەکانی کرد، سێ نوسخەی نووسییەوە، یەکێکیانی دا بە مامۆستا گیوی موکریانی، یەکێکیانی دا بە باوکم، یەکێکیانی لای خۆی هێشتەوە، بۆیە هەموو دیوانەکەی خۆی بەر لە مەرگی دووبارە پێداچووەوە و نووسییەوە.

کەس ناتوانێ ڕۆڵی گیوی موکریانی لە کوردستانی عیراق نادیدە بگرێ، بەڕاستی لە ڕێگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب خزمەتێکی گەورەی بە زمان و کولتووری کوردی گەیاند، پێوەندییەکی زۆری لەگەڵ کەسایەتی و ئەدیبان و ڕۆشنبیرانی کوردستان بەگشتی و کوردستانی عیراق بە تایبەتی هەبوو.

چاپخانەی کوردستان کە گیوی موکریانی سەرپەرشتی دەکرد و بەڕێوەی دەبرد، لە دامێنی قەڵات لای خوارەوەی نزیك مەحکەمە دامەزرابوو، ئەدیب و ڕۆشنبیرێکی زۆر سەردانیان دەکرد، زۆر هاوڕێی باوکم بوو، بەردەوام سەری لە دیوەخانی ئێمە دەدا، گەلێ جاران باوکم بۆ چاپکردنی کتێبی ناسراو و برادەرەکانی پێوەندیی بە گیوی موکریانییەوە دەکرد.

پـاش مـەرگی زەینـەب خـان هـەردوو کـوڕی فـازڵ و ڕەمـزی ئـەرکی بەدواداچوونی چاپکردنی دیوانەکەیان کەوتـە سـەر شـان، گیـوی موکریـانی کەوتبووە ژێر چاوەدێری پیاوانی ئەمن و بە وردی موراقەبەیان دەکـرد و بـە زەحمەت ڕێگەیان دەدا، بەرهەمی کـوردی بەتایبـەتی ئـەوەی پێوەنـدیی بـە فکری قەومی هەیە، چاپ بکا.

بەداخـەوە وەزعـی سیاسـی پـاش سـاڵی (١٩٦٣) و حکوومـەتی عەبدولسەلام عارف و حەرەس قەومی، نەك ڕێگەیان بـە چـاپکردنی کتێـب نەدا، بگرە ئەوەی حەرفێکی لەسەر شۆڕشی کوردی بگوتبا، یان ئیشارەیەکی تێدا بووایە، تەعبیری لە شۆڕشی کوردی کردبا، سەرنگوم دەکرا، بۆیە وەزعی چاپ و بڵاوکردنەوە بەرەو خراپی چوو، تـا بـەوەی خـودی گیـوی موکریـانی چەندان جار بانگ کرایە دائـیرەی ئـەمن و تەعـەهودی پـێ پـڕ دەکرایـەوە، سەرەتا پێیان ڕاگەیاند دەبێ چاپخانەکەی کە ناوی (کوردستان) بـوو، دابخـا، بەلام ئەو کۆڵی نەدا، هیچ حوججەیەك نەبوو، تـا دای بخـا، دائـیرەی ئـەمن بەهانەی ئەوەی پێ گرت، نابێ نـاوی چـاپخانەکەی کوردسـتان بـێ. پێیـان ڕاگەیاند ناوی چاپخانەکەی بگـۆڕێ، ئـەویش کردیـە (چـاپخانەی ئـەربیل- پێشتر کوردستان بوو). لەبەر ئەوەی نووسیبووی (پێشـوو کوردسـتان) زیـاتر بەهانەیان پێ دەفرۆشت و ڕێگەیان نەدەدا هەر چییەك پێوەنـدیی بـە فکـری کوردایەتی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردەوە هەیە، چاپی بکا جا چ دیوان، یان کتێب یا ڕۆژنامە، جا هەرچییەك بووبێ و لەسەر ئەوە سـزای گـەورەیان دەدا، ئەویش لەم قۆناغەدا تاڕادەیەك خۆی بەدوورگرت، نەوەك ڕێگە نەدەن، هەر هیچ وشەیەکی کوردی چاپ بکرێ، بۆیە ئەو دەستنووسەی لای مامۆستا گیو بوو، بووە قوربانیی سیاسەتی حکومەتی عێـراق، چـونکە شـیعرەکانی زەینەب خان بەشێکی نەك هەر لە بیر نەتەوەیی کـورد سەرچـاوەی گرتبـوو، بگرە گەیشتبووە قۆناغێکی بەرزی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان.

به هەر حاڵ دیوانەکەی زەینەب خان بــووە قوربــانیی وەزعــی سیاســی و چاپ نەکرا، نووسخەی دەستنووسەکە هەر لە ئەرشــیفی چــاپخانە مایــەوە، وەنــەبێ مامۆســتا گیــو هــەر ئــەو دەستنووســەی لای بــێ، بگــرە چــەندان دەستنووسی دیکەی ئەدیب و نووسەرانی بەتایبەتی هی هەولێر لابــوو، بــەو هۆیەوە ئەو نووسخەیە لەبیر کرا، نازانرێ لای کێ ماوەتــەوە، بــە هــەر حــاڵ چاپ نەکرا، تا لە ساڵی (١٩٧٧) چاپخانەی گیــو، دوای وەفــاتی مامۆســتا گیوی موکریانی داخرا، ئیدی دەستنووسەکەی دیوانەکە هــەر لــە ئەرشــیفی چاپخانە مایەوە، چەند جارێك بنەماڵەی زەینــەب خــان هــەوڵیان داوە ئــەو نوسخەیە بگەڕێننەوە، بەڵام خەبەری نەبووە.

زەینەب خان دوو نوسخەی دیکەی لە دیوانەکەی هەبوو، هەردوو نوسخەی بە جوانی پاکنووس کرابوو، هەمووی لە ســاڵی (١٩٦٢) و (١٩٦٣) ئــەنجام دابوو، هەروەها ئیزافە و هەندێ موفرەداتی گۆڕیبوو، یەکێ لەو نووســخانەی پێش مەرگی دا بە بــاوکم تــا چــاوی لــێ بکــا، بــاوکم ماوەیــەك خــەریکی خوێندنەوەی بوو، نازانم هیچ سەرنجی نووسی یان نا، لە ڕاستیدا تا ئەو کاتەی ڕۆژ بە ڕۆژ تەندروستی زەینەب خان بەرەو خراپی دەچوو، بــاوکم حەوســەڵەی ئەوەی نەبوو، باسی ئەدەبیات و شیعری لەگەڵ بکاتەوە، دواجار کە زەینــەب خان وەفاتی کرد، پاش ماوەیەك باوکم دیوانەکەی دایەوە فازڵی کوڕە گەورەی زەینەب خان، بۆیە هەم ئەو نوسخەی لای باوکم و هەم نوســخەکەی دیکــەی پاکنووسکراو هەردوو لای فازڵ مانەوە.

هەق وایە گلەیی لە بنەماڵەی خۆیان بکەم، بە ڕاستی وەنەبێ بــارودۆخی چاپکردن تا سەر خراپ بووبێ، بەڵکو ناو بە ناو بەهۆی گفتوگۆی حکوومەت و شۆڕش بارودۆخ باشتر دەبوو، بەڵام کەســی خــەمخۆر نــەبوو لــە بنەماڵــەی زەینەب خان ئەو دیوانە چاپ بکا، چونکە زەینــەب خــان نــەك تــەنیا یــەك نووسخەی دیوانەکەی حازر نەکردبوو و بیــدا بــە گیــوی موکریــانی، بــەڵکو

نووسخەی دیکەی ئامادەکردبوو، تا ئەوەی کەسێ هەبێ غـەمی لـێ بخـوا و چاپی بکا.

دوو نوسخەی لای فازڵ مانەوە، چارەنووسی هـەردوو نوسـخە هـەر ئـەوە بوو، لە رەفی ماڵەکان بوون، بەداخەوە فازڵ لە سـاڵی (١٩٧٤) ئـەویش وەك هەردوو خاڵی دڵدار و ئاسەف بە گەنجی سـەری نایـەوە، هـەتا قسـە هـەبوو لەلایەن ڕژێمەوە دەرمانخواردوو کرابێ، چـونکە گورچـیلەکانی لەکارکـەوتن. هەتا ڕەحمەتی مەلا مستەفا لەسەر نەفەقەی شۆڕش نارديـە لەنـدەن، بـەڵام عیلاجی نەبوو. ئەوەش چاپکردنی دیوانەکەی زۆر دواخست و بگرە کەسێکی وا نەبوو ببێتە ساحێبی، تا بەوەی نوسخەیەك لە دیوانەکەی لەلای خزمـانی مایەوە، ئەو نووسخەیەش لای حەمید کوڕی مـەلا ڕەئـوف بـوو، واتـە بـرا بچووکی زەینەب خان و نووسخەیەکی دیکەش لای فازڵ.

دیارە مامۆستا حیکمەت برازای زەینەب خان لە سەردەمی ڕژێم هەر نەی وێراوە ئەم دیوانە دەربخات، لەبەر ئەوەی هەموومان دەزانین ڕژێمی لەناوچووی بەعس چەندان کەسی لەسەر حەرفێك لە سێدارە دەدا و داوە، پـاش ڕاپـەڕین مـامۆستا حیکمەت لە هەوڵی چاپکردنی دیوانەکە بوو، ماوەیەك کوردسـتان تووشی نەهامەتی و شەڕی براکوژی و زروفی ناخۆش و قەیرانی ئابووری بـوو، دواتر مامۆستا حیکمـەت بەسـەردا جەڵتـە لێـی دا و چـەندان سـاڵ لەبـەر نەخۆشی و نارەحەتی لە ماڵەوە کەوتبوو، ڕۆژێك چووم سەردانم کـرد، خـۆی باسی ئەم دیوانەی کرد، زۆر بەزەییم پێدا هاتەوە، دەگریـا و دەیگـوت: ئـەم دیوانە لە کن بابم بوو، ئامانەتی عائیلەکەمان بوو، ساڵەهایە بە ترس و لەرز دەیشارمەوە، خودا خێری مامۆستا عەبدوڵلا زەنگەنە بنووسێ کە خەریکـە بە چاپی دەگەیەنێ.

دیارە کاك حیکمەت متمانـەی زۆری بـە مامۆسـتا عەبـدوڵڵا زەنگەنـە هەبووە، بۆیە ئەو ئەمانەتە گرنگەی بەو سپاردووە، هەر ئەویش کاری لەسەر کردووە. شوێن و پێگەی زەینەب خان و بنەماڵەکەی ڕوونکردووەتەوە.

لەبەر وەزعی تەندروستی مامۆستا حیکمەت هێندە نەچوومە نێو بابەتی چاپی دیوانەکەی، بە ڕاستی خەفەتم بۆ ئەو ژنە بەدبەختە خوارد کە دیوانەی بەو ئەنجامە گەیشت، ئەو ڕۆژێ لە ڕۆژان شیعری بۆ ڕۆژگارێکی وەکو ئـەورۆ نووسیووە و بۆ ئـەورۆی کـورد و کوردسـتان تێکۆشـاوە، کەچـی نـە کـەس دەیناسێ و نە کەس ڕۆڵی زەینەب خان و بنەماڵەکەی لەبەرچاوە.

## سەردانی بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی
## بۆ ئارامگەی زەینەب خان

ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) لە کوردستانی عێراق بارودۆخی تازەی هێنایە کایەوە، لە هەموو ڕوویەکەوە گۆڕانکاری بەسەر ژیانی کۆمەڵگەی کوردی هات، بارودۆخی نێودەوڵەتی یارمەتیی کوردی دا تا بتوانی لە میانەی سیستەمی فیدرالی قەوارەیەك بە ناوی هەرێمی کوردستانی عێراق دروست بکا، ڕاپەڕین و دەستکەوتەکانی شۆڕشەکانی کوردستان گیانێکی نوێی بەخشییە هەمووان.

بەهەرحاڵ دوای راپەڕین و پاش دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە لە ئەنجامی هەڵبژاردنەوە هاتە کایەوە، لە کۆتاییەکانی ساڵی (١٩٩٢) شەمسەدین موفتی مامم تەلەفۆنی بۆ کردم، کە گوتی خۆت حازر بکە، بڕیار وایە بەڕێز مام جەلال سکرتێری یەکێتی نیشتمانیی کوردستان سەر لە قەبرستانی ئیمام محەمەد لە هەولێر بدا و بچێتە سەر گۆڕی زەینەب خان و فازڵی کوڕی.

وەنەبێ هەر لەبەر ئەوەی ئەو بنەماڵەیە خەڵکی کۆیەن، مام جەلال سەردانییان بکا، بەڵکو لەبەر ئەوەی پێوەندیی پتەوی لەگەڵ فازڵ هەبوو، هەروەها هاتووچۆی ماڵی زەینەب خانیشی لە هەولێر کردووە، وەك وەفایەك مام جەلال لە بیری مابوو، سەری لە ئارامگەی وان دا.

بە فیعلی زیارەتەکە ڕێکخرا، ئاپۆڕەیەکی زۆری خەڵك لەگەڵ مام جەلال بوون، لە دەوری گۆڕی زەینەب خان و فازڵی کوڕی خڕبوونەوە، کاتێ مام جەلال ویستی دەست بە قسان بکا، هەموو بێدەنگ بوون، ئەو خوتبەیەکی دا، ئەوەندەی لە بیرم مابێ گوتی:

- بەڕێزان... هاوڕێیان.. تێکۆشەران... ئێمە ئێستا لەسەر گۆڕی دوو تێکۆشەری دێرینی کوردین.. کە ماوەیەکی زۆرە وەفاتیان کردووە، بەڵام جێگەی لای هەمووان دیارە و تێکۆشانیان وەك ڕۆژی ڕووناك بە بەری بێژنگ ناگیرێ، یەکێکیان زەینەب خانی کچی مەلا ڕەئوفی خوشکی دلداری شاعیر و ئەوی یدکەیان فازلی کوڕی زەینەب خانە. لە ڕۆژگارێکدا دایك و کوڕ لە پێناو خەباتی رزگاریخوازیی کورد کاریان کردووە، کە ئەو کات کورد هێندە چەکی مەعنەوی و ماددی نەبوو.

لە ڕاستیدا ئەو بنەماڵەیە خەباتی زۆریان بۆ کورد کردووە و دەبێ بە حەق بڵێین ئێمە قەرزاری ئەو بنەماڵەین، ئەوان ڕووناکبیر و مونەوەری سەردەمی خۆیان بوون، لە ڕۆژگارە تاریکەکاندا چەکی کوردایەتییان نەوی نەکردووە.

هەورەها لە باسی زەینەب خان گوتی:

- زەینەب خان شێرە ژنێکی کوردە، تێکۆشەرێکی مەزن و گەورە بوو، هەرچی هەوڵ و تەقەلای هەبوو لە پێناو کوردایەتی دای، هەروەها بە ماددی و مەعنەوی خزمەتی خەباتی رزگاریخوازیی کوردی کردووە، ئێمە لە نێو ئەو بنەماڵەیەدا ئەگەر بە حەق بێ لە هەمووان زیاتر قەرزارباری زەینەب خانین، ئەوەی لە نزیکەوە ئەو شێرە ژنەی ناسیبێ، زانیویەتی چەندە دڵسۆزی خاك و نیشتمانی کوردستان بووە، لە سەردەمێکدا کەم کورد لە چالاکیی حزبی دەزانی، کەچی ئەو شێرە ژنە دەرگەی ماڵەکەی کراوە بوو بۆ کۆبوونەوەی کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان، هەروەها یارمەتیی ماددی گەلێ خەباتگێری کوردی داوە، پێوەندیی لەگەڵ گەلێ تێکۆشەر و خەباتگێر هەبووە، لەبەر ئەوە ئێمە قەرزارباری زەینەب خانین، ئەو شێرە ژنە لەگەڵ خەبات و تێکۆشانی هەروەها شاعیرێکی ئاستبەرز بووە، نابێ هۆشیاری ژنێکی ئەوها تێکۆشەر لە بیر بکەین، کە لەو سەردەمەدا زۆربەی ژنانی کورد چەوساوە بوون، کەچی ئەو بە خەبات و کۆڵنەدانی، خۆی چەسپاندووە،

زەینەب خان تێکۆشەرێکی گەورە بوو، خەباتی وی هیچ کەمتر نییە لە خەباتی جەمیلە بوحێردی[1] جەزائیری، کە لە پێناو رزگاری و ئازادی گەلی جەزائیر لە دژی ئیستعماری فەڕەنسی خەباتی نەپساوەی کرد و بەرگریی هەڵبژارد، زەینەب خانیش هەتا ئەو کاتەی لە ژیاندا بوو، خەباتی بۆ گەلەکەی کرد.

هەر لەوێدا کە ڕەمزی کوڕی زەینەب خان حازر بوو، مام جەلال ڕووی لەو کرد و داوای لێکرد:

- پێم باشە ئارامگەی زەینەب خان و دڵداری برای نەقلی کۆیە بکرێن، هەتا لەوێ ئارامگەیەکی لایق بە هەردووکیان دروست بکرێ، تاکو تێکۆشەر و خەباتگێڕان سەری لێ بدەن و مێژووی نەفەوتێ.

بەڵام ڕەمزی داوای لێبووردنی لێ کرد و گوتی:

- لەو قەبرستانەی زۆر گۆڕمان هەن، فازڵی برام لە تەنیشت دایکم نێژراوە، هەروەها کەسی دیکەشمان لێرەن، باشترە هەر لەو گۆڕە بمێننەوە. بەڵام بۆ دڵداری خاڵم دوایە دادەنیشین و بڕیاری لەسەر دەدەین.

مام جەلال گوتی:

- من زۆر ڕێز و تەقدیری بنەماڵەی ئێوە دەگرم، بەتایبەتی بنەماڵەی خادم سوجادە، کە دایکی بەڕێزتان لەو بنەماڵەیەیە، دایکتان جێگەی پڕ نابێتەوە، تێکۆشەر و خەباتگێڕێکی گەورە بوو، شاعیرێکی هەست ناسك و موڕەبییەکی گەورە بوو. خودای گەورە لێی خۆش بێ.

---

(١) جەمیلە بوحێرد: خەباتگێڕێکی ژنی جەزائیری بوو، ببووە ڕەمزی بەرگریی خەڵکی جەزائیری خاوەن ملیۆن شەهید دژی فەڕەنسای داگیرکەر و ئیستعمار، نەبەردییەکانی ئەو ژنە لە زاکیرەی گەلی جەزائیر و عەرەب لەبیر ناکرێن، نەزار قەبانی شاعیر قەسیدەیەکی بەناوی خۆی بۆ داناوە و وەردە جەزائیری گۆرانیبێژ کردوویەتە گۆرانی.

## له ماڵی زەینەب خاندا

ئێمە هەر لە قەدیمەوە پێوندیمان لەگەڵ بنەماڵـەی خـادم سـوجادە و ئـال سەید ئەحمەدی خۆش بوو، جیلی مـەلا ئەفەنـدی و محەمـەد مـوفتی لەگـەڵ جیلی سەردەمی خۆیان پێوەنـدییان پتـەو بـوو، هـەروەها ڕەشـاد مـوفتی و شەمسەدین موفتی لەگەڵ جیلی هاوتەمەنیان لە سەردەمی خۆیان پێوەندییان پتەو بوو ، شەمسەدین موفتی پێوەندیی زۆر بەهێز بوو لەگەڵ فازڵ و ڕەمزی هەردوو کوڕی سەعید ئاغا.

فازڵ و ڕەمزی هەتا لە ژیاندا مابوون، ماڵەکەیان جێگـەی کۆبوونـەوە و دیداری تێکۆشەر و شۆڕشگێڕانی کورد بوو، زەینەب خان نەك هەر ئاگەداری ئەو کۆبوونەوە و دیدارانە بوو، بگرە بەشێکی زۆری بۆ خۆی ڕێکی دەخستن و ئامـادەی دەکـردن، مـاڵی وان پێشـتریش جێگـەی چـەندان تێکۆشـەر و شۆڕشگێڕانی کورد بووە.

لە سەرەتاکانی ساڵی (١٩٦٢) چەند مانگێك بوو شۆڕشی کورد دەسـتی پێکردبوو، شەمسەدین موفتی مامم پێوەندیی بە شۆڕشەوە کردبوو، ئەو لـە هەولێر و بەرچاوی حکوومەت قاچاغ بوو، دەمێك بوو ڕووی لە چیا کردبوو، خەبەریشی بە دزی دەگەیشتە ئێمە، هەموومان بە پەرۆش بـووین بیبیـنین، ئەو بە دزی دەهاتە هەولێر و هەندێ کاروباری حزبی بەڕێ دەکرد.

جارێکیان ئەو کاتەی ئێمە منداڵ و هەراش بووین، پێیـان گـوتین، یـەڵڵا هەمووتان خڕببنەوە و بڕۆنە ماڵی زەینەب خان. ئێمە منـداڵان کـوڕ و کـچ، گەورە و بچووك هەموومان چووینە ماڵی زەینەب خان، نەمان پرسی مەسەلە چییە، نەشمان زانی لەبەرچی هەموومان بە یەکجاری چووینە ماڵی زەینـەب خان.

ئـەو کاتـەی ئێمـە لـەوێ بـووین، شەمسـەدینی مـامم خـۆی لـەوێ حەشاردابوو، لە ماڵی زەینەب خان، شەو بە دزی بە یارمەتیی زەینەب خـان و فازڵ و رەمزی کوڕی هاتبووە ماڵی سەعید ئاغا لە قەڵاتێ، حەزی کردبوو، هەموومان ببینێ، بە فیعلی ئەو لە پەنجەرەیەکەوە تەماشای ئێمەی دەکـرد، بەڵام ئێمە نەماندەزانی ئەو تەماشامان دەکا.

بەڵێ .. ئەوها بوو شۆڕشی کوردی.

بەڵێ .. ئەوها بوو پێوەندیی کۆمەڵایەتی و خێزانی لەنێو کوردان.

بەڵێ .. کەسایەتیی گەورە ئەوها بوو.

بەڵێ زەینەب خان و سەعید ئاغا وابوون.

بەڵێ ماڵی ئەوان مەرکەزی کوردایەتی و خەبات و تێکۆشان بوو لە قەڵای هەولێر.

خودای گەورە لێیان خۆش بێ.

## به کورتی له باره‌ی دیوانی مه‌لا ڕه‌ئوف خادم سوجاده

مه‌لا ڕه‌ئوف باوکی دڵدار عالمێکی گه‌وره‌ی سه‌رده‌می خۆی بوو، خوێندنی له ئه‌سته‌مبۆڵ ته‌واو کردبوو، به‌داخه‌وه له گۆڕه‌پانی ڕۆشنبیری و کولتووری کوردی تا ئێسته به‌رهه‌می نادیاره، مه‌لا ڕه‌ئوف پیاوێکی دینی و حقوقی بوو، چه‌ندان به‌رهه‌می هه‌یه، له‌وانه کتێبی دینی و دیوانی شیعر و مولاحه‌زات و حه‌واشی له‌سه‌ر کتێبی دیکه. جێگه‌ی خۆشحاڵییه له کتێبخانه‌که‌مان دیوانی شیعری مه‌لا ڕه‌ئوف له‌نێو ئه‌و ده‌ستنووسانه‌ی هه‌مانه، ماوه‌ته‌وه.

ئه‌گه‌ر چاوێك له ده‌ستنووسه‌کان بکه‌ین، کتێبی دیکه‌شمان هه‌ن، له‌وانه چه‌ند دیوانێکی شیعریی باپیرم محه‌مه‌د ئه‌فه‌ندی موفتی که به زمانه‌کانی فارسی و تورکی و عه‌ره‌بی و کوردی شیعری هۆنیوه‌ته‌وه. لێره‌دا به ده‌رفه‌تی ده‌زانم که کارێ بکرێ هه‌ر هیچ نه‌بێ، ناو و ناونیشانی ده‌ستنووسه‌کانی خانه‌قا و ته‌کییه و مه‌جلیسه‌کانی کوردستان تۆمار بکرێن، بۆ ئه‌وه‌ی کولتووری خۆمان زیاتر بناسین و له فه‌وتان قوتار بێ.

له ڕاستیدا ئه‌و ده‌ستنووسه له ده‌ستنووسه‌کانی بنه‌ماڵه‌که‌مان و باوکی ڕه‌حمه‌تیمه، ئه‌گه‌ر خودا عومر بدا، نیازی ئه‌وه‌م هه‌یه، هه‌ردوو دیوان هه‌م

ئەوەی باپیرم و هەم ئەوەی مەلا ڕەئوف خـادم سـوجادەی نەبـەوی شـەریف، تەحقیق بکەم و دواتر چاپیان بکەم.

ئەو کاتەی هەندێ لە ئەدەبدۆستان و لێکۆڵەران زانیان دەستنووسـی ئـەو شاعیرانە لە کتێبخانە و دەستنووسخانەی ئێمە دەست دەکەون، پێشـنیازیان کرد، ئەوان کاری لەسەر بکەن، بە ڕاستی وەکـو ئەمانـەتێك پـێم باشـە بـۆ یەکەم جار خۆم کاری لەسەر بکەم و بڵاوی بکەمەوە. چونکە دەبـێ ئـەرکی سەرشانم وەکو بنەماڵەی خۆمان بەرامبەر باپیرم و مەلا ڕەئوفی خادم سوجادە جێبەجێ بکەم.

دەبێ باسی ئەوەش بکەم مەلا ڕەئوف گـەلێ بەسـەرهات و هەڵوێسـت و گفتوگۆی لەگەڵ ئەندامانی بنـەماڵی ئێمـە هەیـە، لەوانـە مـەلا ئەفەنـدی لەلایەك و هەروەها باپیرم محەمەد موفتی ئەفەندی لەلایەکی دیکە، هەر وەکو گوتمان باپیرم و مەلا فەندی لەگەڵ مەلا ڕەئوف دەبنـەوە پـورزا و خـاڵۆزاری یەکتر.

## بنەماڵەی خادم سوجادە لە کتێبێکی
## مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس

زانـای گـەورە مامۆسـتا مـەلا عەبدولکـەریمی مـودەڕیس لـە کتـێبی بنەماڵەی زانیاران، کە مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی ئامـادەی کـردووە و سەرپەرشتیی چاپی کردووە، بەشـێکی گرنگـی بـە دوور و درێـژی لەسـەر بنەماڵەی خادم سوجادە کە پڕە لە زانیاریی گرنگ بڵاوی کردۆتـەوە لـە دوو توێی کتێبێکی (٦٣٢) لاپەڕەیدا لە چاپخانەی (شەفیق) لە بەغدا بە چـاپی گەیاندووە. هـەروەها دوو دیـدار و چـاوپێکەوتنی تایبـەتیم لەگـەڵ بـەڕێزان مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس کە زوو زوو دەچوومە خزمـەتی بـۆ پرسـیارکردنی هەنـدێ زانیـاریی گـرنگ لەسـەر مەسـەلەی تەصـەوف و تەریقەتی نەقشبەندی و هەتا زانیارییەکانی لەسەر حـاجی عومـەرە فەنـدی مامی باپیرم و بنەماڵەکەمان و هەندێ بابەتی ئەدەبی.

هەندێ جار دەبوایـە زیـاتر لـە خزمـەتی بمێنمـەوە، چـونکە مەجلیسـی جەنابیان کەم رێك دەکەوت چۆل بێت، خـەڵکێکی یـەکجار زۆر لـە هـەموو لایەکەوە لە کورد لە عەرەب لە تورکمـان لـە زانایـانی ئـایینی و شـێخانی هەردوو تەریقەتی قادری و نەقشـبەندی بـەردەوام هـەموو چـین و توێـژەکان

دەهاتنە خزمەتی بۆ ئەوەی بەرەکەتی جەنابی مامۆستایان بەر بکەوێت. جەنابی مامۆستا مەلا عەبدولکەریم کە دۆستایەتییەکی زۆری لەگەڵ قازی ڕەشادە فەندی باوکم هەبوو، زۆر جاریش لە خزمەت جەنابی باوکمدا کە سەفەری بەغدامان هەبووایە، بەبێ زیارەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی و جەنابی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس نەدەگەڕاینەوە، چەندان جار لە کۆنەوە بە دەیان جار نامە گۆڕینەوە هەبووە لە نێوانیاندا، جگە لە جەنابی مامۆستا مەلا عەبدولکەریم خۆشم نێوانم و پێوەندیم لەگەڵ بەڕێزان خوالێخۆشبووان کاك محەمەدی مەلا کەریم و کاك فاتیح مەلا کەریم زۆر خۆشبوو، هەموو جار لە خزمەت جەنابی مامۆستادا هەر پرسیارێکم دەکرد دواتر دەهاتم لە سجلێکدا وەڵامەکانی جەنابی مامۆستام نەقڵ دەکرد و دەمنوسییەوە و هەڵم دەگرتن، چونکە دەمزانی ڕۆژێك دادێت ئەم قسانەی جەنابی مامۆستا کەڵکی دەبێت و جێگەی خۆی دەگرێت و دەبێ ڕۆژێك لە دوو توێی کتێبێکدا چاپی بکەم بۆ ئەوەی خوێنەرانی کورد سوودی لێ ببینن و قیمەتی مێژویی خۆی دەبێت. مامۆستا عەللامە مەلا عەبدولکەریم کەسێك نەبوو پرسیاری هاکەزایی لێ بکەم، هەموو جار بەر لەوەی بچمە خزمەتی پرسیارەکانم ئامادە دەکرد بۆ ئەمجارەیان بیرم کردەوە، کە مسەجەلێکی لەگەڵ چەند کاسێتێك لەگەڵ خۆم ببەم و پرسیارەکانیش بنووسمەوە بۆ ئەوەی هەندێ شت هەیە لەبەر شەرم و شکۆی ئەو لەبیری نەکەم ئەوە بوو لە مێژووی (٤/١١/١٩٩٦) لە ژووری تایبەتی خۆی لە بارەگەی حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی، چوومە خزمەتی و داواکاریەکەم تەقدیم کرد و بە زەردەخەنەیەکەوە، ڕەزامەندی خۆی نیشان دام کە باشە. منیش زۆرترین پرسیارم ئامادە کردبوو لێرەدا ئەوەی پێوەستە بەم بابەتەمان واتە بنەماڵەی خادم سوجادە، لێرەدا بە کورتی باسی دەکەین و لە داهاتووش خوا یار بێ تەواوی چاوپێکەوتنەکەم لەگەڵ

جەنابی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس لە دوو تـوێی نامیلکەیـەك بڵاودەکەمەوە.

مامۆستا مەلا عەبدولکەریم مودەریس لە کتێبی بنەماڵەی زانیاران لـە لاپەڕە (٦٠٣) تا لاپەڕە (٦١١) باسی بنەماڵەی خـادم سـوجادەی کـردووە، سەرەتا باسێکی مێـژوویی ئـەم بنەماڵەیـەی کـردووە و لـە پـیر میکـایلی باپیریان و بەر لەویش باسی توانا و زانایی و خوێنـدەواری و ئاسـتی بـەرزی زانستییان کردووە، کە ئەو بنەماڵەیە زانای هەرە گەورەو بە توانـای خـاوەن کتێب و داندراوی زانستی ئایینی و ئەدەبی بوونە. ئێمـە لێـرەدا بـە دوور و درێژی بابەتەکان باس ناکەین و کورتەیـەکی زۆر کـەم و زۆر بـە کـورتی لـە سەرچاوە و کتێبەکەی زانای گەورە مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مـودەڕیس وەردەگرین ئەوانەی دیکە بۆ لێکۆڵەران جێدێڵین، کە بێن کار لەسـەر گـەورە زانایەکان و عەللامە و ئەدیبە گەورەکانی بنەماڵەی خادم سوجادە بکەن.

بنەماڵەی خادم سوجادە لە بنەماڵە هەرە گـەورەکانی کوردسـتان بـوون، لە ڕووی ئەدەبی و ئایینی و نەتـەوەیی پێشـکەوتوو بـوون، تـا ئێسـتە ئـەم بنەماڵەیە لەلایەن توێژەران و ڕۆشـنبیرانی کـورد فـەرامۆش کـراون، یـاخود تەنیا یونس ڕەئوف دڵدار لەو خانەوادەیە دەناسن، ئـەویش وەکـو خـۆی نـا، تەنیا وەکو شاعیرێك و لەوێش تەنیا بە شـیعری (ئـەی ڕەقیـب)، کـەس بـە دوای ژیانی دڵداردا نەڕۆیشتووە، کە منداڵێك لە چـواری ئامـادەیی خـاوەن بیرۆکەی دارکەر بێ و حزبی هیوا دابمەزرێنێ و لە منداڵیـدا سـەردانی وەکـو مامۆستا رەفیق حیلمی و فایەق بێکـەس و چـەندانی دیکـە بکـا و ئـەوانی خسـتبێتە نـاو ئـەو بازنەیـە و دواتـر لـە منـداڵی موزەککـەراتی خـۆی بنووسێتەوە و لە سەردەمێك کە خوێندەواری زۆر کەم بووە، لە بەغدا حقـوق تەواو بکات و لەو کاتەی کە قوتابی بووە کۆمەك کۆ بکاتـەوە و لـە سـاڵی (١٩٤٣) یارمەتیی شۆڕشی بارزان بکات. جگە لە شیعر لەسـەر نەزەریـە و

تیـۆری خێـزان و مـرۆڤ و کۆمەڵایـەتی بنووسـێت و خـاوەنی گـەورەترین کتێبخانە بێت لەماڵەوە و چەندان زمـانی زینـدوو بزانێـت، بیـەوێ لەگـەڵ دەستگیرانەی بڕواتە فەڕەنسـا بـۆ خوێنـدنی ماسـتەر لـە حقـوق و مـەرگ مەودای نەدات. دڵدار زۆر هەڵدەگرێت و نامانەوێ زیاتر لەسەر دڵدار بـڕۆین و لە بابەتەکەمان دوور بکەوینەوە.

مامۆستا مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس باس لە مەلا سەعد دەکـات کـە مەلا سەعد کوڕی مـەلا خـدرە. مـەلا سـەعد بـاپیری مـەلا ڕەئـوفی خـادم سوجادەیە، مـەلا ڕەئـوف بـاوکی زەینـەب خـانمی شـاعیرە، لـەو کتێبـەدا بنەماڵەی زانیاران مامۆسـتا مـەلا عەبدولکـەریم دەڵێـت فـەخرە بـۆ ئـەو بنەماڵەیە کە مەولانا خالیدی نەقشبەندی و مەلا سەعدی لـەو بنەماڵەیـەن و لەو ڕەشتەیەن واتە گەواهی خزمایـەتیی مـەولانا خالیـدی نەقشـبەندی و مەلا سەعد باپیرە گەورەی زەینەب خان دەدات کە بە چەند پشـتێکی نزیـك هەردووکیان دەبنەوە بە نەوەی پیر میکایل.

لە باسی مەلا سەعد دا گوتویە عەللامەیـەکی برنجـی سـەردەمی خـۆی بووە، ئەوەندەی کتاب و داندراوی نووسیوە و دایـناوە، ئەگـەر مـەلا سـەعد بەپێ بوەستابوایە، ئەوا داندراوەکانی یەك بـە بـەژنی خـۆی بـووە، ئەوەنـدە زانایەکی گەورە بووە.

لە سەردەمی خۆیدا بێ هاوتا بووە، دیارە لە دوای وەفاتی مـەلا سـەعد، عوسمانییەکان سەرجەم دەستنووس و داندراوەکانیان بۆ ئەستەمبوڵ بـردوون. باسی لە کتێبێکی زۆر گرنگـی کـردووە کـە نـاوی (**الـدرر اللامعـة في بيـان اشكال بعض الايات الساطعة**) بووە. لە ساڵی (١٢٥٤)ی کۆچیدا عەللامـە ئەبو سەنای ئالوسی موفتی بەغدا لەسەری نووسیوە. مەلا سەعد لـە سـاڵی (١٧٣٣) زایینی لە کۆیە لە دایك بـووە و لـە سـاڵی (١٨٤٤) زایـینی لـە کۆیە وەفاتی کردووە. هەروەها چەندان زانـای گـەورە لەسـەر دەسـتی مـەلا

سەعد خوێندوویانە، بەداخەوە کەس باس لە مێـژووی ئـەو زانـا و عـەللامـە گەورەیەی کۆیە ناکات، کە کەس لە سەردەمی خۆی شانی لە شانی نـەداوە، مەلا عـەبدولکەریمی مودەڕیس و گەورە زانا لەو دوورەوە باسی ئـەو زانایـەی کردووە و کەچی هیچ کـەس لـە سـنوورەکەی خـۆی باسـی عـەللامـە مـەلا سەعدیان نەکردووە، کە خزمی مەولانا خالیدی نەقشبەندی و خزمی نزیکـی نالی شاعیرە و هەروەها مەلا سەعد خەزوری حـاجی نـالی شـاعیرە و نـالی دەرسی لەلای مەلا سەعد خوێندووە و بەر لەوەی نالی سەفەر بکـات. مـەلا سەعدی زەینەب خانی کچی خۆی داوەتێ و ئینجا سەفەری حیجازی کـرووە. کەچی لە سەرچـاوەکان هـەر باسـیش نـەکراوە. دڵـداری شـاعیریش زۆر بـە ڕووکەشانە بەسەر بنەماڵەکەیدا دەچێت و ئەوەی لای دڵدار گرنگـە قەزیـەی نەتەوەکەی بووە، نـەك بـاوك بـاپیر و خانەوادەکـەی هـەر لـە منداڵییـەوە، کوردایەتی لە خوێنیدا قوڵپەی کردووە، گرنگترین ئامـانجی تێکۆشـان بـووە بۆ کێشەی نەتەوەکەی.

لە دیدارێکی تایبەتیم کە لە پێشـوو باسـمـان کـرد لـە خزمـەت جـەنابی مامۆستا مەلا عەبدوکەریم مودەڕیس کە لە کاسێت تۆمارم کردووە و چـەند وەڵامێکی ئەم چاوپێکەوتنە لێرەدا بڵاو دەکەینەوە کـە بـاس لـە بنەماڵـەی خادم سوجادە دەکات.

جەنابیان فەرموویان (هەندێ زانیاریمان زوو دەستکەوت هـەر لـە کەسـە بەڕێزەکانی ئەم بنەماڵەیە لە کەرکووك، کە خۆم دۆسـتایەتیم و ئاشـنایەتیم لەگەڵیاندا هەبوو و هەندێ زانیاریی ترم لە بەغدا دەستکەوت، زووتریش لـە بیارەوە ئەم بنەماڵە هەڵکەوتەی عیلم و ئـەدەبم دەناسـین. دوای چـاپکردنی کتـێبی بنەماڵـەی زانیـاران، هەنـدێ سەرچـاوە و دەستنووسـم لـە بەغـدا دەستکەوت لەسەر ئەم بنەماڵەیـە و مەخسـووس عەللامـە مـەلا سـەعد و مەحمووده فەندی کوڕی و مەلا ڕەئوفی کوڕی مەلا مەحمووده فەندی. ئێسـتا

حەوت کتێب و پێنج مەختووتی مەلا سەعد خادم سوجادەم لایە، کتێبەکان بە تەبعی حەجەری تەبع کراون، وەك دیقەتم داوەتێ هەندێکیان پێ دەچێ لە هیند تەبع کرابن، زانیاریی زۆر ورد و دەقیق لە دەستنووسێکیاندا هەیە لەسەر مەلا سەعد و ئەعمالی کامیلەی ئەم زاتە گەورەیە، زۆر لە گەورە عولەمای ئیسلام پێی سەرسام بوون لەوانە (ئەبو سەنای ئالووسی) کە عەللامەیەکی گەورەی ئیسلامە، لەسەر یەکێك لە کتێبەکانی عەللامە مەلا سەعد خادم سوجادەی کۆیە بە ناوی (**الدرر الامعة في بيان اشكال بعض الايات الساطعة**) نووسیوە و زۆر بە گرنگی باس لەو داندراوەی مەلا سەعد کۆیی کردووە.

عەللامە مەلا سەعد خادم سوجادەی کۆیی کتێبێکی دیکەی زۆر گرنگی داناوە بەناوی گرفتەکانی قورئان(مشكلات القران)، کە زانای گەورەی بەغدایی عەللامە مەحموود تەبەقچی لەسەری نووسیوە و مەدحی کردووە و سەرسامی خۆی بۆ قودرەتی عیلمی مەلا سەعد دەربڕیوە. ئەسەف سەد ئەسەف ئەم عەللامەیە ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە، شاعیرێکی گەورەی عەسری خۆی بووە و بە زمانی فارسی و تورکی و عەرەبی و کوردی شیعری نووسیوە، کتێبێکی لەسەر عیلمی مەنتیق نووسیوە چوار جلدە و حاشیەی بۆ (تهافت الفلاسفه)ی ئیمامی غەزالی نووسیوە و شەرحی فصوصی حیکەم (فصوص الحكم)ی ئیبن عەرەبی کردووە. هەردوو پایەدار مەولانا خالیدی نەقشبەندی و مەلا خدری نالی شاعیر لەلای ئەم بەڕێزەیان خوێندووە و جگە لەوەش هەردووکیان خزمی مەلا سەعد بوون و لە یەك ڕشتەن، بەڵام جگە لەوەی لە یەك تیرەن و لە نەوەی پیر میکایلن.

مەلا خدری نالی لەگەڵ مەلا سەعد خادم سوجادە باپیرەیان برایە، ئاسەف برا گەورەی شاوەیسە، ئاسەف باپیری مەلا سەعدە و شاوەیسیش باپیری نالی یە. لەم لا مەلا سەعد خادم سوجادە و لەو لا مەلا خدری

نالی، بە چوار پشت دەگەنەوە بە یەك. کاتێ مەلا خدری نالی کوردستانی جێهێشتووە، مەلا سەعدی خادم سوجادەی کۆیی، دوو ژنی دەبێت لە ژنی گەورەی یەك کچی دەبێت بەناوی زەینەب خانم، ئەو کچەی خۆی دەداتە مەلا خدری نالی و لە ژنە بچووکەکەشی مەلا محەمەد و مەلا مەحموودی بووە و لە مەلا محەمەدیشەوە حاجی ئامینی بووە و لە مەلا مەحموودیشەوە مەلا ڕەئوف و مەلا جەمیلی بووە.

خێزانی دووەمی مەلا سەعد خزمایەتیی لەگەڵ ئۆمەر گومبەتیەکان هەبووە و دەڵێن ژنێکی قورئان خوێن و خوێندەوار بووە و پوری حاجی قادری کۆییش بووە.

## بنەماڵەی خادم سوجاد
## لە سەرچاوەیەکی شێخ محەمەدی خاڵ

نووسەر و زانای گەورە شێخ محەمەدی خاڵ کوڕی شێخ عەلی کوڕی شێخ ئەمینی خاڵ ئەوەی من زانیوومە لە چلەکانی سەدەی ڕابردووەوە پێوەندیی خۆشی لەگەڵ بنەماڵەی ئێمەدا هەبووە و بەتایبەتی نێوانیان لەگەڵ ڕەحمەتی باوکم زۆر خۆش بووە و کە هەردووکیان قازی شەرعی بوونە، هەر بە هۆی ئەم پێوەندییەش من چەندان جار لە خزمەت ڕەحمەتی باوکم دەڕۆیشتمە خزمەتی و جەنابیشیان زۆر جار لە هەولێر سەردانی تایبەتی باوکمی دەکرد.

مامۆستای گەورە شێخ محەمەدی خاڵ خاوەنی دەیان کتێبی گرنگ و فەرهەنگ و تەفسیری قورئان و ژیانی زانایان و مێژوو هتد.. یە. جگە لەوەی قازی بوو هەروەها ساڵی (١٩٥٣) ئەندامی کارای کۆڕی زانیاریی (عێراق) بووە. بەڕێزیان لە ساڵی (١٩٠٤) لە شاری سلێمانی لە دایك بووە. هەر جارێ کە تەشریفی دەهێنایە ماڵمان لە هەولێر، باوکم دەرگەی خۆشی لێ دەکرایەوە، ئیدی لە مەجلیسی خۆیدا جگە لە جەنابی شێخی خاڵ ئاگای لە کەس نەدەما لە مەجلیسەکەی، شێخی خاڵیش بە هەمان شێوە باوکمی

خۆش دەویست و بە قسە و ڕا و بۆچوونی زۆر بە ئەزھەرەوە کاریگەر بـوو و بە جەمالەدینی ئەفغانی و شێخ محەمەد عەبدە سەرسام بوو.

لە (١٩٨٦/٥/٩) پرۆژەیەکی تەواو نەکراوم هـەبوو لەسـەر نووسـینەوەی مێـژووی بنەماڵەکـەمان و تەریقـەتی نەقشـبەندی و هەنـدێ لـە زانایـانی تەریقەتی نەقشبەندی، بۆ ئەم مەبەسـتە چـەندان دیـدارم لـەو بارەیـەوە لـە خزمەت باوکم ئەنجام دا ، هەندێ پرسیاری ورد هەبوون و باوکم پێی باش بوو ئەم پرسیارانە لە خزمەت شێخی خاڵ بکـەم. هەرچـەندە جـەنابیان کـەمێك ماندو بوون، بەڵام من ئەم فرسەتەم لە دەست خۆم نەدا و لە دوای نان خواردن کە سەعاتێك لـە ژووری بـاوکم پشـووی دا و نووسـت و دواتـر مـن لەگـەڵ جەنابیان کەوتمە گفتوگۆ و بۆ مێژوو لای خـۆمم تۆمـارکرد. لێـرەدا ئـەوەی پێوەندیی بەم باسـەمانەوە هەیـە بڵـاوی دەکەینـەوە و ئەوانـەی تـریش لـە سجلێکی تر نووسیومانەتەوە و لە ڕۆژی خۆی بە چـاپی دەگەیـەنین. شـێخی خاڵ باسی مەلا فەندی مامی باوکمی کرد و لەوێوە هاتە سەر مـەلا ڕەئـوفی خادم سوجادە و منیش زیاتر حەزم دەکـر لەسـەر ئـەم بنەماڵەیـە ڕابـردووی دووریان بزانم و بە جەنابی شێخی خاڵم گوت: توخوا قوربان چی لەسـەر ئـەم بنەماڵەیە دەزانیت بۆمان بگێڕەوە.

ئەویش گوتی: هەر لە کۆنی کۆنەوە نێوان بنەماڵـەی ئێمـە و بنەماڵـەی خادم سوجادە خۆش بـووە، و خزمایەتیشـمان لەگـەڵ ئـەم بنەماڵەیـەدا لـە کۆنەوە هەیە، من بۆ خۆم بە خزمەت مەلا ڕەئوفی خادم سـوجادە دەگەیشـتم بە خاڵە ڕەئوف بانگم دەکـرد، ئـەو خزمایەتیـەشمان دەگەڕێتـەوە بـۆ بـاپیرە گەورەی مەلا ڕەئوف خادم سوجادە، کە ناوی (پیر میکایل) بووە، ئـەم (پـیر میکایلە) کچێکی خۆی بەناوی خاتوون (جیهان) داوەتە باپیرە گەورەی ئێمە کە زانای گەورە (مەلا ئەبوبەکری موسەننیف) بووە.

دەمەوێ سەرەتا هەندێ باسی عەللامەی گەورە مەلا سەعدت بۆ بکەم کە باپیرەی ڕەئوف خادم سوجادەیە. مەلا سەعد زانایەکی بەناوبانگ و عالیمێکی هەرە بەرز و شارەزا بووە لە بوارەکانی تێگەیاندن و پەروەردەکردن و دەرس گوتنەوەی زانستە ئیسلامییەکان، زۆر عالم و فەقیهی پایەربەرزی پێگەیاندووە، زانایانی خاوەن فەزڵ لە سنە و شنۆ و مەریوان و سلێمانی و هەولێر و هەتا لە موسڵ و بەغداش لەلای ئەو عەللامەیە گەورەیەوە لە هەموو بوارەکانیان خوێندووە، وەکو تەفسیر و ئەدەب و مێژوو و نەحو و صەرف و بەلاغە و کەلام و مەنتیق و حیکمەت و کیمیا و ریازیات و فەلەکناسی و زانستەکانی تەصەووف، نزیکەی سەدویازدە ساڵ ژیا، ئەو تەمەنەی هەمووی بە عیلم و زوهد خەریك بووە، عیلمی ئەو و ناوی ئەو لەو سەردەمە لە هەموو لایەك زانایەکان ڕوویان لە کۆیە بوو و ناوی کۆیەی گەیاندە عالەمی عەرەبی و حیجاز و میسر و هیند و ئێران و تورکیا و شام حەزرەتی مەلاونا خالیدی نەقشبەندی یەکێك بوو لە قوتابی شاگردەکانی ئەو بەڕێزە جگە لەوەی خزمایەتییەکی نزیکیشیان هەبوو بە چەند پشتێك دەگەیشتنەوە یەك و لە یەك تیرە بوون.

مەلا خدری نالی شاعیر و خواناس ئەویشیان فەقێی مەلا سەعد بوو، جگە لەوەش بەر لەوەی بۆ حیجاز بڕوات مەلا سەعد خادم سوجادە لەبەر دوو هۆ خاتوو زەینەب خانی کچی دایە و یەکیان نالی زۆر موتیعی مەلا سەعد بووە و ئەوی دیکەیشیان خزمێکی زۆر نزیکی بووە.

مەلا مەحموود کوڕی مەلا سەعد زانایەکی زۆر بە توانا و کاریگەر بووەو لە سەردەمی عوسمانییەکان موفتیی کۆیە بووە، پیاوێکی زاهید و شارەزا بووە، من بۆ خۆم سێ داندراوی ئەوم هەبوو لە مختوتاتی بەغدام بە ئیستیعارە وەرگرتبوو. شیعری جوانیشی هەبوو هەندێکم بیستبوو. لە مەختوتاتێکیدا هەندێ بەسەرهاتی لەسەر مێژووی کورد نووسیبوو. چەند لاپەڕەیەکیشی

لەسەر مێژووی کۆیە نووسیبوو لە سەردەمی زەردەشتییەتدا، کۆیەی بە هاوتای شارە هەرە کۆنەکانی دونیا باس کردبوو.

کوڕی مەلا مەحموودیش کە بۆ خۆی لە کۆیە و دواتر لە لای مەرحوم مەلا فەندی بە خزمەتی دەگەیشتم مەلا ڕەئوف خادم سوجادە، پیاوێکی عاقڵ و زانا و ناتق و قسە ڕەوان بوو، زۆرجار لەگەڵ جەنابی مەلای گەورە بەیەکەوە دەڕۆیشتنە لای مەلا فەندی و یان دەڕۆیشتنە سلێمانی یان بەغدا یان موسڵ.

شاعیرێکی باڵادەست بوو خوێندەوارێکی هۆشیار و شارەزا بوو، کەسێکی زمانزان بوو، بە تایبەتی زمانی فەڕەنسی لە ئەستەمبۆڵ فێرببوو، حقوقیشی هەر لەوێ تەواو کردبوو، کاتێ تەفسیری خاڵم چاپ کرد دانەیەکم بۆ مەلا فەندی و دانەکیشم بۆ مەلا ڕەئوف خادم سوجادە نارد، کاتێ هاتە سلێمانی پێی گوتم: کاکە شێخ محەمەد چەندەم کەیف بەو کارەت هاتووە کە قورئانت تەفسیر کردووە، سەد هێندەم کەیف بە زمانە کوردییەکە هاتووە، گوتی ڕۆڵە هەرچی بۆ کورد و بۆ زوبانی کوردی بکەی بە زایە ناچێ. گوتی زۆرمان کار بۆ نەحو و صەرف کردووە ئیدی نۆرەی زمانی کوردییە. خوا ئاگەدارە ئەم قسەیەی بەڕێزیان زۆر تەشویقی کردم. ئیدی هەتا منداڵەکانی مابوو سەعدی و ئاسەف و یونس دڵدار هاموشۆی یەکترمان دەکرد، خاتوو زەینەب خان کچە گەورەی مەلا ڕەئوف میهرەبان و خوێندەوار و شاعیر و بە جەرگ بوو، هەموو زیکر و فکری لەسەر کوردایەتی و نیشتیمانپەروەری و کۆیەپەروەری بوو، بەردەوام قسە و باسی لەسەر سەربەخۆیی کوردستان بوو، لە ڕۆژگارێک بە خەیاڵیش زەحمەت بوو، ئەو ئاواتەی کورد بێتە دی. ئەو بەردەوام ئەو فکرەیەی لەسەر بوو. جێگەیان بەهەشت بێ و خودا لییان خۆش بێ.

## کۆتایی

جێگەی باسکردنە ئەوەی لەسەر ئەو بنەماڵەیە نووسراوە لەم نامیلکەیەدا تەنیا ئەوانەن کە لە زاکیرەی مندا ماونەتەوە، یاخود لە بەڵگە و ئەرشیف دەرم هێناون وە هەندێ دیداری تایبەتی و چاوپێکەوتنی تۆمارکراوی سەر کاسێت و نووسراوی سەر کاغەز لەگەڵ کەسانی متمانەپێکراو و شایەدحاڵ کردوومن بە سەرچاوە، هەروەها دەستنووس و کاغەز و موفەککەرەی ڕەحمەتی ڕەشاد موفتیی باوکم.

ئەگەر تەحقیق و گفتوگۆ و دیدار لەبارەی زەینەب خان بە شێوەیەکی جدی و بەرنامە بکرێ، ڕەنگە تا ئێستە هەندێ کەس لە ژیاندا مابن، بتوانن حەقیقەتی نوێ لەو بارەوە ئاشکرا بکەن. پێم وایە ئەو کارەش دەبێ لە زانکۆ و ناوەندە ڕۆشنبیری و ئەکادیمییەکان ئەنجام بدرێ.

من یەکێ لەو کەسانەم زۆر بە کەسایەتیی زەینەب خان سەرسام بووم، ئەوەی لێرەدا ختسوومەتە ڕوو، تێیدا دەروونی خۆم ئاسوودە کردووە، وەك ئەوانەم نەکرد کە لە بەرامبەر ئەو شاعیر و تێکۆشەرە مەزنەی هەولێر بێدەنگی هەڵبژێرن، یا بکەونە هەڵوێستێکی دیکەوە.

لە کۆتاییدا لە مەدح و سەنای ئەو ژنە، هیچی دیکەم نییە، تەنیا ئەوە نەبێ وەك چۆن موتەنەبیی شاعیر، پەسن و مەدحی دایکی سەیفودەولەی حەمدانیی کردووە، لێرە بۆ گیانی پاکی زەینەب خان دەیخەمەڕوو:

**یا أخت خیر أخ یا بنت خیر أب**
**کنایة بهما عن أشرف النسب**
**خلیت طالعة الشمسین غائبة**
**ولیت غائبة الشمسین لم تغب**

# سەرچاوەکان

**یەکەم: دەستنووس**

١- دیوانی محەمەد موفتی (باپیرم)

٢- موفەککەرەی تایبەتیی قازی ڕەشاد ئەفەندی موفتی. (ڕەشاد موفتی)ی باوکم بە هۆی مەجلیس و ڕووداوی لا بە لا و گێرانەوەکانی و موفەککەرەی تایبەتیی خۆی، باوکم نزیکترین هاوڕێ و مامۆستای ژیانم بوو.

٣- بیرەوەرییەکانی عوسمان ڕەشاد موفتی

٤- دیوانی مەلا ڕەئوف خادم سوجادە

**دووەم: کتێب**


٥- عەبدولخالق عەلائەدین: دڵدار بیرمەند و شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، چاپی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٩.

٦- عثمان المفتي: زينب خان الاديبة الكبيرة التي لم ينصفها التاريخ، اربيل، ٢٠١٨.

٧-د. شوکریە(شەکراو) ڕەسووڵ: زەینەب خان(کچە کورد) خانمە شاعیری پێشەنگ لە خەبات و کۆڵنەدان، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٨.

٨- د. محەمەد نوری عارف: زەینەب خان(کچە کورد)، هەولێر، ٢٠١٨.

٩- زەینەب خان: دیوانی زەینەب خان(کچە کورد) ١٩٠٠-١٩٦٣، ئامادەکردنی: حیکمەت حەمید مە ڕەئوف خادم سوجادە. پێشەکی و پێداچوونەوە: عەبدوڵڵا زەنگەنە، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٨.

١٠- ئینسكلۆپیدیای هەولێر، بەرگی دەیەم، كەسایەتیی ناودارەكان، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی بەدرخان، چاپخانەی گرین گالوری، لوبنان، ٢٠٠٩.
١١- تارق جامباز: ئاماری دانیشتوانی هەولێر لە سەرەتای سەدەی بیستەم.
١٢- مەهاباد قەرەداغی: ئافرەتیزم، توێژینەوەی مێژوویی، مێژووی تێكۆشان بۆ مافی یەكسان لە باشووری كوردستان، ١٩١٨-٢٠١٨، هەولێر، چاپخانەی شەهاب، ٢٠١٨.
١٣- عەبدولكەریم مودەڕیس: بنەماڵەی زانیاران، بەغدا،
١٤- ڕەشاد موفتی: مەولودنامەی كوردی.
١٥- دیوان المتنبی.

**سێیەم: دیدار و چاوپێكەوتن و بیرەوەریی**

١٦- (شەمسەدین موفتی)ی مامم بەشێكی گێڕانەوەی ڕووداوەكان.
١٧- لە خزمەت ڕەحمەتی دایكم (مونیرە مەلا ڕەئوف مەلا خدر) دەستە خوشكی نزیكی زەینەب خان و دراوسێ بووین لە قەڵاتێ، بە دەیان جار لەگەڵ دایكم سەردانی ماڵی زەینەب خانمان كردووە.
١٨- چاوپێكەوتنم لەگەڵ (فەریدە)ی ئامۆزام، كچی مامم(سەعید ئەفەندی)ی موفتی.
١٩- چاوپێكەوتنم لەگەڵ (وەجیهە خانی كچی عەبدولجەبارئاغای دۆغرەمەچی). عەبدولجەبار ئاغا -كانی-ی شاعیری ناسراوی كورد.
٢٠- چاوپێكەوتنم لەگەڵ (یونس حەداد) پارێزەری ناسراوی شاری هەولێر.

٢١- چاوپێکەوتنم لەگەڵ (بورهان جاهید) شاعیری ناسراو، لە ڕێکەوتی ١٩٨٣/٦/٢٠. لەسەر کاسێت تۆمارم کردووە.

٢٢- گێڕانەوەی کۆمەڵێك بابەت لە زاری بەڕێز (عەبدوڕەحمان گۆمەشینی،) هاوڕێی نزیکی مامم شەمسەدین موفتی. کە ژووری تایبەتیی لە مزگەوتی قەڵاتێ هەبوو، هەورەها هاوڕێی نزیکی فازڵ و ڕەمزی بوو. جێگەی باسە لە دڵدارو بورهان جاهید زۆر نزیك بوو، زۆر بابەتی گرنگم لە دەفتەرەکان لە زاری ئەوەوە نووسیووەتەوە.

٢٣- گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ئەو سەردەم لەلایەن(حەسەن حەمەدەمین خۆشناو)، هاوڕێی نزیکی مامم شەمسەدین موفتی. لە مزگەوتی گەورەی قەڵاتێ ژووری تایبەتی هەبوو، ئەویش هاوڕێی نزیکی دڵدار و بورهان جاهید و فازڵ و ڕەمزی بوو.

٢٤- گێڕانەوەی چەندان ڕووداو لەیەن (سەید تەها ڕەشوانی) کە لە مزگەوتی گەورەی قەڵاتێ ئەویش ژوورێکی تایبەتیی هەبوو، هاوڕێ و هاوخەباتی مامم شەمسەدین موفتی. ئەویش هاوڕێی نزیکی دڵدار و بورهان جاهید و فازڵ و ڕەمزی بوو.

٢٥- کتێبخانە و ئەرشیفی بنەماڵەکەمان. کە چەندان دەستنووس و کاسێتی تۆمارکراو و کتێبی چاپنەکراوی لەخۆگرتووە.

# وێنەکان



**زەینەب خان و دلّدار و سەعید ئاغا**



رەشاد موفتی



**محەمەد موفتی (١٨٦٩-١٩٤٥)**



رەشاد موفتی و عوسمان موفتی



**رەشاد موفتی و عزەددین مەلا فەندی**



**عوسمان موفتی و نەجمەددین موفتی**



**مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس**



مەلا فەندی هەولێری



**یونس دڵدار (١٩١٨-١٩٤٨)**



شێخ محەمەدی خاڵ و ڕەشاد موفتی



حەبیب فەیلی، هەژار، عەبدولکەریم قاسم، مام جەلال، فازڵ، زەبیحی



**شێخ لەتیف حەفید، ئیبراهیم ئەحمەد، فازڵ سەعید ئاغا، تۆفیق وەهبی**



**شەمسەدین موفتی**




**بورهان جاهید**